یوستاین گۆردەر



# جیهانی ئانا

جووتیار قارەمان
لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی

Scanned by CamScanner



Scanned by CamScanner

ADIBAN

## ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان

بەڕێوەبەری گشتی: ئارامی مەلا محەمەد

**ناونیشانی:** سلێمانی/ شەقامی ئیبراهیم پاشا / فولکەی گۆزەکان / نزیک ناوەندی پۆتەهەڵاتی کوڕان

**پەیوەندی:** 07701974656 - 07501590032 - 07731974646 - 07501696369

**Email:** bookadiban@gmail.com
**Facebook:** https://www.facebook.com/eadiban/

## ناسنامەی کتێب

ناونیشان: جیهانی ئانا.

نووسەر: یوستاین گۆردەر.

وەرگێڕانی: جووتیار قارەمان.

هەڵەچنین: موحەممەد قارەمان.

پەخشانگە: ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان.

ساڵی چاپ: 2019 میلادی.

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم.

لە بەڕیوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی (1843) ساڵی (2017) پێی دراوە، ئەم کتێبە لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبانە،
مافی لەچاپدان و کۆپیکردنی پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان.

Scanned by CamScanner



# جیهانی ئانا

Scanned by CamScanner







ئەم کتێبە لەم سەرچاوە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی وەرگێڕدراوە:

The World According to Anna
Jostein Gaarder
Translated by: Don Bartlett
First published in Great Britain in 2015 by Weidenfeld & Nicolson

وەرگێڕانە کوردییەکە بەم وەرگێڕانە عەرەبییە[1] بەراورد کراوەتەوە:

عالم أنا

جوستاين غاردر

النص العربي: مدني قصري

دار المنى

Arabic Edition Bokorlaget Dar-al-Muna AB,Sweden 2015

1- وەرگێڕانە عەرەبییەکە گەلێک ڕستەی تێدا بوو کە لە وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەدا نەبوون. وەرگێڕی کوردی هەر پشتی بە ئینگلیزییەکە بەستووە و ئەو ڕستانەی بە زیادە زانیوە و بۆ وەرگێڕانە کوردییەکەی زیاد نەکردووە. (و. ک.)

Scanned by CamScanner

# ئاژۆتنی تاخورک



***ئانا*** هەرگیز لەبیری ناچێتەوە کە بنەماڵەکانی گوندەکەی شەوی سەری ساڵی تازە بە سواری تاخورکەکانیان[١] چووبوونە لەوەرگەی سەر چیاکە. ئەسپەکان جوانکرابوون و بەرگیان بە بەردا کرابوو و، تاخورکەکان بە زەنگ و چرا ڕازێنرابوونەوە تا دڕ بە تاریکاییەکە بدەن. جاروباریش ڕێوانێکیان[٢] لەپێش خۆیانەوە دەنارده تا نەوەک ئەسپەکان دەنێو بەفردا گیر نەبن. بەڵام هەموو شەوانێکی سەری ساڵی تازەیش بەبێ گرفت بە چیاکەدا هەڵدەگەڕان، نەک بە خزۆکە[٣] یان **سکوتەر**، بەڵکو بەو تاخورکانەی ئەسپ ڕایدەکێشان. کریستمس ئەزموونێکی جادوویین بوو، وەلێ ئاژۆتنی ئەم تاخورکانە بەنێو مێرگی چیاکاندا بۆ خۆی داستانێکی زستانەی ڕاستەقینە بوو.

---

[١] تاخورک: ئەو گالیسکەیەی چەرخی نییە و بەسەر بەفردا ڕادەکێشرێت.

[٢] ڕێوان: شارەزای ڕێگە

[٣] خزۆکە: ئەو کانزایەی خلیسکێنەی سەر بەفری پێ دەکرێت.

Scanned by CamScanner

شەوی سەری ساڵی تازە کاتێکی تایبەت بوو. ڕێسا ئاساییەکانی بەسەردا جێبەجێ نەدەبوو و، هەمووان بە ئازادانە تێکەڵ دەبوون. لەو شـــەوەدا ســـاڵێکیان بەجـێ دەهێشــت و دەچــوونە یەکێکـی دیکەوە. هەنگاویان بەسەر سنوورێکی نەبینراودا دەنا کە دەنێوان تا ئێستا چی بووە و ئەی لەمەو دوا چی دەبێتدا بوو. *ساڵی تازە پیرۆز بێت! سپاس بۆ ئەوەی پێشوویش!*

***ئانا*** ئەم کاتەی ساڵی خۆش دەویست. نەیدەتوانی بڵێت کە چ بەشێکی پتر بەلاوە خۆش بوو: ئاژۆتن بە چیادا تا ئاهەنگی دواساتەکانی ساڵ بگێڕن، یان لەگەڵ دایک و باوکیدا توند بەتانی لە خۆی بپێچێنێت، یان باڵی گەرمی دراوسێیەک لەسەر شانی.

بەڵام لەو شەوی سەری ساڵی تازەیەدا کە ***ئانای*** تێدا بوو بە دە ســاڵ، هــیچ بەفرێـک نەبـاری، نە لە بـانەکەی چیـاکەدا و نە لە بنارەکاندا. شەختە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ چنگی سەهۆڵینی لە ناوچەکانی چواردەوری شار گیر کردبوو، بەڵام چیاکە، جگە لە چەند پەڵە بەفرێک لێرە و لەوێ، هیچ بەفری وەخۆ نەگرتبوو. تەنانەت دوندی چیاکە لەژێر ئاسماندا ڕووت و بێبەفر بوو، بەرگی زستانەی لە بەردا داکەندرابوو.

گەورەکـــان لەبــــارەی "گەرمبـــوونی زەوی" و "گـــۆڕانی کەشوهەوا"وە دەدوان و، ***ئانا*** سەرنجی ئەم زاراوە تازانەی دا. لە ژیانیدا یەکەم جاری بوو کە هەستێکی وای هەبوو کە جیهان تێک چووبێت.

گەرچـی تـاکە ڕێگەچـارەی گونجـاو بـۆ گەیشـتنە سـەر چیـاکە ***تراکتۆر*** بوو، وەلێ بارودۆخ هەر جۆرێک بووبایە، دەبوو بچنە ئەوێ. هەروەتر دەبوو بە ڕۆژدا بچن—بە شەواندا کە بەفر بە

بانەکەوە نەبێت، هەندە تاریک دەبێت کە ناتوانیت دەستی خۆیشت لەبەردەم دەموچاوتدا ببینیت. تەنانەت چراکانیش کەڵکێکی کەمیان دەبێت و، بەستنەوەیان بە **تراکتۆر** و بارهەڵگرەکانەوە چون کارێکی ساویلکانە دەردەکەوێت.

جا پێنج تراکتۆر و بارهەڵگر بەنێو سپییە بییەکاندا بە خاوی ڕۆیشتن کە خۆراک و شلەمەنیی بەتامیان هەڵگرتبوو. بەفر بێت و نەبێت، دەبوو پەرداخەکانیان بە خۆشیی ساڵی تازەوە بەرز بکەنەوە و لەوانەیش بوو هەندێک یاری لە مێرگە زووقملێداوەکەدا ڕێک بخەن.

ئەو سەری ساڵی تازەیە تەنیا بابەتی وتوویژ نەبوونی بەفر نەبوو. لە ماوەی ڕۆژانی پشوودا، لای کێڵگەکاندا گەوەزن[1] بینرابوو و، خەڵکی وەک نوکتە دەیانگوت کە ویدەچێت **بابا نۆئێل** پاشی دابەشکردنی دیارییەکانی چەند دانەیەکی بەجێ هێشتبن.

**ئانا** هەستی کردبوو کە شتێکی ترسناک لە ئارادایە، شتێک کە لەم بارەیەوە هۆشداریی دەدات. پێشتر هەرگیزاوهەرگیز گەوەزن دانەدەبەستنە نێو گوندەکانەوە. **ئانا** وێنەگەلی ئەو وەرزێرانەی لە ڕۆژنامەدا دیتبوو کە هەوڵیان دەدا خۆراک بە بوونەوەرێکی داماوی ترسێنراو بدەن، لە سەردێڕەکەدا نووسرابوو: *گەوەزن لە گوندە چیاییەکاندا.*

---

[1] گەوەزن: گاکێوییە، لەشێکی زل و جووتێک شاخی زلی لقلقی هەیە. لەو جۆرەیە کە تاخورکەکانی **بابا نۆئێل** ڕادەکێشن.



Scanned by CamScanner

کاروانی تراکتۆرەکان وەڕێ کەوت و، ***ئانا*** لەگەڵ چەند زارۆکێکی دیدا لە یەکەمیاندا بوو. تا پتر سەر کەوتبان، بەرجەوەندە[1] زوقمبردووەکە پتر لە شووشە دەچوو. گومانی تێدانییە بەر لەوەی ئاو و هەموو شتێک بە هۆی کرێوەوە بیبەستن، دەبێت باران ببارێت.

کەلاکی ئاژەڵێکیان لە کەناری ڕێگەکەدا بینی و، هەموو تراکتۆرەکان وەستان. گەوەزن بوو، ڕەق هەڵهاتبوو و، یەکێک لە پیاوەکان گوتی کە لە برساندا مردار بووەتەوە.

***ئانا*** بە تەواوەتی تێنەگەیشت. بەڵام دواتر، ئەو ساتەی لەسەر چیاکەدا بوون، دیتی کە تەواوی ناوچەکە زوقم بردوویەتی. هەرچی زیخ و ڕووەک بوون لەژێر توێژاڵێک شەختەدا بوون.

لە دەریاچەی ***بری***یان تێپەڕاند. پێنج تراکتۆرەکە دیسانەوە لێرەدا وەستان و هاژۆرەکان[2] بزوێنەرەکانیان کوژاندنەوە. پێیان گوترا کە سەهۆڵبەندانەکە بێمەترسییە و، هەمووان، بە گەورە و بچووکەوە، هروژمیان بۆ نێو دەریاچە بەستووەکە برد. سەهۆڵەکە ڕووتەنک[3] بوو و، کە زانییان دەتوانن مەلەی ماسییەکانی ژێر پێیان ببینن، لە خۆشییاندا دەستیان بە هەراوزەنا کرد.

تۆپ و گۆچانیان هێنا و دەستیان بە یاریی ***هۆکی*** کرد. وەلێ ***ئانا*** خۆی تەنیا بە ڕۆخی دەریاچەکەدا پیاسەی دەکرد، سەرنجی لە گژوگیا زوقمبردووەکان دەدا. لەژێر توێژاڵێکی تەنکی شەختەدا

---

[1] بەرجەوەند: دیمەنی بەرچاو، منظرة
[2] هاژۆر: شۆفێر، سایەق
[3] ڕووتەنک: شفاف، Transparent



Scanned by CamScanner

قەوزە و کەڕووەکان و، گژوگیا هەمیشەسەوزە گەڵا سوورەکانی بینـی. دەتگـوت چـووەتە جیهـانێکی بەنرختـر و بێگەردتـرەوە. هەنـدەی پـێ نەچـوو، مشـکێکی تۆپیـوی بینـی ... و دانەیەکـی دیکەیـش. موشخورمـایەکی جەمسـەریی لەژێـر سـپییەبییەکی کورتدا دۆزیەوە. ئەمێستاکە **ئانا** تێگەیشت و، ئیدی وای هەست نەکرد کە لە گەشتێکدا بێت. زانیبووی کە مشک و موشخورمای جەمسەری زستانان لەژێر بەرگی نەرمی بەفردا بە خۆحەشاردان لەنێو گژوگیا و هەژگەکاندا دەمێننەوە و تیا ناچن. وەلێ ئەگەر بەرگی نەرمی بەفر نەبێت، ئیتر ناتوانن بە زیندوویی بمێننەوە.

ئێستا **ئانا** لەوە ئارخەیان بووەوە کە بۆچی گەوەزنەکە بۆ ناوچە نزماییەکان دابەزیبوو. چ پەیوەندییەکی بە **بابا نوئێل**ـەوە نەبوو.



Scanned by CamScanner



# پاشی شەش ساڵان



Scanned by CamScanner

# د. بنیامین



*ئانا* لە ماڵەوە لەگەڵ دایک و باوکیدا لە خانووە کۆنە تەختەییەکەیاندا دانیشتبوو. چەند کاتژمێرێک[1] بوو کە تاریک بوو و، باوکی مۆمەکانی سەر بەرپەنجەرەکە و ئاگردانەکەی داگیرساندن. ١٠ی کانوونی یەکەم بوو و، تەنێ دوو شەوی مابوو کە ببێتە شانزە ساڵان.

دایک و باوکی لەسەر قەنەفەکە پاڵیان دابووەوە. تەماشای فیلمێکیان دەکرد کە لەبارەی زەریای هێمنەوە بوو، چیرۆکێکی داستانئامێز بوو لەمەڕ جەنگە دەریاییەکانەوە. یان تۆ بڵێیت فیلمێکی بەڵگەنامەیی بووبێت لەبارەی یەکێک لە دەریاسالارەکانی سەدەی هەژدەیەمەوە؟ ئانا دڵنیا نەبوو؛ لە ڕاستیدا لێی نەکۆڵییەوە.

[1] کاتژمێر: ساعة، Hour



Scanned by CamScanner

لەبەردەم مێزی نانیدنەکەدا[1] دانیشت و بە تیلەی چاو سەیری زەریای هێمنی دەکرد کە لەسەر ڕووی تەلەڤزیۆنەکەوە دەردەکەوت. دواردێکی[2] گەورەی بە دەستەوە بوو و چەند نووسراوی نێو ڕۆژنامەیەکی کۆنی دەبڕی.

*ئانا* لە مانگی ئابەوە دەستی بە خوێندن لە قۆناغی دواناوەندیدا کردبوو و، تەنیا چەند ڕۆژێک دوای ساڵی نوێی خوێندن، *جۆناس*ی ناسی کە پۆلێک لەپێش ئەوەوە بوو. خێرا بوونە دوو هاوڕێی باش و دوای چەند ڕۆژێک وەک گەمەیەک وایان خۆ دەنواند کە ئەویندارێ یەکدین، کەچی بۆیان دەرکەوت کە هەر وایە.

*ئانا* دانیشتبوو و خۆی بەسەر پارچە بڕاوەکان و قۆرییەکی گڵینی گەورەی چادا چەماندبووەوە. بزەی بەوە دەهاتێ کە چۆن ژیان لەپڕ دەگۆڕدرێت.

وەلێ خۆی بۆ ئەو گۆڕانکارییانە ئامادە کردبوو—سەرباری هەموو شتێک، ئیدی پێی دەنایە شانزە ساڵییەوە. ئەوڕۆ، لە کۆتاییدا، موستیلە دێرینەکەی پوورە *سونیڤا*ی درایێ. هەر لە زووەوە دەیزانی کە لە ڕۆژی لەدایکبوونیدا دەیدرێتێ. وەلێ ئەوڕۆ پێی درا، چونکە دایکی سبەینێ بەیانیی زوو بۆ کۆنگرەیەک دەچێت. شێوێکی فەرمییان هەبوو—دایکی لە شیرینیفرۆشییەک کێکی ئاردی بادامی کڕیبوو کە گوڵێکی سووری بەسەرەوە بوو— و دوای ژەمەکە، یاقووتەکە لە سندووقێکی کۆنی خشڵدا دەرهێنراو و پێشکەشی *ئانا* کرا.

---

[1] نانین: موبەق، مطبخ
[2] دوارد: قەیچی، مقەست



Scanned by CamScanner

تەواوی ئەو شەوە لە قامکی کرد و، ئەو دەمەی ڕۆژنامەکانی هەڵدەهێنا، نەیدەتوانی چاوی لەسەر موستیلەکە کلا بکات.

تەمەنی ئەو موستیلەیە پتر لە سەد ساڵ بوو — هەندێکیش دەیانگوت کە چەندسەد ساڵێکە. ئینجا گەلێک چیرۆکی خۆش لەمەڕ ئەم خشڵەوە هەبوون.

هەروەتر ئەو مۆبایلەیشی درایێ کە داوای کردبوو. ئێستا تەنیا بە دەستلێدانێک لە ڕووەکەی، دەتوانێت ئینتەرنێت بەکار بهێنێت — لێ ئەوە لەچاو سەرنجڕاکێشیی موستیلەکەدا هەر هیچ نەبوو.

وەلێ موستیلەکە سەیرترین شت نەبوو کە لەو ساڵەدا لە ژیانی ***ئانا***دا ڕووی دابوو. سەیرترینیان ئەو گەشتەی بوو کە لە مانگی تشرینی یەکەمدا بۆ ***ئۆسلۆ*** چوو.

هەر لەو کاتەوەی کە بچکۆلانە بوو، پێی گوترابوو کە توانایەکی ویناکردنی بەهێزی هەیە. ئەگەر لێی پرسرابا کە بیر لە چی دەکاتەوە، ئەوا چیرۆکێکی بێکۆتایی دەهۆنییەوە و، هەموو کەسێک هەر باشیی لەو چیرۆکەدا بەدی دەکرد. بەڵام ئەو بەهارە، ***ئانا*** دەبوو باوەڕ بە هەندێک لە چیرۆکەکان بهێنێت. هەستێکی وای هەبوو کە لەوانەیە لە سەردەمێکی دیکەوە، یان لە کەتوارێکی[1] دیکەوە ڕەوانەی ئێرە کرابن.

لە کۆتاییدا، دایک و باوکی ناچاریان کرد لەگەڵ دەروونناسێکدا بئاخێوێت. پاشی چەند دانیشتنێک، دەروونناسەکە گوتی:"کە پێی باشە دەروونپزیشکێک لە ***ئۆسلۆ ئانا*** ببینێت." کچەی گۆرین[2] گوێی لێ نەبوو. چ شتێکی نەبوو کە شەرمی لێ بکات، وای بیر

[1] کەتوار: واقع
[2] گۆرین: یارۆ، فلانی، تاین

کردەوە کە لە ڕاستیدا ئەمە وای لێ دەکات هەست بە شتێکی تایبەت لە خۆیدا بکات.

لێ مەرجێکی دانا: نابێت دایک و باوکی لەگەڵیدا بێن. پێشنیاری کرد کە **جۆناس** لەگەڵیدا بچێت. دایک و باوکی پێداگربوون کە هەر دەبێت یەکێکیان یاوەریی بکات. بە ڕێگەچارەیەک گەیشتن: ڕێی دەدرێتێ کە **جۆناس** ببات، بەڵام دایکی ئەگەر بەڵێنی بدات کە لە قەمارەیەکی[1] دیکەدا دابنیشێت، ئەوا ئەویش دەچێت.

سەروکەللەی هەرسێکیان لەبەردەم نەخۆشخانەی **ڕیکس**دا دەرکەوت. ئانا لێرە چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەروونپزیشکەکەدا هەبوو. وەلێ لە سەرەتاوە دایکیشی و **جۆناس**یش ڕێیان نەدرایێ کە لەگەڵیدا وەژوور بکەون، **ئانا** هەستی کرد ئەمە زەبرێکی قورس بوو کە لە دایکی درا. ئاخر گەلێکی پێ خۆش بوو ئەویش لەژوورەوە بێت. بەڵام ئێستا دەبوو لە دەرەوە دابنیشێت لەگەڵ **جۆناس**دا چاوەڕێ بێت.

**ئانا** هەر ئەو ساتەی دکتۆر **بنیامین**ـی بینی، خۆشی لێی هات. تەمەنی لە پەنجاکاندا بوو و قژێکی درێژی بۆزی[2] هەبوو و لە دواوە بەستبووی. گوارەیەکی ئەستێرەییی وەنەوشەیی لە گوێیەکیدا بوو و، پاندانێکی سوور لە گیرفانی سەر سنگی چاکەتە ڕەشەکەیدا بوو. بریقەیەکی تەڕدەماخانە لە چاوەکانیدا بوون و بە وردی تەماشای ئەمی کرد.

---

[1] قەمارە: فارگۆنی شەمەندەفەر

[2] بۆز: ماشوبرنجی، تێکەڵەی ڕەش و سپی



Scanned by CamScanner

هەڵای[1] بیری ماوە کە دوای ئەوەی تەوقەیان کرد و دەرگاکەی لەدوایەوە پێوە دا، یەکەم شت چیی پێ گوت. پێی گوت کە بەختت هەیە، چونکە چاوپێکەوتنی دوای تۆ هەڵوەشێنراوەتەوە. ئیدی بە دڵی خۆت کاتت هەیە.

تیریژ[2] دەهاتە نێو ژووورە سپییەکەوە و **ئانا** تەماشای گەڵا سوور و زەردەکانی درەختەکانی کرد. سمۆرەیەکی دی کە بە کاژێکدا سەر و خواری بوو.

ئانا گوتی: "سمۆرەی ئاسایی. بەڵام ئیدی لە ئینگلتەرا ئاسایی نییە. سمۆرە شینکییە[3] ئەمێریکاییەکان ئەم سمۆرە زەردانەیان لەناو بردووە."

چاوانی دەروونپزیشکەکە ئەبڵەق بوون و **ئانا** لە خۆیی پرسی بڵێیت قسەکەی ئەم کاری لێ کردبێت. کاتێک لەسەر کورسییەکەی خولایەوە تا سمۆرەکە ببینێت، **ئانا** لەسەر مێزەکەی سەرنجی وێنەیەکی دا کە چوارچێوەیەکی سووری تێ گیرابوو. وێنەی ژنێکی جوان بوو—ئاخۆ کچی بوو یان ژنی؟ ویستی لێی بپرسێت، وەلێ لەو ساتەدا ڕووی وەرگێڕایەوە و وێنەکەی شاردەوە و، **ئانا**یش لەبیری کرد.

بیری لەوە کردبووەوە کە ئاخۆ دەبێت تاقیکردنەوەی دەروونپزیشکەکە چۆن بێت. ئاسان نەبوو وێنای ئەوە بکرێت کە دەروونپزیشکەکە چلۆن سەیری نێو مێشکی دەکات، لێ وای دانابوو لەڕێی ئامرازێکی تایبەتەوە لە چاوەکانی بتۆژێتەوە؛

[1] هەڵای: هێمان، هێشتا
[2] تیریژ: تیشکی خۆر
[3] شینکی: ڕساسی



Scanned by CamScanner

چاوەکان پەنجەرەن بە ڕووی گیاندا. پێی وا بوو کە هەوڵ دەدات لەڕێی دەم، لووت و گوێیەکانیشیەوە تەماشای مێشکی بکات— ئـــاخر دەروونپزیشـــکەکانیش هەر وەکـــوو پزیشـــکانی دی پێگەیشتوون، لە دەروونناسەکان ناچن. لەوە دڵنیا نەبوو کە تا چ ڕادەیەک بـاوەڕی وایە پزیشـکەکە ڕێـک ئەم شـتانە بکـات، وەلـێ وەکوو شریتی ڤیدیۆیی ئەم شتانە بە ڕیز بە مێشکی هـاتبوون. لە کۆتاییدا پزیشـکەکە بەوە ترسـاندبووی کە لەوانەیە بیخـاتە خەوی موگناتیسـییەوە و هەمـوو نهێنییەکـانی مێشـکی ئاشـکرا بکـات. ***ئانا*** وازی لێ نەبوو کە دەسەڵاتی لەدەست بدات و نەیدەویست پەردە لەسەر هەموو ڕازەکانی هەڵبماڵێت.

وەلـــێ هەمـــوو ئەوەی کە کردیـــان، تەنیـــا ئاخـــاوتن بـــوو. دەروونپزیشکەکە گەلێک پرسیاری سەرنجڕاکێشی لێ پرسـی و، گفتوگۆکە هێنـدە خـۆش بـوو کە ***ئانا***یش دەیـوێرا پرسـیاری لـێ بپرسـێت. ئەی سـەبارەت بە پزیشـکەکە چـی؟ ئایـا هەرگیـز بە چیرۆکگەلی سەیر گەیشتبوو؟ ئاخۆ ئەویش لە خەونیدا بینیویەتی کە کەســێکی دی بێــت؟ ئەی هەرگیــز خەونەکــانی وەڕاســت گەڕابوون؟

دواجار دکتۆر ***بنیامین*** گەیشتە ئەنجام.

گوتی: "***ئانا***، هیچ شتێک نییە پیشانی بدات کە تۆ نەخۆشـیت. ئەتۆ وێنــاکردنێکی نائاســایی و چــالاک و توانــاییەکی لەڕادەبەدەری هێنانە پێش چاوی ئەو شتانەت هەیە کە نەتئەزموونە. ڕەنگە ئەمە جاروبـار هەسـتێکی نائاسـاییت بـۆ دروسـت بکـات، بەڵام هـیچ گرفتێکت نییە."



Scanned by CamScanner

ئێ **ئانا**یش وای بیر نەدەکردەوە کە هیچ گرفتێکی هەبێت. بەوە قایل بووبوو کە نەخۆش نییە. هەستی کرد کە ناچارە وەبیری بهێنێتەوە کە جاری وا هەیە باوەڕ بە خەیاڵاتەکانی خۆی دەکات. گوتی کە وا هەست دەکات وەک بڵێیت ئەو بیر و خەیاڵانەی لە دەرەوە بۆ بێن، نەک لەنێوەوە.

پزیشکی گۆرین لە جێی خۆی دانیشتبوو و سەری بۆ دەلەقاند.

گوتی: "وا بزانم کە تێگەیشتم. ڕەنگە وێناکردنێکی هێندە چالاکت هەبێت وەک ئەوەی بەسەرتدا ڕۆبکرێت. ناتوانیت باوەڕ بەوە بکەیت کە هەمووی خۆت دەیسازێنیت. بەڵام وێناکردن تایبەتمەندێتییەکە کە هەموو کەسێک، بە ئەندازەی زۆر یان کەم، هەیەتی. گشت کەسێک جیهانی خەونەکانی خۆیی هەیە. ئەگەرچی هەمووان وەبیریان نایەتەوە کە شەوی پێشوو چییان لە خەوندا دیتووە. جا ئا لێرەدایە کە وا دەردەکەوێت تۆ دیارییەکی دەگمەنت پێ درابێت. تۆ هەموو ئەوەت بیر دەمێنێت کە شەوێ لە خەوندا دەیبینیت ..."

**ئانا** دەستی خۆی ئاشکرا کرد:

"بەڵام هێشتا هەستێکی وام هەیە کە خەونم لە جیهانێکی دیکەوە، یان لە سەردەمێکی دیکەوە، بۆ دێت."

دیسانەوە دەروونپزیشکەکە سەری لەقاندەوە. "توانایی هەڵگرتنی باوەڕەکانمان دەکەونە قووڵایی سروشتمانەوە. ئێمەی مرۆڤ هەمیشە وامان هەست کردووە وەک بڵێیت لەگەڵ هێزگەلی بانسروشتیدا لە پەیوەندیدان، چ خودا، چ فریشتەکان یان پێشینەکان بن. کەسانێک لافی ئەوەیان لێداوە کە ئەم سەر و بیچمانەیان بە چاوانی خۆیان دیتوون، یان تەنانەت پێک



Scanned by CamScanner

گەیشتوون. کەسانێکیش هەن کە لە ئاستی کەسانی دیکەدا لە باوەڕپێکردندا پتر بەتواناترن. گشت کەسێک جیاوازە. کەسانێک هەن کە تا ڕادەیەک سەختە لە یاریی شەترەنج یان ژمێرەی زەینیدا لێیان ببریتەوە. هیی وایش هەن تا ڕادەیەک سەختە لە بواری وێناکردن یان باوەڕدا لێیان ببریتەوە، جا گاهەس[1] **ئانا نیروود** پاڵەوانی جیهانی بێت!"

**ئانا** تەماشای کرد کە تیرێژەکە بەسەر گەڵا لەراوە پایزەییەکانەوە کایەی دەکرد.

"ئایا وات بیر کردبووەوە کە هەموو هەنگەکانی باخچەکەتان لەلایەن **سی‌ئای‌ئەی** ـەوە بەرزەفت کرابن و، بە چواردەوری ماڵەکەتاندا وەردەسووڕێن تا شۆفاریت[2] بەسەرەوە بکەن؟ ئەگەر وا بێت لەوانەیە نەخۆشییەکی دەروونیی ترسناکت هەبێت ..."

"باشە تۆ چووزانیت کە باخچەمان هەیە؟"

"گوزارشتی دەروونناسەکە تیایدا نووسرابوو تۆ پێت گوتووە کە پێت خۆش نییە گەوەزن لە باخچەکەتاندا ببینیت."

**ئانا** پێکەنی. "ئەو خاتوونە هەر نەیدەزانی من باسی چی دەکەم. بەڵام من باخچەکەم خۆش دەوێت و، هەنگەکانیش..."

"بەڕاست؟"

"هەنگەکانیش، وەک من و تۆ، بەشێک لە سروشتن. دەی دیارە کە لەلایەن **سی‌ئای‌ئەی** ـەوە بەرزەفت نەکراون. لەلایەن

---

[1] گاهەس: ڕەنگە، لەوانەیە
[2] شۆفاری: سیخوڕی، جاسوسی



Scanned by CamScanner

بۆهێڵەکانەوە[1] بەرزەفت دەکرێن. هەروەها وا بیر دەکەمەوە کە هەنگەکـان جۆرێـک لە نیشـاندەری چـۆنیەتیی سـاغلەمیی ڕووەکەکانن.“

”ڕێک وایە. ئینجا ئەوەی بە منی دەڵێیت، شێتانە نییە، یان ئەوە نییە کە ئێمەی دەروونپزیشک‘ئەندێشەی ڕیزپەڕ‘ی پێ دەڵێین.“

لە کـاتی گفتوگـۆکەدا پزیشـکی گـۆڕین تاوناتاوێـک سـەیری کۆمپیوتەرەکەی دەکرد. ئێستاکەیش سەیری کردەوە و، ***ئانا*** بۆی دەرکەوت کە بیرۆکەکـانی دەروونپزیشـکەکە لە گوزارشـتی دەروونناسەکەی گوندەکەیانەوە سەرچاوەی گرتووە.

”***ئانا***، هیچ شتێک هەیە کە لێی بترسیت؟“

گورج وەڵامی دایەوە: ”گەرمبوونی زەوی.“

دەروونپزیشکەکە ڕاچەنی. لە ڕاستیدا پزیشکێکی بەئەزموون بوو، وەلێ بە وەڵامەکەی نش[2] بوو.

”چی؟“

”مەبەستم ئەوەیە کە لە گـۆڕانی کەشوهەوا دەترسـم. دەترسـم بەبێ ئەوەی بۆ ساتێکیش بیـر لە نەوەکـانی داهـاتوو بکەینەوە، زیان بە کەشوهەوا و ژینگەکەمان بگەیەنین.“

دەروونپزیشکەکە بۆ چەند چرکەیەک وەستا. ”جا ئەوە ترسێکی بەجێیە—ئینجا بە داخەوە من لەو بارەیەوە هیچ کۆمەکییەکەم لەدەست نایەت. ئەگەر بتگوتبا کە لە جاڵجاڵۆکە دەترسیت، ئەوە شتێکی دی بوو. لە دۆخی لەو جۆرەدا باس لە تۆقین دەکەین و،

[1] بۆهێڵ: دانەی بۆماوەییە لەنێو کرۆمۆسۆمدا کە سیفەتە بۆماوەییەکان دەگوازێتەوە.
[2] نش: مفاجاة، سەرپرایز.surprise



Scanned by CamScanner

پاشان نەخۆشەکە چارەسەر دەکەین؛ ڕووبەڕووی ئەو شتانەیان دەکەینەوە کە لێیان دەترسن. بەڵام ناتوانین ترسی تۆ لە گەرمبوونی زەوی چارەسەر بکەین."

سەیری چاوەکانی دکتۆر *بنیامین*ی کرد و پاشان چاوی بڕییە گوارەکەی کە لە شێوەی ئەسێرەدا بوو.

"ئەی دەزانیت بە درێژاییی ئەم دە ساڵەی پێشوو چەند ملیار تەن دووانۆکسیدی کاربۆنمان کردووەتە نێو هاماجەوە[1]؟"

*ئانا* نش بوو کە پزیشکەکە بەبێ بیرکردنەوە وەڵامی دایەوە. "لام وایە ئەو دووانۆکسیدی کاربۆنەی ئێستا لە هاماجدایە، لە سەدا چل زیادترە لەوەی ئەو کاتەی هێشتا بە هەتەرەوە دەستمان بە سووتاندنی نەوت، خەڵووز و گاز نەکردبوو و، بە چڕی دارستان و کێڵگەکانمان لەناو نەبردبوون. لە ماوەی شەشسەدهەزار ساڵی ڕابردوودا ڕێژەی دووانۆکسیدی کاربۆن بەم ئاستە نەگەیشتووە و، کێشەکەیش دەستکردی مرۆڤە."

کچەی تاین[2] کەوتە ژێر کاریگەریی ئەم گوتانەوە. هەموو کەسێک وەڵامی وا خێرای لا نەبوو. *ئانا* گوتی: "هەروەها گازێکی زۆری تێدایە کە هیچ کەسێک ناتوانێت پێشبینیی بکات. ئینجا لێکەوتەکانی خراپتر دەبن ..."

دکتۆر *بنیامین* بۆ پێشەوە خۆی چەماندەوە و دەستەکانی لەسەر مێزەکە بوون. چرکەیەک یان دووان سەیری خوارەوەی کرد، پاشان چاوی بڕییە *ئانا*. وەک ئەوە دەچوو کە ئەم پزیشکە وڕ و کاس بووبێت.

---

[1] هاماج: بەرگەهەوا، Atmosphere
[2] تاین: گزرین، ئلانی، یارۆ



Scanned by CamScanner

"دەی، ئەمە بەشێک نییە لە پیشەکەم. بەڵام با پێت بڵێم کە منیش وەک تۆ لەبارەی سووتانی کاربۆنەوە نیگەرانم. خۆ ئەگەر بیریشی لێ بکەینەوە، لەوانەیە پەیوەندییشی بە دەروونپزیشکییەوە هەبێت ..."

کاتێک وەستا، *ئانا* گوتی: "دەی بڵێ. گوێم گرتووە."

"جاری وا هەیە لە خۆم دەپرسم ئاخۆ ئێمە لە فەرهەنگێکدا دەژیین کە ڕاستییە بنچینەییەکان کپ دەکات یان نا. تێدەگەیت کە مەبەستم لەوە چییە؟"

"وا بزانم. ئێمە هەوڵ دەدەین شتە ناخۆشەکان لەبیر خۆمان ببەینەوە."

"ڕێک مەبەستم ئەوەیە."

*ئانا* بیرۆکەیەکی بۆ هاتبوو. خۆیشی نەیدەزانی کە بۆچی بیرۆکەکە دێتە مێشکیەوە؛ وەک ئەوە دەچوو لە جیهانێکی دیکەوە بێت. گوێی لە خۆی بوو کە دەیگوت: "چی دەڵێیت ئەگەر پێت بڵێم کە لە عەرەب دەترسم؟"

کابرا پێکەنی. "پێشنیارم بۆت دەکرد کە هەندێک لەگەڵ عەرەبدا کات بەسەر ببەیت. لام وایە ئەوە کاریگەرترین چارەسەر دەبوو."

"جوانە ..."

"بەڵام ئێمە نەخۆشگەلێک چارەسەر ناکەین کە نیگەرانی گەرمبوونی زەوین. پێم وایە پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا باشتر نەبوو کە بەدوای ڕێگەیەکدا بگەڕێین کە چارەسەری خەمساردی بکەین؟ دیارە کە نابێت ڕێ بە خۆمان بدەین لەگەڵ ئەم هەڕەشەیەدا ڕابێین. پێویستە هەوڵ بدەین سنوورێکی بۆ دابنێین."



Scanned by CamScanner

دەروونپزیشکەکە هەر لە سەرەتاوە لەگوێن[1] گەورەیەک قسەی لەگەڵدا کردبوو و، لە ڕاستیدا کچەی تاینیش ئەوەی فرە پێ خۆش بوو. چونێ هاوشانێکی خۆی دواندبووی. کەچی کاتێک لێی پرسی کە ئاخۆ ئەندامی هیچ ڕێکخراوێکی ژینگەپارێزە، ***ئانا*** هەڵوەستەیەکی کرد. چاوەڕێی ئەوە نەبوو کە لە نۆرینگەیەکی پزیشکیدا ئەم پرسیارەی لێ بکرێت. وەلێ هەر خۆی بوو کە ئەم باسەی هێنایە ناوەوە.

کچە گوتی کە لەو شوێنەی ئەواندا هیچ ڕێکخراوێکی ژینگەپارێز نییە. هەموو شتێک لە دەوری چوونە خوێندنگە و سەر کار، چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل و ماتۆڕ و، ئاهەنگ و خواردنەوە لە کۆتایی هەفتەکاندا دەسووڕێتەوە.

"ئەو گەنجەی لەگەڵیدا هاتوویت، براتە؟"

***ئانا*** پێکەنی.

"نا، ئەوە ***جۆناس***ـە. هاوڕێمە."

کچە بەوە خۆشحاڵ بوو کە گوتی: "هاوڕێمە."

کابرایش پێکەنینەکەی بۆ سەندەوە.

"ئەی ***جۆناس***یش وەک خۆت خۆشی لە ژینگە دێت؟"

گوتی: "ئەو لە خوێندندا ساڵێک لەپێش منەوەیە و فیزیا و کیمیا و زیندەزانی دەخوێنێت. بۆیە بە دڵنیاییەوە شتێک لەمەڕ جیهانەوە فێر دەبێت."

"بە دڵنیاییەوە."

---

[1] لەگوێن: مینا، وەکوو، چاوا



Scanned by CamScanner

"ئیدی لەمەو دوا پرسی گەرمبوونی زەوی، چ لەبارەیەوە بزانیت و چ نەزانیت، شتێک نابێت کە تەنیا پەیوەندیی بە بۆچوونەوە هەبێت."

"تۆ ڕاست دەکەیت، *ئانا*. ئەگەر کەمتر لە ڕێژەی لە سەدا یەکی نەرویجییەکان بتوانن بابەتی هاوسەنگیی کاربۆن ڕوون بکەنەوە، ئەوا بەوە نش نابم."

*ئانا* هەستی کرد کە دڵی کەمێک تەپەتەپ دەکات. ئاخر تازەکی دەگەڵ *جۆناس*دا تاوتوێی هاوسەنگیی کاربۆنیان کردبوو. "ئەی دەتوانیت؟ مەبەستم ئەوەیە، دەتوانیت ڕوونی بکەیتەوە کە هاوسەنگیی کاربۆن چییە؟"

دوای ئەوەی کۆمپیوتەرەکەی کوژاندەوە و کاغەزەکانی سەر مێزەکەی وەکۆ کردن، دەروونپزیشکەکە ڕووی کردە *ئانا*. دەستی بە ڕوونکردنەوەی سووڕی کاربۆن کرد. ڕووەکەکان لەڕێی ڕۆشنەپێکهاتنەوە دووانۆکسیدی کاربۆنی هەوا دەمژن و بەم جۆرە کاربۆن خۆی بە زیندە ماددەکان دەگەیەنێت. کاتێک ئاژەڵان هەناسە دەدەنەوە و کاتێک ماددەی ئەندامی تێک دەشکێنرێت، دووانۆکسیدی کاربۆن دەکرێتەوە هەواوە. هاوسەنگیی کاربۆن یەکسانییەکی گرنگە کە لەنێوان بڕی ئەو دووانۆکسیدی کاربۆنەی لەڕێی هەڵچوونی گڕکانەکانەوە بۆنێو هاماج دەردراوە و ئەو بڕەی لەڕێی با و کەش‌وهەواوە شی دەبێتەوە و، دەبێتە بەشێک لە توێکڵی زەوی. سەدان هەزار ساڵ ئەم هاوسەنگییە جێگیر بووبوو و، مرۆڤ هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئەم سووڕە نەبووبوو. بۆیە دەیانتوانی کە بایەخی نەدەنێ.



Scanned by CamScanner

لەسەری چوو: "هەموو ئەو کاربۆنەی لە سووتەمەنیی نیشتوو-نەوت، خەڵووز و گاز-دا هەڵگیرابوو، ملیۆنان ساڵ لە سوورەکە جیا کرابووەوە و ڕاگیرابوو. بەڵام ئەم هاوسەنگییە وردە ..."

ئانا قسەکەی لە دەمی وەرگرت: "... ئەم هاوسەنگییە وردە بە سووتاندنی نەوت، خەڵووز و گاز کە بوو بە مایەی بەرەڵاکردنی دووانۆکسیدای کاربۆن بۆ نێو هاماج، شێوێنرا."

"منیش دەمویست هەر ئەوە بڵێم. ئەگەرچی بڕی ئەو دووانۆکسیدی کاربۆنەی لەڕێی چالاکییەکانی مرۆڤەوە دەردەدرێت، تەنیا بەشێکی کەمە لەو بڕەی لە سوورەکەدایە، کەچی ناتوانرێت زیادەکەی لە توێکڵی زەویدا گل بدرێتەوە. بۆیە تا بێت دووانۆکسیدی کاربۆن لە هاماجدا پتر و پتر دەبێت."

*ئانا* گوتی: "ئینجا کۆ دەبێتەوە."

"دروستە. تۆ هێندەی منی لێ دەزانیت. ئەگەر پتر لە پێویستیی ڕۆژانەی لەشت لەڕێی خواردنەوە گەرمۆکە[1] وەربگریت، ئەوا بەرەبەرە کێشت زیاد دەبێت. بۆ دووانۆکسیدی کاربۆنیش لە هاماجدا بە هەمان شێوەیە."

"ئەوجا زەویش گەرم دەبێت. تا دووانۆکسیدی کاربۆن لە هاماجی زەویدا فرە ببێت، زەوی گەرمتر دەبێت. پاشان بەستەڵەکەکان دەتوێنەوە و، ئەوەیش دۆخەکە خراپتر دەکات، چونکە بەفر و بەستەڵەکەکان تیشکی خۆر پەرچ دەکەنەوە، بەڵام زەریا و چیاکان نایکەن. بۆیە زەوی تا بێت گەرمتر دەبێت ..."

"زۆر ڕاست دەکەیت. بەمە دەڵێین: وزەدانەوەی بەهێزکەر."

---

[1] گەرمۆکە: کالۆری، Calory



Scanned by CamScanner

"... کە دەکرێت ببێتە هۆی توانەوەی شاخە سەهۆڵینەکان. گازی میثـان و دووانۆکسـیدی کـاربۆن دەرپەڕێنـراونەتە هامـاجەوە. هەروەهـا میثـان گازێکی بەهێزە دەبێتە مـایەی پەنگخـواردنەوەی گەرما و، بەمەیش بەردەوام پلەی گەرمیی زەوی بەرز دەبێتەوە. بۆیە تـا بێت هەڵـم لە هاماجـدا زۆرتـر و زۆرتـر دەبێت، ئەوجـا گەرمتر و گەرمتر دەبێت. بۆیە لەم بـارەدا بەستەڵەکی **گرینلاند** دەتوێتەوە و، ڕەنگە دواتریش بەستەڵەکی جەمسەری باشوور ..."

دکتۆر ***بنیامین*** لەپی هەڵبڕی و، ***ئانا*** بۆی دەرکەوت کە دەیەوێت بیوەستێنێت. ئەم جارە دەرفەتی نـادرێتێ کە زانیارییەکانی بخـاتە ڕوو. دکتۆر گوتی: "دەکرێت کاریگەریی پەنگخـواردنەوەی گەرمـا لە دەست دەربچێت و، لە خراپترین بـاردا، دەشێت پلەی گەرمـای جیهان شەش بۆ هەشت پلە بەرز ببێتەوە. ڕەنگە ئەو دەم هەرچی سـەهۆڵی سـەر ئەم هەسـارەیە هەیە بتـوێتەوە و ئاسـتی ئـاوی زەریاکان دەیان مەتر بەرز ببێتەوە ... لە ئەفسانە باکوورییەکاندا بۆ ئەم دۆخـی کە دەشێت بەسـەر زەویدا بێت، وشـەیەک هەبوو. ئەویش ***ڕانیارۆک***[1] بوو."

دکتـۆر ***بنیـامین*** هەڵسـتابووەوە کە خواحـافیزی بکـات و ***ئانـا*** لە دەرەوە ببینێـت. وەلـێ پـێش ئەوەی دەرگـاکە بکـاتەوە، گـوتی: "ڕەنگە تۆ و ***جۆنـاس*** بتوانن کۆمەڵەیەکی فشار لە گوندەکەتاندا دابمەزرێـــنن. ئەوە باشـــترین شـــێوازی چـــالاکییە. وەک دەروونپزیشـــکێک دەزانـــم کە شـــتێکی ســـاغلەم نیـــیە لەلایەن دوودڵییەکـــانتەوە لە پەلوپـــۆ بخرێـــت. بـــۆیە، ئەگەر بکرێـــت نامۆژگارییەکی بچووکت بکەم، دەڵێم: بەدوایدا بچۆ. وا بکە شتێک ڕوو بدات."

---

[1] Ragnarok



Scanned by CamScanner

دەستی بە گیرفانیدا گێڕا و کارتەکەیی بە *ئانا* دا.

"ئەگەر شتێک هەبوو و پێت خۆش بوو باسی بکەیت، تەلەفۆنم بۆ بکە یان ئیمەڵم بۆ بنێرە. ئێستا خۆم بە تەنیا دەژیم—هەر کات ویستت پەیوەندی بکەیت، ئاسوودە بە."

کاتێک چوونە ژووری چاوەڕوانییەوە، دەروونپزیشکەکە تەوقەی لەگەڵ دایکی *ئانا* و *جۆناس*دا کرد. سەیری چاوی هەردووکیانی کرد و گوتی: "زۆر سپاس بۆ ئێوە کە *ئانا*تان دا بەلای منەوە. ئەو کچە سروشبەخە—ئێوە زۆر بەختەوەرن کە هەموو ڕۆژێک لەگەڵیدان."

دایکی وا سەری لێ تێک چوو کە کڕنووشی بۆ پزیشکەکە برد. لە ترامەکەدا کە بۆ ناوشار دەچوونەوە، پرسیی کە بۆچی دەروونپزیشکەکە ئەستێرەیەکی لە گوێدا بوو—وەک بڵێیت *ئانا* بیرۆکەیەکی لەو بارەیەوە هەبێت. لێ دایکی و *جۆناس* یش نەیاندەزانی کە لەگەڵ دکتۆر *بنیامین* دا باسی چییان کردووە، بۆیە *ئانا* گوتی: "بۆیە ئەستێرەی بە گوێوەیە چونکە بۆی دەرکەوتووە ئێمە لەسەر هەسارەیەک دەژیین کە لەبەر مەترسیدایە و لە ئاهووتەدا[1] لەسەر خولگەکەی بە گێجی[2] ئەستێرەیەکدا دەسووڕێتەوە. هەموو کەسێک پەی بەوە نابات و، تەنیا ئەو کەسانەی پەییان پێ بردووە دەتوانن گوارەیەکی ئەستێرەیی وەنەوشەیی بە گوێیانەوە بکەن."

هەریەکە لە *جۆناس* و دایکی دەمیان داچەقابوو.

---

[1] ئاهووتە: بۆشاییی ئاسمان، Space، فضاء

[2] گێج: دەور



Scanned by CamScanner

"دیارە پیاو گوارەی ئەستێرەیی بە گوێیەوە ناکات تا نەزانێت لەسەر هەسارەیەک دەژی کە لەسەر خولگەیەک بە گێجی ئەستێرەیەکدا دەسووڕێتەوە."

دایکی **ئانا** بە شەمەندەفەری پاشنیوەڕۆ گەڕایەوە، وەلێ **ئانا** و **جۆناس** مانەوە، قۆڵ لە قۆڵی یەکدی بەنێو شەقامەکانی **ئۆسلۆ**دا پیاسەیان دەکرد. چوون بۆ باخی **فرۆنیەر** و **ئاکێر بریگێ**، پاشان لە **گرینسن** سەردانی ناوەندی ژینگەزانییان کرد، مەکۆی زۆرێک لە کۆمەڵە ژینگەییەکان بوو. ئەو شەوە لە شەمەندەفەرەکەدا کە بۆ ماڵەوە دەگەڕانەوە، نەخشەیان داڕشت کە کۆمەڵەیەک پێک بهێنن. **جۆناس** پێی خۆش بوو کە لەگەڵ ئەودا پێکی بهێنن.

باوەڕهێنان بە خەڵکی بۆ ئەوەی ببنە ئەندامی کۆمەڵەکە، لە ئەستۆی **جۆناس** بوو. **ئانا** پێشنیاری ئەمەی کرد، چونکە لە خوێندنگەدا کوڕێکی زۆر ناسراو بوو و، دەیتوانی بەبێ ماندووبوون کچەکان قایل بکات. **جۆناس** پێکەنی: "بەڵام پێم وانەبوو کە کۆمەڵەی کچان پێک بهێنن."

"نەخێر، بە دڵنیاییەوە نەخێر. بەڵام ئەگەر کچە جوانەکان ببنە ئەندام، ئەوا کوڕەکانیش دەبن."

کاری **ئانا** کۆکردنەوەی زانیاری بوو. ئەوە بۆیە ئێستا کە دوو ڕۆژ بەر لە ڕۆژی لەدایکبوونی بوو، لەبەردەم مێزەکەدا دانیشتبوو و بابەتی نێو ڕۆژنامەکانی دەبڕی. ئەم ڕۆژانە هەواڵی زۆر لەمەڕ گۆڕانی ئاووهەواوە هەبوون--کۆبوونەوەیەک لەم بارەیەوە لە **قەتەر** شکستی هێنا.

***ئانا*** دواردەکەی دانــا و لەگەڵ دایــک و باوکیــدا بەرانــبەر بە تەلەڤزیۆنەکە دانیشت. فیلمەکە ناخودا[1] **کووک** ی پیشان دەدا کە چــاودێریی تێپەڕینــی نــاهیی[2] بەســەر ئەم دوورگە ئــاووهەوا خۆشــەی ***تـاهیتی*** دا دەکرد. نـاهی بە بەردەم خـۆردا دەچـوو— ئەمەیــش دیــاردەیەکی زۆر دەگــمەنە و ســەدان ســاڵ جارێــک دووبارە دەبێتەوە. لە ڕۆژگاری ناخودا **کووک** دا زۆر گرنگ بوو کە لە چەنـدان شـوێندا چـاودێریی تێپەڕیـنە بکرێـت—تەنیـا بەو جـۆرە ئەستێرەناســەکان بۆیــان دەلــوا ژمێــرەی گەورەییــی ڕاستەقینەی دووزەنەی[3] خۆر بکەن.

شـتێکی ڕۆمانسـی لەمەڕ ئەم نـاخودا بەریتـانییەوە هەبـوو کە بە زەریـای هێمنـدا گەشـتی دەکـرد تـا دووریـی نێـوان زەوی و ئەم هەسارەیە بزانێت کە بەناوی خودای خۆشەویستییەوە ناونراوە. کەچی بە گوێرەی فیلمەکەوە، نـاخودا و دەسـتوپێوەندەکەی پتر بیر و هۆشیان لای ژنـانی دوورگەکە و، ڕۆمانسیەتی زەمینییەوە بوو.

فیلمەکە کۆتـاییی هـات و مۆسـیقاکەی نەمـا و، هەواڵەکـانی شـەو دەسـتی پێکـرد: خەڵاتـی نـۆبێڵی ئاشـتی بە یەکێتیی ئەورووپا درا. بیســتویەک ســەرۆکی وڵاتــان گەیشــتنە ***ئۆسـلۆ***. کارمەنـدێکی نەرویجی لە سنووری نێوان ***کینیا*** و ***سۆماڵ***ـدا بە بـارمتە گیراوە. نـاوی ***ئێستێر ئانتۆنسن***ـە و لە بەرنـامەی خۆراکی جیهانیدا کـار دەکات.

---

[1] ناخودا: کاپتنی کەشتی

[2] ناهی: هەسارەی *ڤینۆس*.

[3] دووزەنە: مرێس، سیستەم، System



Scanned by CamScanner

***ئانا*** خواحـافیزی لە دایک و بـاکی کـرد و چـووە ژوورەکەی. ئەم شەو پێویست ناکات کە کاتژمێرەکەی کۆک[1] بکات، چونکە سـارە[2] پشـووە. لـێ بەڵێنـی بە ***جۆنـاس*** دابـوو هەرکە لە خەو هەڵسـتا، تەلەفۆني بۆ بکات.

ڕۆژێکی تایبەت بـوو. موسـتیلەکەی پـوورە ***سـونیڤای*** درابوویێ و مۆبایلێکیش کە نیوەی خوێندنگە ئیرەییيان پێی دەبرد. هەرچەنـدی بـابەتی ئـاووهەوای دۆزیـیەوە، هەموویـانی بـڕی. ئینجا بەیـانی نـا دوو بەیانییش دەبێتە شانزە ساڵ!

ئانا دڵی بەوە خۆش بـوو کە لەوانەیە خەون ببینێت. دەیزانـی ئەو دەمەی خەو دەیباتەوە، دەنێو کەتوارێکی دیدا نوقم دەبێت.

---

[1] کۆک: توقیت

[2] سارە: سۆزی، سبەینی

# تێرمیناڵەکە



چاوەکانی دەکاتەوە و ناوی ***نۆڤا***یە. هەموو شتێک جیاواز و تازە دیارە.

لە جێگەکەیدا خۆی ڕادەپسکێنێت و لەنێو ڕووناکیدا نوقم دەبێت. تا دەگاتە لای سەرچاوەکە کە بیگرێت، ڕووناکتر دەدرەوشێتەوە. شاشەی ***تێرمیناڵ***ەکەی ڕاسەری ڕۆژی شەممەی ١٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠٨٢ پیشان دەدات.

دەتوانێت بواری ژوورەکە لە کاتی خەودا ببینێت. دیوارەکان لەگوێن[1] خوێن سوورن. لەودیو پەنجەرە تەسکەکەوە کە لەسەر ناوکەوە[2] تەختەییەکەوە تا بنمیچەکە درێژ دەبێتەوە، باران بە ڕەهێڵە دەبارێت.

تێرمیناڵەکە تیکەتیکی کرد و وێنەیەک لەسەر شاشەکەی دەرکەوت. مەیموونێکی بچووکی چاو پان بوو. یەکێک بوو لەو

---

[1] لەگوێن: مینا، وەکوو، چاوا

[2] ناوکەو: بەشی زەمینیی ژوور، Floor، الأرضية



Scanned by CamScanner

جۆرە سەرەکییانەی کە تیاچووبوون. لەمێژ بوو لەنێو ژیانی هۆڤییانەدا[1] ون بووبوو، چونکە هەموو دووزەنە ژینگەییە لەبارەکەی ئەمێریکای باشوور بۆ ئەو جۆرە مەیموونە، سووتا و وشک بوو. قەرەچۆڵیان لە بەندێتیدا براپەوە. مخابن. زۆر دڵهەژێنە.

ئامێرەکە دیسانەوە تیکەتیکی کرد. هەروەها قۆرپییەکی[2] دیکەیش لە ئەمێریکای باشوور تیاچوو.

***ئانا*** لە کوڵمەکانیدا هەستی بە گەرمی کرد. وەلێ هیچی لەدەست نەدەهات—چەلێکی دی ئامێرەکە کەوتەوە کار و، وێنەی ئاسکێکی پیشانی دا. هەر لەم ساتەدا بۆ یەکێتیی جیهانیی پاراستنی سروشت دەرکەوتبوو کە قەلاچۆ بووە. چەندین ساڵە جووقەوارێکیش[3] گەلە ئاسک، مانگای ئەفریقی یان زەڕافەیەکی لە دەشتەکانی ئەفریکادا نەدیوە. ئێستا گیاخۆرەکان لەناو چوونە، گۆشتخۆرەکانیش هەروەتر. هەندێک لە جۆرەکان لە باخچەکانی ئاژەڵاندا ماون، وەلێ ئێستا ئەوانیش لەناو دەچن.

***ئانا*** ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا بەرنامەی جۆرە نەماوەکانی بۆ مۆبایلەکەی دابەزاند. هەر بە ئاسانی توانیی بە قامکلێدانێک دایببەزێنێت. لێ بە ئەرکی خۆیی دەزانی کە ئاگای لە لەناوچوونی جۆرەکانی گیانەوەر و ڕووەکەکان بێت. کەللەیی بووە. وەلێ هیچیشی پێ ناکرێت.

---

[1] هۆڤییانە: وەحشییانە

[2] قۆڕی: Iguana، حربا(ئەو گیانەوەرە خشۆڵەی کە بەسەر هەر شتێکدا بڕوات، ڕەنگی ئەو شتە دەگرێت.)

[3] جووقەوار: هەرچییەک زیندوو بێت، ذي الروح

گەرمبــوونی زەوی کــاریگەرترین هۆکــاری ئەم لەنــاوچوونە فراوانەیە. چەند دەیەیەک پێشتر لەدەست دەرچووبوو. هەر سەد ســاڵ بەر لە ئێســتا ئەم هەســارەیە گەلێــک جــوان بــوو. بە تێپەڕبــوونی ئەو ســەدەیە ڕازاوەییــیەکەی نەمــا. ببڕای‌ببڕ جیهــان نــاگەڕێتەوە بــۆ بــاری پێشــووی. گەلێــک ســاڵ تێپەڕیــوە کە ئیــدی مــرۆڤ دەســتی لە دەردانــی دووانۆکســیدی کــاربۆن بۆنێــو هەوا هەڵگرتــووە، لــێ ئەو گــازانەی کە دەکرێنە نێــو ئــاووهەواوە، ئیــدی ناتوانرێــت لێــی دەربهێنــرێتەوە. ئەم هەســارەیە بە چەنــدین خــاڵی وەرچەرخانــدا تێپەڕیــوە. ئیتــر لەمەولا مــرۆڤ ناتوانێت دەســەڵاتی بەســەر گەرمبــوونی زەویــدا هەبێــت. ئەوە زەوییــە کە ئێســتا ئەوە دەکات.

پەنــجە لە ڕووی مۆبــایلەکەی دەدات و دەچێــتە نێــو بەرنــامەی کامێرای زەوییەوە. دەتوانێت تێرمیناڵەکە وەک پیشاندەرێک لەکار بهێنێت و، وێنەکــان لەســەر میچەکەی ڕاســەری چرپاکەی پیشــان بدات. خۆی بەرز دەکاتەوە و چاو لە هەسارەکەی دەکات.

باشە دەبێت ئێستا کەش‌وهەوای جەمســەری بــاکوور چلۆن بێت؟ تەماشای زەریای بەستەڵەکی باکووری کرد، شین بــوو و بــریقەی دەدایەوە. هەمــــوو ژوورەکە لیپاولیــــپ[1] بــــوو لە تیشــــک. هــــیچ ســەهۆڵێک نەدەبینــرا و، تەنــانەت لەم سەردەمەیشــدا هەوای نییە. تەنیــا بە نەرمەشــەپۆلەکانی ســەر زەریــاکەدا دەتزانــی کە ئەمە وێنەیەکی جووڵاوە. نیشاندەری سەرئاوکەوتەی دەریایی بینی کە کــامێراکە لەســەری وەســتابوو. دوایــین جــار کە ورچی بــاکووری بینرابوو، چەند دەیە بەر لە ئێستا بوو، کەچی هەڵای ژمــارەیەکی کەم لە باخچەکانی ئاژەڵاندا ماون.

[1] لیپاولیپ: دارماڵ، پڕ، تەژی



Scanned by CamScanner

ئەی زەریای هیمن چۆنە؟ زۆرێک لە دوورگە مەرجانییە دێرینەکان دەمێکە لەژێر ئاودان؛ زۆر وڵات بە تەواوی ئاو دایپۆشیون. تەنیا نیشانەدەری سەرئاوکەوتەی دەریایی ئاماژەیان بەوە دەدا کە کوی پێشتر نشینگە بووە. هەندێکیان ناوی شوێنەکانیان لەسەر نووراوە: ***ماڵدیڤ، کریباتی***[1]، ***تووڤالوو***[2]. ***ئانا*** لە ئاوە روونەکەدا باڵەخانەی عاجین دەبینێت کە مەترێک لەژێر رووەکەوەن؛ پەرستگا کۆنەکان، مزگەوت و کڵێساکان. ئەم شارستانییەتە نوقمبووانە بەهەشتی سەردەمانی زوو بووگن.

ئەدی بێروونی سەهۆڵبەندانی ***سیبریا*** چۆن‌چۆنینە؟ گەرمایە و دەتوێتەوە. ئەو شوێنانە هەڵدەبژێرێت کە پێشتر دیتبوونی، چاو دەبڕێتە شاشەکە و گازی میثان دەبینێت کە لە زەلکاوەکانەوە هەڵدەستێت. دەگوترێت، تا بێت گەرمتر دەبێت.

دەست لە شاشەی مۆبایلەکەی دەدات و دەیخاتە سەر دوایەمین وێنەگەلی سەتەلایتی. گۆی زەوی بە هێواشی دەسوورێتەوە. ئایا کیشوەرەکان بچووکتر لە چەند ساڵێک پێشتر نین؟ ئاخۆ زۆرێک لە شارە کەناراوییەکان ژێرئاو نەکەوتوونە؟ بەستەڵەکەکانی **گرینلاند** و جەمسەری باشوور بە تەواوەتی لە پارساڵ بچووکترن.

باشە ئەو ئاقارەی خۆی لێی دەژی وەک چی دەچێت؟ وا کامێرایەک بەسەر بانی ***ماردانجێرەوە*** دەدۆزێتەوە. دوادوایی ساڵە و هێمان[3] بڕێک گەڵا بە سپییە بییەکانەوەن. نەورەس و

[1] دوورگەیەکە لە ناوەراستی زەریای هێمندا. (و. ک.)
[2] دوورگەیەکە لە باشووری زەریای هێمندا. (و. ک.)
[3] هێمان: هەڵای، هێشتا

قەلەڕەشـەکان وەبـان درەختەکانـدا دەفـڕن. بەیـار[1] و زەویـی دارسـتانەکە دەهێنێـتە پێشـەوە. مشـکێکی دەشـتی لەنێـوان قەدی درەختەکانـدا هەڵـدەقونێت و ڕێـوییەکی سـوور دەردەکەوێـت، بە چەپۆکێک چڕنووکەکانی بە لەشی مشکەکەدا ڕۆدەکات.

بەشـێکی سروشـت مـاوە، بەڵام دەڵێیـت بەرمـاوەی پیـاوێکی دەوڵەمەنـدە. ئەوەی دەیبینێـت جـوانە، وەلـێ دڵـی بەوە ئـاو ناخواتەوە. مافی خۆیەتی لە سروشتێکی ساغدا بژی. نەک وەکوو پەنیری سویسری کون‌کون بێت.

بڕیـاری دا کە تەواوی ئەو ڕۆژە هەر سـەیری وێـنە و فیلمەکـانی سەرەتای ئەو سەدەیە بکات. هەر چەند چرکەیەکی پێ دەچوو کە ئەو فرمـانە دیـاری بکـات. ١٢ی کـانوونی یەکەمـی ٢٠١٢ی مینـا دوایین ڕێکەوت نووسـی. لێرە بەدواوە دەتوانێت تەنیا ئەو پێگە ئەلیکترۆنییـانە داببەزێنێـت کە بەر لەم ڕێـکەوتە کـارا بـوونە. دەتوانێـت بـۆ ئەو دوای ڕۆژەکەی چێـژ لە وێنەگەلـی بەر لە بەرواری ١٢ی ١٢ی ٢٠١٢ی زەوی وەربگرێـت. ئەو سـەردەمە بەشەکانی سەر زەوی سەرنجڕاکێش بوون. بەرنامەکە دادەخات. دەتوانێت بـۆ سبەینێ بەرنـامەکە بکـاتەوە و، پاشـان بەرنـامەکە نـاوەڕۆکی بابەتەکـانی خـۆی پیشـان بـدات—چـونکە نایەوێـت تەنانەت نەرمۆڵەیەک یان وەنەوشەیەک لەناو بچێت و، ئەم ئاگای لێی نەبێت. ئەوە بە هەڵکەوت نییە کە ٢٠١٢/١٢/١٢ مینا دوایین ڕێکەوت هەڵدەبژێرێت. دەزانێت کە لە نزیکی ئەو ماوەیەدا بوو کە دووزەنەی ژینگەیـی دەسـتی بە تێکچـوون کـرد. ئینجـا ئەو ڕێکەوتەیش ڕۆژی لەدایکبوونی داپیرە گەورەیەتی.

---

[1] بەیار: زەویی نەکێڵراو



Scanned by CamScanner

بەنێو ئەرشیفەکەدا دەگەڕێت و دەست بە سەیری مەیموونی هاوشێوەی مرۆڤ دەکات. هەرکە شامپانزییەک دەبینێت، دڵی دادەخورپێت. زۆر پێکەنیناوین و، ئەم وەپێکەنین دەهێنن. ئاژەڵن—کەچی زۆر لە مرۆڤ دەچن! ئەوانەیش کەسایەتیی خۆیانیان هەیە. بەچەکەکانیان لەنێو میشەکەدا[1] لەگوێن منداڵی مرۆڤ یاری دەکەن. وێنای بکە! تەنێ چەند ساڵێک بەر لە ئێستا ئەم بوونەوەرە گاڵتەجاڕانە لەسەر زەوی ژیاون. هەنگینێ خستییە سەر گۆریلاکان. ئەو ئاژەڵەی ئەم تەماشای دەکات، پردی نێوان مرۆڤ و تەواوی سروشتە. گۆریلاکان خەمبار دەردەکەوتن، چونکە تا ڕادەیەک دەیانزانی کە ڕێی ڕزگاربوونیان نییە. ئەمێستاکە بۆ هەتاهەتایە نەماون، ببڕای‌ببڕ ناگەڕێنەوە. تەماشای یەک-دوو ڤیدیۆ لەمەڕ مەیموونی دەستدرێژی مرۆڤشێوەوە دەکات. کە هیی ***بۆرنیۆ*** و ***سوماتران***. دایکانەیەکیان شیر بە بەچکەکەی دەدات. بەچکەیەکی لەشساغ و زیتەڵە دیارە، وەلێ وا دەردەکەوێت کە دوایین مەیموونی لەو جۆرە بێت کە لە دارستاندا لەدایک بووبێت ...

ئەو دەمەی داپیرە گەورەی ***نۆڤا*** گەنج بوو، دەکرێت ڕێک تەماشای هەمان ئەم ڤیدیۆیانەی کردبێت؛ ئاخر لەو ڕۆژگارەدا تۆمار کرابوون و، ئێستاکە بوونەتە ئەرشیف. لێ ***نانا*** باسی ئەوەی بۆ خەڵکی کردبوو کە بە گەشت بۆ ئەفریکا چووە و مەیموونی مرۆڤشێوەی لە دارستاندا بینیوە. ئیدی هەرگیز مرۆڤ شەمپانزی یان گۆریلا بە چاوی سەری لەنێو دارستاندا نابینێتەوە. هاوسەردەمانی ***نانا*** دوایەمین کەسانێک بوون کە بینیبوونیان.

---

[1] میشە: بێشە، دەوەن



Scanned by CamScanner

کچەی گۆرین تەماشای ڤیدیۆکان دەکات. خۆ دەزانێت کە هەزارن ڤیدیۆی لە بەردەستدایە تا یەکێکیان هەڵبژێرێت. ئەو فیلمەی **بی‌بی‌سی** هەڵدەبژێرێت کە **داڤید ئاتێنبرۆو** پێشکەشی کردووە. **نۆڤا** بە چاوی زەقەوە دادەنیشێت، تەماشای ئەو دیمەنە جوانانەی جیهانی لەناوچوو دەکات.

تەماشای ئەو ژیانە جەنجاڵەی نێو دوورگە مەرجانییەکانی دەکرد. نەرمۆڵە، ڕۆبیان، گیای بنی دەریا، کیسەڵ و ماسییە ڕەنگاوڕەنگەکانی دەکرد. دەتگوت خودا بە دەستی خۆی دانەبەدانەیانی ڕەنگ کردووە. لێ **نۆڤا** بە دڵێکی خەمگینەوە دەیزانی کە هەرچییەک لە شاشەکەی ڕاسەری چرپاکەیدا دەبینێت، دەمێکە تیا چووە. ئەمێستاکە نە دوورگەی مەرجانی ماوە و نە پۆلە ماسیی ڕەنگاوڕەنگ. زەریا فرە ترشەپتر لە سەدساڵە هەر بە زۆر ملیۆنان و ملیۆنان تەن دووانۆکسیدی کاربۆنی دەرخوارد دەدرێت. وەک ئەوە دەچوو جنۆکەیەک لە گۆشەیەکەوە سەری دەرهێنابێت و گوتبێتی: *باشە، خۆیەتی! ئەوەندە بەسە! پێویستە ئەم هەموو جوانییە بخنکێن!*

چاوی لە شاشەکە کرد و ئەو شوێنەی بینی کە کاتی خۆی دارستانی مەزنی ئەمازۆن بووە، کەچی ئێستا گەورەترین بێروونی کاکی‌بەکاکیی[1] جیهانە. تەماشای فیلمێکی کۆن لەمەڕ پەپوولەکانەوە دەکات. نەخشە دڵڕفێنەکانیان تەزوو بە لەشیدا دەهێنن، لێ دەیزانی کە هەموو پەپوولە جۆراوجۆرانەیش تەنیا لە شێوەی ئەلیکترۆنیدا ماون.

---

[1] کاکی‌بەکاکی: زۆر پان و بەرین



Scanned by CamScanner

چەلان[1] هەرگیز ئەوەنــدە بــوونەوەرانی زۆروزەبەنــد لە شاشــەکانەوە نەدەبینـران. چەلان هەرگیز بـوونەوەران لەسـەر زەویدا کە، نەبوون.

ئەو بابەتـانە دەخـوێنێتەوە کە خەڵکی لەسـەرەتای سـەدەکەوە لە ڕۆژنـامە و پـێگە ئەلیکترۆنییەکانـدا نووسـیویانن. هێمـان هەمـوو شـتێک لە ئینتەرنێتدا هەیە: وشـە، وێنە و دەنگەکـان. لە بابەتێکدا نووسـراوە: "ئـێمە نـاتوانین چاوپۆشـی لە زەویـیەک بکەیـن کە هەژارتـر بێـت لەو سـەردەمەی بۆمـان مـابووەوە ..." ئاهـا کـرتە لەسـەر دانەیەکـی دی دەکـات: "دەتـوانم وێنـای بێزاریـی نەوە و نەوەی نەوەکانمـان بکەم، چـونکە سـەرچاوەکانی بژێـوی، گـاز و نەوت و، هەروەها جۆراوجۆریی ڕووەک و گیانلەبەران نەماون."

سەری ڕادەوەشێنێت. ئەو هەموو هۆشدارییە.

پێی خـۆش بـوو بزانێـت ئـاخۆ ***نانا*** بە گەنجی هیچی نووسـیوە. ئەگەر ئێستا بە پاڵێوەری گەڕانەکە شـتێک بدۆزێتەوە، دەبێت بەر لە شـانزە سـاڵی نووسـیبێتی. بەدوای نـاوی ***"ئانـا نیـروود"***دا دەگەڕێت. چەنـد هەوڵێکـی گەڕان دەدات و لە کۆتاییدا ئەنجامێک دەردەکەوێت. نامەیەکەـــبۆ ***نۆڤا***!

مووی سەر باڵی ***نۆڤا*** ڕەق بوون.

سڵاو، ***نۆڤای*** ئازیز،

ئەو دەمەی ئەمە دەخـوێنێتەوە، نـازانم جیهـان وەک چـی دەچێت، بەڵام خۆ تۆ دەزانیت ...

[1] چەلان: جاران

چلۆن شتی وا دەبێت؟ نامەکە ڕێکەوتی ١١ی١٢ی ٢٠١٢ی لەسەر بوو—ڕۆژێک بەر لەوەی ***نانا*** ببێتە شانزە ساڵ. باشە چۆن ئەوە بۆ ***نانا*** ڕێی تێچووە کە حەفتا ساڵ بەر لەوەی نۆڤا لەدایک ببێت، نامەیەکی بۆ بنووسێت؟

***نۆڤا*** دیسانەوە سەیری ڕێکەوتی گەڕانەکەی کرد. ڕێک هەمان ئەوە بوو کە خۆی بۆی گەڕابوو. تێرمیناڵەکە هیچ نووسراوێکی پاش ٢٠١٢/١٢/١٢ی پێ نەدەگەیشت.

ئەی باشە **نانا** چۆنی زانیوە کە نەوەیەکی بە ناوی ***نۆڤا***وە دەبێت؟ ئایا فالگرەوە بووە؟

ئاخۆ ئێستایش هەر فالگرەوە بێت؟

***نۆڤا*** لەسەر چرپاکەی هەڵدەستێتەوە و بەنێو ژوورەکەدا دێت و دەچێت. شاشەکە دەکوژێنێتەوە و بابەتێکی دەنگی دەخاتە سەر، ئەمەیش بەرهەمێکە بۆ سەرەتای سەدەکە دەگەڕێتەوە.

دەنگی پیاوێک دەڵێت: "... لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەمەوە، سووتەمەنیی ژێرزەوی وەکوو دێوەکەی نێو چراکەی عەلادین فریوی داوین. کاربۆن بە چرپاندی: 'بەرەڵڵام بکە.' جا ئێمەیش هەڵفریواین و بەرەڵڵامان کرد. ئینجا ئێستا دەمانەوێت بە زۆر بۆنێو چراکەی بگەڕێنینەوە."

دڵۆپە بارانەکان بەری پەنجەرەکە دەکەون. ***نۆڤا*** لەژێر میچە لێژەکەدا دادەنیشێت و هەوڵ دەدات بەنێو بارانەکەدا بڕوانێت. سەردەمانێک پێش ئێستا بەنزینخانەیەک لە دۆڵەکەدا هەبوو—هێمان شوێنەوار دیواری چیمەنتۆیی و ئاسنی ژەنگن لە شوێنەکەیدا ماون. ئێستا، ئەستەمە ئۆتۆمبێل بەلایدا ڕەت ببێت، بەلام هێشتا کاروانی عەرەبەکان بە سواری وشترەوە بیرەدا



Scanned by CamScanner

دەگوزەرێن. ئیدی باکووری ئەفریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوین جێی نیشتەجێبوون نین و، خەڵکەکەیان بەرەو باکوور پەنا دەبەن، لە کەنارەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئەرویجدا دەگیرسێنەوە.

هەڵدەکورمێت و ڕووخساری بە شووشەی پەنجەرەکەوە دەنێت. ئێستا دەتوانێت باشتر ببینێت. لەو خوارەوە، لە بەر بارانەکەدا، کۆمەڵێک کەس لەتەنیشت سێ وشتری بارکراودا ڕاوەستاون. دووکەڵ لە ئاگرێکەوە هەڵدەستێت ...

# ڕووناکیی شین



**ئانا** به هۆی فیکەی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنەوە لە خەوەکەی داچڵەکی. چاوە خەواڵووەکانی پرتاند و تیشکی ڕووناکییەکی شینی لە ژوورەکەیدا بینی. لێ نەیدەویست لە خەوەکەی بکرێت—پێویست بوو لە خەو هەڵنەستێنرێت. ئاخر خەونەکەی زۆر گرنگ بوو و دەبوو بچێتەوە نێوی و شتێک ڕێک بخات ...

ئەمە یەکەم چەل نەبوو کە بە هۆی فیکەی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنەوە لە خەو دابچڵەکێت. چەند هەفتەیەک پێشتر، شەو **جۆناس** لەوێ مابووەوە و لە ژووری پشتییەکانیاندا نووستبوو—وایان پێ دەگوت، چونکە قەنەفەکە بە پشتی داپۆشرابوو. پووره **سونیڤای** پیر دیمەنی چیرۆکە ئەفسانەییەکانی لەسەر هەموو پشتییەکان چنیبوو. ئەو دەمەی **ئانا** زۆر بچکۆلانە بوو، دایک و باوکی چیرۆکیان بۆ دەگێڕایەوە

و، دواتر وێنای خۆیی مینا شێوە چنراوە بچووکەکان دەکرد، لاسایی چیرۆکەکانیانی دەکردەوە و لەنێویاندا دەژیا.

وەلی ئەو شەوەی جۆناس لەوێ خەوتبوو، لە نیوەی شەودا خانەخوێ بە دەنگی فیکەی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن خەبەری بووەوە. ئۆتۆمبێلەکان هەر ئەوە نەبوو کە لەوێوە تێپەڕ بووبن و تەواو؛ لە ڕێگەکەی خوارەوەدا وەستابوون. ***ئانا*** و ***جۆناس*** پێویستیان بەوە نەبوو کە یەکدی لە خەو هەڵبستێنن. بە لەز هەرایان کردە دەرەوە، ئەوەندەی نەمابوو بە یەکدیدا بکێشن. تۆزێک دواتر، دایک و باوکی ***ئانا*** گورج بەدوایاندا بە پلیکانەکاندا چوونە خوارەوە.

ئۆتۆمبێلی زۆر لە هەردوو لای دۆڵەکەوە وەستابوون: ئۆتۆمبێلی پۆلیس، ئامبولانس و ئاگرکوژێنەوە. لەنێو تیشکە شینەکەی ڕووناکییەکەدا بیچمی تەنکەرێکیان بینی کە لەسەر ڕێگە خلیسکەکەدا وەرگەڕابوو. لەلایەن پۆلیسەکانەوە، کە ناوچەکەیان گەمارۆ دابوو، وەستێنران و نەیانهێشت نزیک ببنەوە. دواتر بیستیان کە پیسبوون و ئاگرکەوتنەوەیەکی ترسناک هەبووبوو، چونکە تەنکەرە وەرگەڕاوەکە هەزاران لیتر نەوتی خاوی هەڵگرتبوو. کاتێک ئەفسەرەکەی پۆلیس بە سەریاندا گوڕاندی: "بچنە دواوە! کورە بۆ خاتری خوا دوور بکەونەوە!" کارمەندەکەی ئاگرکوژێنەوە چینێک کەفی وەشاندبوو.

***جۆناس***، ***ئانا*** و دایک و باوکی ڕوویان وەرگێڕا و خێرا گەڕانەوە. سەرەتا لە باخچەکەدا ڕاوەستان و سەیری دیمەنەکەیان دەکرد، پاشان کە دایکی شوکولاتەی گەرمی ئامادە دەکرد و باوکیشی لەبەردەم ئاگرەکەدا دانیشتبوو و سەبیلی دەکێشا، ***ئانا*** و ***جۆناس*** لە ناندینەکەدا دانیشتن و گوێیان بۆ ڕادیۆ ڕاگرت ...



Scanned by CamScanner

لێ ئەم چەلەیان ***ئانا*** نەیهێشت خەوەکەی بە تەواوەتی بەو دەنگە بزرێت. لە دونیایەکی دیکەدا بوو و، ئەرکێکی لەسەر شان بوو.



Scanned by CamScanner

# داپیرە گەورە



تەقەی دەرگــــایە، تارمــــاییییەک دەردەکەوێــــت و خــــۆی بەنێــــو ژوورەکەدا دەکــــات. **نۆڤــــا** ئــــاوڕ دەداتە و دەبینێــــت کە **نانــــا**یە. **کیمۆنۆ**یەکی[1] شینی پۆشیوە.

**نۆڤا** لە لێواری چرپاکەیدا دادەنیشێت و تەماشای سەروسیمای پیرەژنەکە دەکات. بە دڵنیاییییەوە دەیناسێتەوە، وەلێ هەست بە شتێکی نهێنیئامێزیش دەکات، شتێکی نامۆ. ڕووخساری **نانا** بچووک و چرچە. ڕۆژی لەدایکبوونی **نانا**یە. ئەورۆ هەشتاوشەش ساڵە.

شتێکی جیاواز لە ڕووخساریدایە، تێک چووە. **نۆڤا** موچرکێک بە لەشیدا دێت. وەک ئەوە دەچێت کە هەر هەناسەیەک دوایەمین هەناسەی **نانا** بێت.

موستیلە یاقووتییەکەی لە قامکدایە. **نۆڤا** دەزانێت کە لەنێوان ئەم موستیلەیە و ئەو هەستەی کە **نانا** خەریکە کاتی تەواو دەبێت،

---

[1] **کیمۆنۆ** جلێکی ژنانەی ژاپۆنییە. (و. ک.)



Scanned by CamScanner

پەیوەندییەک هەیە. ***نانا*** وەک پەیامنێری سەردەمێکی دیکە دەگاتە ژوورەکە. دوو قامکی لەسەر خشڵە سوورەکە دانابوون. پاشان گوتی:

"***نۆڤا***، بیر لە یاقووتەکە دەکەیتەوە، وانییە؟"

***نۆڤا*** سەری دەلەقێنێت. دەتگوت ***نانا*** دەتوانێت مێشکی ***نۆڤا*** بخوێنێتەوە.

پیرەژنەکە کورسییەکی دارینی لای مێزەکەدا هێنا و لەبەرانبەر کچەی تایندا[1] دانیشت.

"ئەمرۆ دەمەوێت باسی ئەو باڵندانەت بۆ بکەم کە لە سەردەمی لاوەتیی مندا لە چیاکاندا دەژیان. هێشتا ئەو چریکە خۆشەی پەپووسلێمانە لە گوێمدایە."

***نۆڤا*** باری گران دەبێت. ئایا هەر بە ڕاست دەیەوێت ئەم چریکەیە ببیستێت؟ بڵێیت لەمەو دوا بێزار بێت لەوەی گوێ بۆ ئەم پیرەژنە بگرێت؟

بە تاڵییەوە دەڵێت: "پێویست ناکات کە هیچم پێ بڵێیت. ئەوەی دەمەوێت بیزانم، ئەوەیە چۆن باڵندەکان بگەڕێنمەوە."

سەیرێکی سەر و سیمای ***نانا*** دەکات. شەرمەزارییەکی قووڵ، یان پەشیمانی لە ڕووخساری پیرەژنەکەدایە. لەوانەیە پەشیمانی بێت.

"من مەیموون و شێر و پڵەکانیشم دەوێن. دەمەوێت گشتیان بگەڕێنەوە. ئەرێ تۆ بۆچی تێناگەیت، ها؟ ورچ و گورگەکانم

[1] تاین: گۆڕین، فلانی، یارۆ



Scanned by CamScanner

دەوێـن. تـووتیی دەریاییشـم[1] دەوێـت. هەروەهـا کەرەواڵەیشـم! تـوودرک، شـیرنۆکە[2]، هەڵاڵە و شـۆڕەبیی کـوڵم[3] دەوێـن. ئەی دەتزانی کە شۆڕەبیی کوڵ گیایەکە بەرزییەکەی چەند سانتیمێکە؟ یان تۆ بوویت کە ئەمەت پێ گوتم؟"

خانمە پیرەکە مووڕکێک بە پشتیدا هات.

"بەڵام **نۆڤا** ..."

"تۆ دەزانیت کە چیم دەوێت؟ پێت بڵێم؟ دەمەوێت ئەو ملیۆنان ڕووەک و گیانلەبەرەی تیا چوونە، بگەڕێنەوە. ***نانا***، هەر ئەوەم دەوێـت، نە زیـادتر، نە کەمتـر. دەمەوێـت ئـاوی سـازگار لە بەلـۆعەکەوە بخـۆمەوە. دەمەوێت بـۆ ڕاوەماسـی بـۆ ڕووبـارەکە بچـم. ئینجـا دەمەوێـت ئەم کەشوهەوا سـارد و تەڕە زسـتانییە ببڕێتەوە."

"**نۆڤا**، تکایە. **نۆڤا**!"

"مـن تەنیـا دەڵـێم ئەو جیهـانەم دەوێـت کە تـۆ لە تەمەنـی منـدا هەتبووە. دەزانیت بۆچی؟ چونکە تۆ ئەوە قەرزاری منیت!"

"**نۆڤا**، بیبڕەوە!"

"نەکا پێت خۆش بێت کە دەرتبکەمە دارستانەکەوە؟ جیهانەکەمم بۆ بگەڕێنەوە. دەی گەلە گەوەزنەکانی بانی ***ماردانجێر***م بدەرەوە.

---

[1] دەنووکێکی کوڵی ڕەش و پرتەقاڵیی هەیە کە پرتەقاڵییەکەی زۆرترە. شێوەی ڕەنگی لەشی لە بەتریق دەچێت. (و. ک.)

[2] شیرنۆکە: گیایەکی هەمیشەییییە تا مەترێک بەرز دەبێت، گوڵ و سەرلقەکانی بۆ دەرمان دەشێن.

[3] Dwarf Willow

ئەگەر ناتوانیت ئەوە بکەیت کە دەیڵێم، باشتر وایە هەر ئێستا بڕۆیت."

"بەلام *نۆڤا* ..."

"دەزانیت ئاواتی چیی دیکەم هەیە؟ ئاواتم ئەوەیە کە هەموو شتێکی سەر ئەم هەسارەیە هەلی دووەمی بدرێتێ. ئەگەر داواکەم زۆر نەبێت، تۆ بە وێنای بکەیت. وەکوو پێشبڕکێی نیشانەشکێنیی دەبێت. ئەگەر جارێک نەتپێکا، ئەوا جارێکی دی دەتوانیت هەوڵ بدەیتەوە. بەس بیر لەوە دەکەمەوە کە دەبێت تۆ جیهانم بۆ بگەڕێنیتەوە. ئەگەر خەڵکی لەبری ئەوەی لە هەڵەکانیان شەرمەزاری بکێشن، تێهەڵچووبانایەتەوە و هەڵەکانیان ڕاست کردبایەتەوە، باشتر بوو. ئەی مەگەر ئەوە شتێکی ئاسان نییە؟ دەی *نانا*، داپیرە گەورەییەکی باش بە و هەموو گیانلەبەران و ڕووەکەکانم بۆ بگەڕێنەرەوە. ئەگەر ئەوەم بۆ بکەیت، ئەوا دەتوانین پێکەوە باسی خوێندنی باڵندەکان بکەین."

بۆ ساتێکی زۆر کەم چاوی بڕییە چاوی *نانا*. چاوەکانی پڕ بووبوو. ترساو و خەمگین بوو. وەلێ *نۆڤا* درێژەی دایێ: "ئەوە باسی چیم دەکرد؟ منیش قسەی گێلانە دەکەم. ئەستەمە هیچ شتێک بگۆڕدرێت. ناتوانین بگەڕێینەوە. مەگەر وا نییە، *نانا*؟ یان ئەوەی بە نیازیت پێم بڵێیت کە دێوێک لە چراکەدایە و دەتوانێت یارمەتیمان بدات؟"

*نانا* بە دژواری لەسەر کورسییەکە هەڵدەستێتەوە. وەک بڵێیت نەوەکەی لە هەر ساتێکدا پەلاماری بدات. توند مشتەکۆڵەیەکی لێ بدات.

لێ پیرەژنەکە دەڵێت: "ئەرێ، *نۆڤا* گیان. منیش دەمویست وا بڵێم."



Scanned by CamScanner

"چی؟"

پیرەژن دەستی بە موستیلە نهێنیئامێزەکەدا هێنا. بە چاوێکی مینا خەوالووانەوە سەیری نەوەکەی کرد:

"گاهەس جیهان هەلێکی دیکەیشی هەبێت ..."

هەی پیرەژنی داماو. ئەوە باسی چ دەکات؟ وەلێ بە شێوازێکی وا گوتی کە ***تۆڤا*** لە خشتە دەبات.

کچەی گۆرین دەڵێت: "مەبەستت چییە؟ پەڕجوو؟"

بریقەیەک لە چاوانی ***نانا***دایە. گورج سەری دەلەقێنێت، پاشان زەردەخەنەیەک دەکات.

ئێستاکە هەرتکیان هاوڕێن. ئاخر کاتی خۆیشی ***نانا*** شانزە ساڵ بووە. ئەی مەگەر نەبووبوو؟

بەڵای ئەی دەتوانن چی بکەن؟ ***تۆڤا*** سەیری دیوارە ڕەنگ سوورە خوێنینەکە و ***نانا*** بە ***کیمۆتۆ*** شینەکەیەوە دەکات: "ڕەنگە بتوانین بەنێو کاتدا بقیڕێنین و بەو خەڵکانەی بەر لە ئێمە ژیاون بڵێین کە تۆزقاڵێک گرنگیمان پێ بدەن. نا؟ تەنیا پێویستە لەو دڵنیا ببینەوە کە هێندە بە بەرزی بقیڕێنین کە گوێیان لێمان بێت."

پیرەژن سەری با دا: "شتی وا ڕێی تێ ناچێت. بەڵام پێم وایە ڕێیەکی دی دەزانم."

"ئا دەی. شتێکی بانسروشتییە[1]؟"

"نازانم، ڕۆڵە گیان. گاهەس سروشتیترین شتی جیهانیش بێت."

---

[1] بانسروشتی: Supernatural

ڕوخساری **نۆڤا** زەردەیەکی ڕێ نیشت. گوتی: "با بزانم تێدەگەم، بە تەمایت پەیوەندی لەگەڵ ئەو کەسانەدا بگریت کە پێش ئێمە لەسەر زەوی ژیاون، تا هۆشدارییان بدەیتێ، بە نیازیت پیشانیان بدەیت کە زەوی چیی بەسەردا دێت ئەگەر دەست لە تێکدانی سروشت هەڵنەگرن. دەی ***نانا***، دەتەوێت ئەمە بکەیت؟"

پیرەژنەکە بە شێوەیەکی سەیر سەری دەلەقێنێت.

وەلێ پاشان **نۆڤا** زۆر بیر لەمە دەکاتەوە. لەسەر چرپاکەی هەڵدەستێتەوە و لە پەنجەرە تەسکەکەوە تەماشای ڕێگەکە دەکات. هەڵای وشترەکان و تاقمەکە لەوێدان.

هەناسەیەک هەڵدەکێشێت: "شتی وا نابێت. سروشت زۆر شێوێنراوە—بە جێیەک گەیشتووین کە گەڕانەوەی نییە."

"باشە تۆ تەواو لەوە ئاگەداریت؟" زەردەخەنەکەی ***نانا*** فریودەرە. دیسانەوە یاری بە موستیلەکە دەکات.

**نۆڤا** لە ***نانای*** میهرەبان دەپرسێت: "هیچ پەیوەندییەکی بە یاقووتەکەوە هەیە؟ مەگەر ئەو بەردە گەوەزنەکانمان بۆ دەگەڕێنێتەوە؟"

دیسانەوە نانا سەری دەلەقێنێتەوە و، ئەوەکەی پێدەکەنێت.

**نۆڤا** دەڵێت: "هەر وام بیر دەکردەوە. هەمیشە زانیومە کە شتێکی جادوویی لەم خشڵەدایە."

**نۆڤا** بیر دەکاتەوە کە داوای چیی دیکە بکات: "ئەی دەکرێت کوندەپەپوویش بگێڕیتەوە؟ هەر جووتێک، تکایە. ئینجا سەگی ئاوی و، پەپوولەی شینیش ..."

**نۆڤا** ناتوانێت بەوەندە دەستبەردار ببێت. بە خێرایی بیر دەکاتەوە، هێندە خێرا کە سەری لە گێجەوە دەچێت. ساتێکی زۆر خۆشە. دەشێت لە هەر ساتێکدا لێشاوێک لە ئاواتەکان بەدی بێن، هەر وەک ئەو دەمەی کە گەلە ئەستێرەکان بە ئاسماندا دەڕۆن. وەلێ کێ دەتوانێت بە خێرایی ڕۆیشتنی ئەستێرە بیر بکاتەوە؟ کچەی تاین خۆی ڕێک دەخاتەوە:

"ئەی دەکرێت ملیۆنان جۆری گیانلەبەر و ڕووەک بگەڕێنەوە؟"

"ئەری، ئازیز گیان، دەکرێت."

"زێدەکانیشیان؟ سوودی نییە کە جووتە گیانلەبەرەکان بپارێزیت. ئاخر گیانلەبەران و ڕووەک دەبێت شوێنێکیان هەبێت تا تیایدا بژین، دەبێت گەشە بکەن، بۆیە پێویستە دارستانە باراناوییەکانیش بگەڕێنرێنەوە، دەبێت پلەی گەرمای چیاکانیش چەند پلەیەک کەم بکرێتەوە و، پێویستە دەشتی ئەفریکایش بارانی تێدا بباریت. بەڵام تۆ خۆت ئەمە دەزانیت، چونکە گێل نییت، بەڵێ، گێل نییت—ئاخر چۆن دەشێت گێل بیت!"

**نانا** موستیلە سوورەکە دەگرێت. هەنگینێ بە دەنگێکی سامناک دەدوێت. پتر لە دەنگی جادووگەر دەچێت: "بەم نزیکانە زەوی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شێوەیەی کە من لە تەمەنی تۆدا بووم، بەڵام دەبێت بەڵێنم بدەیتێ کە چاودێریی بکەیت. چونکە ئەمە دوایەمین هەلمانە. لێرە بەدواوە دەبێت بەپارێز بین. ئیدی هیچ هەلێکی دیکە نییە."

شتێکی نامۆ لە لەرەلەری وشەکانی **نانا**دا بوو. دەتگوت لەلایەن ژێرزەمینێکی قوولەوە هەڵدەلووشرێن یان ئەشکەوتێکە بە کۆکەوە دەریاندەکاتەوە.



Scanned by CamScanner

لێ ئەو تەواو نەبووبوو: "جا دەبێت دیسانەوە دوای حەفتا ساڵی دیکە پێک بگەینەوە. ئەو دەم ئەوە تۆیت کە لێت دەپرسرێتەوە."

***تۆڤا*** دەســتەپاچە بووبــوو. ئەمە هەســتێکی وای لا دروســت کردبوو، وەک بڵێیت گەورەترین چاوبەستی جیهان بێت.

ژوورەکە وەجووڵە دەکەوێت و، کاتێک ***نانا*** زەردەی دێتێ وەک زارۆک دەچێت—پتر لە زارۆک دەچێت تا ژنێک لەو تەمەنەدا. سەری بۆ دواوە بەسەر کورسییە کۆنەکەدا لار دەکاتەوە— دەتگوت مردووە. هەنگین بە دەنگێکی گڕ دەڵێت؛ دەڵێیت لە کۆڕی جادووگەراندا گۆرانی دەڵێت.

"هۆ هەموو باڵندەکان، هەرچەندە زۆر لاوازیش بن ... بە جارێک وەک بێشتر بگەڕێنەوە! پەرەسێلکەی دەریایی و گاکۆتر، کەرەواڵە و چۆلەکە ... بۆ هەمیشە جیکەجیک بکەن! کڵاو کورە وەرە و لە ئاسماندا بسوورێرەوە ... لەو بەرزەوە مژدەی نەوبەهار بدە. نە زوقم ما نە سەهۆڵ. تیرێژ و ڕووناکی دەرکەوتن!"

# سندووقە سوورەکان



*ئانا* لەپڕ لەخەو داچڵەکی و چاوانی کردنەوە. بۆنێکی سەیری زۆر توند و خنکێنەر لە ژوورەکەدا بوو. گڵۆپی خوێندنەوەکەی سەر چرپاکەی داگیرساند و سەیری دیوارەکان و میچە لێژە شینە کاڵەکەی کرد.

خەونی بینیبوو ...

چ خەونێکی سەیر بووبوو، فرە نهێنیئامێز و دڵخۆشکەر بووبوو.

کچە لە داهاتوودا ژیابوو و هەر لە هەمان ئەم ژوورەی ئێستادا بووبوو، لێ لە خەونەکەدا دیوارەکان چەشنی خوێن سوور بووبوون و شاشەیەکی تەختی گەورەیش بە میچەکەوە بووبوو.

جریوەی چۆلەکە کلاونەکانی دەرەوەی بیست. ئەو دەمەی بە زستاناندا کەشوهەوا خۆش دەبێت، دەجریوێنن. لێ پاشان دەنگی بزوینەری ئۆتۆمبێلێکی بیست کە لەو خوارەوە لای



Scanned by CamScanner

بەنزینخانەکەوە دەهات. دەرگایەکی ئۆتۆمبێلەکە قایم پێوە درا. جا هەنگین ئۆتۆمبێلێکی دی لە بەری ڕۆژئاواوە دەهات. ئینجا دانەیەکی دیکەیش بە خێرایی هات.

دەستی لە یاقووتەکە دا. گەنجینەیەکی دێرین بوو کە نزیکەی سەدەیەک لە ماڵباتەکەیاندا پارێزراوە. کاتی خوی پوورە ***سونیڤای*** لەگەڵ دەستگیرانەکەیدا بۆ ئەمێریکا چووبوو و ئەم موستیلەیەی لەلایەن ئەوەوە پێشکەش کرابوو، چەند هەفتەیەک دوای ئەوەی گواستبوویەوە، لە ڕووداوێکی لێڵدا لە ڕووباری ***میسیسیپی***دا خنکابوو.

ماڵباتی ***ئانا*** پێیان خۆش بوو بە "میراتیی دێرین" ناوی ببەن، وەک ئەوە بوو گوزارشت لە شتێکی ئەفسووناوی بێت، ئاخر هەموویانی سەرسام کردبوو. ئێستاکە ***ئانا*** خێوی[1] موستیلەکە بوو. ***ئانا*** لە نەنکیەوە بۆی مابووەوە کە پار مردبوو. نەنکیشی ڕاستەوخۆ لە خوشکە بچووکەکەی دایکیەوە، کە ***سونیڤا*** بوو، بۆی مابووەوە.

شتێک لەمەڕ ئەو موستیلەیەوە لە خەونەکەیدا بوو ...

لە خەونیدا ناوی ***نۆڤا*** بووبوو و داپیرە گەورەیەکیشی هەبووبوو کە ناوی ***ئانا*** بووبوو کە هەر وەکوو ئەم لە هەمان ڕێکەوتدا لەدایک بووبوو. ئەوڕۆژە ٢٠١٢/١٢/١١ بوو و، سۆزییش[2] شانزەیەمین ساڵیادی لەدایکبوونی ***ئانا*** بوو.

داپیرە گەورە، یان ***نانا***، موستیلە زێڕینە نقێمیاقووتییەکەی لە قامکدا بوو، هاوشێوەکەی ئەو موستیلەیە ***ئانا*** لە قامکی کردبوو.

---

[1] خێو: ماخۆ، خودا، خاوەن

[2] سۆزی: سارە، سبەینێ



Scanned by CamScanner

دەی خـۆ هەر هەمـان موسـتیلەبوو—ڕێـک لە هەمـان قـامکیش کرابـــوو! ***ئانـــا*** لە خەونەکەدا نەوەی خـــۆی بـــوو و، لە چـــاوی نەوەکەیشییەوە خۆیی مینا داپیرە گەورەی خۆی دەبینی.

زۆر سەرنجڕاکێش نەبوو کە ***ئانا*** لە خەونیدا خۆی نەوەی خۆی بێت. ئـاخر جارێکیـان خەونـی دیبـوو کە ***ناپلیۆن***ـە و، کەڕەتێکـی دیکەیـش لە خەونیـدا قـاز بووبـوو. بەڵام ئـاخۆ ئەم هەمـوو شـتە خەون بووبوون؟ ***ئانا*** لەم بارەیەوە دڵنیا نەبوو. خەونەکەی—نەک هەر لەو کـاتەدا، بەڵکـو لە ئێستاکەیشـدا کە دەمێـک بـوو خەبەری بووبووەوە—فرە لە ناسراو و ڕاستەقینە دەچوو.

زێدی سرووشتیی گیانلەبەران لە جیهانەکەی ***نۆڤا***دا تێک چووبوو و، هەزاران ڕووەک و گیـانلەبەر قەڵاچـۆ بووبـوون. لیپاولیـپ لە ناخۆشی و ڕق بـوو، پەنـای وەبەر داپیـرە گەورەی بردبـوو و ئەو جیهـــانەی لێـــی خواســـتبوو کە سروشـــت تیایـــدا دەوڵەمەنـــد و هەمەجـۆر بـوو مینـا ئەو سـەردەمەی ***ئانـا*** کـچ بووبـوو. پاشـان پەرجوویەک ڕووی دابوو، چونکە ئێستاکە سەرەتای ئەو سـەدەیە بوو. ئاخر بیرۆکەی ئەوەی کە حەفتـا سـاڵ بۆ دواوە بگەڕێیتەوە هێشـــتا تـــازە بـــوو. ***ئانـــا*** و تەواوی جیهـــان دەرفەتێکـــی دیکەیـــان درابـــوویێ و، ، هەمـــوو ئەمـــانەیش بە جـــۆرێکی نهێنیئـــامێز پەیوەندییان بە موستیلەکەوە هەبوو.

ئای لەو ڕۆژگارەی تێی کەوتووە! وای هەست دەکرد وەک بڵێیت لە ئاستانەی سـەردەمێکی تـازەدا وەسـتابێت. ئێسـتا دەکرا هەمـوو شـتێک سـەرلەنوێ دەسـت پێبکـاتەوە. جیهـان تـازە بـوو، بێخەوش بـوو و، پـاک بـوو. هەمـوو گیـانلەبەر و ڕووەکە لەناوچووەکـان لەدایک بووبوونەوە. ملیۆنان جۆر بۆ زێدەکانیان گەڕێنرابوونەوە.

هەلای ئەو جۆرانە لە مەترسییەکی گەورەدا بوون. هەواڵەکانی لەمەڕ مەترسییەکەوە کەم نەبوون. لێ بۆ چارەسەرکردنی فرەجۆریی گیانلەبەران و ڕووەکەکانی سەر زەوی زۆریش درەنگ نەبوو. جیهان دەرفەتێکی دیکەی درابوویێ.

ئەو نامەیەی وەبیر هاتەوە کە **نۆڤا** لە ئینتەرنێتدا دۆزییەوە. لە خەونەکەیدا، هەر زۆر زوو پێش ئەوەی **نۆڤا** لەدایک ببێت، لەلایەن **نانا**وە بۆ کچی کچەزاکەی نووسرابوو. وەلێ چیی تێدا نووسرابوو؟

لە جێگەکەی هاتە دەرەوە، دوو هەنگاوێک ڕۆیشت و کۆمپیتەرەکەی داگیرساند. پێویست بوو جگە لە کۆمپیتەرەکەی، بیر لە هیچی دیکە نەکاتەوە. دەبوو هەتا بۆی دەکرێت سەرنجی لەسەر وەبیرهاتنەوەی ئەو نامەیە چڕ بکاتەوە کە **نانا** نووسیبووی.

نووسیی:

*ئەو دەمەی ئەمە دەخوێنیتەوە، نازانم جیهان وەک چی دەچێت، بەلام خۆ تۆ دەزانیت. دەزانیت کە ئاووهەوا چۆن تێک چوونە، چۆن سروشت لەنێو براوە و گاهەس بە تەواوەتی بزانیت کە چ ڕووەک و گیانلەبەرێکیش تیا چوونە ...*

نەیتوانی لەو پتری بیر بێتەوە. نامەکە درێژ بووبوو و وای بیر کردەوە کە دەشێت بە تێپەڕینی ڕۆژگار زۆرتر لە وشەکانی داپیرە گەورەی بیر بێتەوە. فایلەکەی ناو نا "نامە بۆ **نۆڤا**" و پاشەنیای[1] کرد.

---

[1] پاشەنیا: خەزنکردن، save

ئانا تەماشای پەنجەرە درێژە تەسکەکەی کرد و دیتی خۆ ئەوە ڕۆژێکی هەتاویی مانگی کانوونی یەکەمە. ئەوەیش شتێکی باش بوو، چونکە خوێندنگە نەبوو، لێ هێمان[1] بەرنامەی بۆ چ شتێکیش دانەنابوو. تازە بەیان ئەنگوتبوو و سێبەرێکی درێژی لەسەر بەرجەوەندە بەفرینەکە دروست کردبوو، وەلێ دەبوو ئەوڕۆ چاوەڕێ بێت. نوقمی خەونەکەی بووبوو، هێشتا لە مێشکیدا دەنگی دەدایەوە. خەونەکەی مینا ئەو ڕۆژە زستانییەی دەرەوە لە ڕاستی دەچوو. ئەویش وشک بوو.

سەیری مێزەکەیی کرد. چەند شتێک لەوێدا بوون: گوزارشتێکی سالانەی چاپکراوی دۆخی جیهان، چاپێکی تازەی سیاهەی[2] سووری نەرویجی، ڕۆژنامەیەک کە باسی گۆڕانی ئاووهەوای تێدابوو و، کتێبێک بە ناوی "کەلێنێک لە سروشتدا: دۆزینەوەی گیانلەبەرە قەلاچۆبووەکانی جیهان" کە بەم تازەییانە باوکی لە ***ئوسترالیا***وە هێنابووی.

مێزەکەی ***ئانا*** تاقی کتێبی هەبوو. لە ڕەفە ژێرەوەدا دوو پاکەتی پێلاوی دانابوو کە بە بەستەرێکی کاغەزینی سوور بەستبوونی. لە سندووقێکیانی نووسیبوو: "جیهان چییە؟" و لەوی دیکەیشیان: "دەبێت چی بکرێت؟" کاغەزە هەڵهێنراو و چاپکراوەکانی دەنێویاندا هەڵگرتبوو.

لە خەونەکەیدا، ***نۆڤا*** هەندێک لە نووسراوەکانی نێو پاکەتە سوورەکەی خوێندبووەوە. ***ئانا*** هەر شەوی ڕابردوو، ئەو ساتەی

---

[1] هێمان: هەلای، هێشتا
[2] سیاهە: لیست



Scanned by CamScanner

باوک و دایکی تەماشای فیلمەکەی لەمەڕ ناخودا **کوک**یانەوە دەکرد، یەکێکیانی هەڵهێنابوو.

لەسەر کورسییەکەی هەڵستایەوە و پاکەتەکانی لە ڕەفەکە داگرتن. بەنێو کاغەزەکاندا گەڕا و خێرا ئەوەیانی دۆزییەوە کە بۆی دەگەڕا:

ڕێسا زێڕینەکە یان بنەمای ڕێزگرتنی دوولایەنە: بەو جۆرە لەگەڵ خەڵکیدا هەڵسوکەوت بکە کە پێت خۆشە لەگەڵتدا بیکەن. بەڵام ئیدی ڕێسای زێڕین تەنیا ڕەهەندێکی ئاسۆیی نییە—واتە هەر لەنێوان "ئێمە" و "ئەوانی دی"دا بێت. خەریکە بۆمان دەردەکەوێت کە بنەمای ڕێزگرتنی دوولایەنە ڕەهەندی ستوونییشی هەیە: ئەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو بکە کە پێت خۆش بووە پێشینییانت بۆیان کردبووبایت.

هەر وا ئاسانە. دەبێت دراوسێکانت وەکوو خۆت خۆش بوێت. بە شێوەیەکی سروشتی، هەر ئەوەندە بەسە کە ئەم وتەیە نەوەی داهاتوویش لەخۆ بگرێت. پێویستە بە تەواوەتی هەموو ئەو کەسانە لەخۆ بگرێت کە لەپاش ئێمەوە لەسەر ئەم زەوییەدا دەژین.

ڕاستەقینەکە ئەوەیە کە هەموو مرۆڤایەتی لە هەمان کاتدا پێکەوە لەسەر زەویدا ناژین. هەموو مرۆڤایەتی لە هەمان کاتدا ناژین. خەڵکانێک بەر لە ئێمە لێرە ژیاون، هەندێک ئێستاکە لەمێ دەژین و هەندێکی دیکەیش دوای ئێمە دێن. ئەوانەی پاش ئێمە دێن، هەر وەکوو ئێمە مرۆڤن. دەبێت هەڵسوکەوتمان لەگەڵیاندا بەو جۆرە بێت کە—ئەگەر ئەوان بەر لە ئێمە لەسەر ئەم زەوییەدا بووبان—پێمان خۆش دەبوو بۆمانیان کردبا.



Scanned by CamScanner

نهێنیــی هەڵســوکەوتکردن هەر وا ســادەیە. بــۆیە نــاتوانین ئەم زەوییە بە جۆرێک بەجێ بهێڵین کە خرپتر بێت لەوەی بۆمان بەجێ هێڵرابــوو تــا لەســەری بــژیین. نابێت بە جۆرێک بێت کە ماســی کەمتــر لە دەریاکانــدا بــن. ئــاوی خــواردنەوە کەم بێــت، خــۆراک کەم بێــت. دارســتانە باراناوییەکــان بچــووکتر ببــنەوە. ڕووەکەی کێوەکان کەمتر بن. دوورگە مەرجانییەکان کەمتر بن. شاخە سەهۆڵین و سەهۆڵبەندانەکان کەمتر بن. گیانلەبەران کەمتر بن ...

جوانی کەم، بێت! سەرنجڕاکێشیی سروشت کەمتر بێت! جوانی و ڕازاوەیی کەم بێت!

پەککووا! *ئانــا* هەســتی کــرد بە هەمتــر خوێنــدنەوەی ئەو وشــانە شــەکەت دەبێــت. ئەوە ســێیەم یــان چــوارەم کەڕەت بــوو کە دەیخوێنــدنەوە و، حەفتــا ســاڵی دیکە نەوەکەی ڕێــک هەمــان ئەم وشـــانە لە ئینتەرنێتـــدا دەدۆزێـــتەوە؛ هەرچییـــیەک ئەوڕۆ لە ئینتەرنێتدایە بۆ هەتاهەتایە دەمێنێتەوە. گشت وشە و وێنەکانی ئەم سەردەمەمان دەنێو ئەم هەورەی زانیارییەکاندا دەمێننەوە.

*ئانا* بیری کردەوە: ئێی میراتگرە داماوەکانمان! هەر ئەوە نییە کە دەبێــت بە هــۆی خۆپەســەندیی ئــێمەوە لەســەر هەســارەیەکی نەخــۆش بــژین، دەبێــت لەگەڵ ئەو ڕاستییەیشــدا بــژین کە پێشتر هۆشــدارییش لەو بــارەیەوە دراوە. " دەبێت دراوسێکانت وەکوو خۆت خۆش بوێت. بە شێوەیەکی سروشتی، هەر ئەوەندە بەسە کە ئەم وتەیە نەوەی داهـــاتوویش لەخـــۆ بگرێـــت ..." ئەم وتە هۆشداریدەرانە لە داهاتوویەکی دووردا بۆ نەوەکانی دواتر-زۆر



Scanned by CamScanner

زۆر دوای ئەوەی کە گەلێک درەنگ بووە بۆ ئەوەی بتوانرێت تاکە شتێکیش بگۆڕدرێت—فرە تاڵ دەبن.

لی پتریش هەبوو. ئۆڤا شتێکی دیکەی لە ئینتەرنێتدا دۆزیبووەوە. ئانا بە خێرایی بەنێو کاغەزە چاپکراو و هەڵهێنراوەکانی پاکەتی "دەبێت چی بکرێت"دا گەڕا و دواجار ئەوەی دۆزییەوە کە بۆی دەگەڕا.

چاوچنۆکی ڕیشەی هەریەکە لە کێشەکانی ئاووهەوا و مەترسیی نەمانی جۆرە جیاوازەکانی ڕووەک و گیانلەبەرانە. بەڵام بە گشتی چاوچنۆکی بەلای کەسی چاوچنۆکەوە کێشە نییە. لەم بارەیەوە گەلێک نموونەی مێژوویی هەن.

ئەگەر ئێمە بەپێی بنەمای ڕێزگرتنی دوولایەنە بژیین، ئەگەر ئەوەمان دەستەبەر کرد کە پاشینییانمان دەتوانن بەبێ ئەم سەرچاوەگەلەی وزەی تازەنەبووەوە کاروباریان بەڕێوە ببەن، ئەوا دەتوانین ڕێ بە خۆمان بدەین وزەی تازەنەبووەوە بەکار بهێنین.

دۆزینەوەی وەڵام بۆ ئەم پرسیارە ڕەوشتییانە سەخت نییە؛ ئەوەی وای کردووە کە ئەم وەڵامانە نەچنە بواری کردەیییەوە، نەبوونی بێتواناییمانە.

دەتوانم وێنای خەم و خەفەتی نەوەکانی داهاتوومان بکەم—نەک تەنیا بۆ نەمانی نەوت و گاز، بەڵکو بۆ تیاچوونی جۆرە جیاوازەکانی ڕووەک و گیانلەبەران ، دەڵێن: هەموو شتێکتان برد! هیچتان بۆمان نەهێشتەوە!



Scanned by CamScanner

هەموو شتێکتان برد ...

وەک ئەوە دەچوو ***ئانا*** لە خەونێکی قوول وەخەبەر هاتبێت و، هەلای خەونەکە لە مێشکیدا دەنگی بێت. ئەگەر بەس خەونێک بووبایە ...

بیرۆکەکانی بۆ ***جۆناس*** گوازرانەوە. بەڵێنی بە ***جۆناس*** دابوو هەر کە لە خەو هەڵستا، زەنگی بۆ لێبدات. وەلێ کورەی گۆرین دەبوو چاوەڕێ بێت. ئاخر ***ئانا*** دەبوو هەوڵ بدات زۆرینەی خەونەکەی وەبیر بێتەوە و، پاشان بۆی دەرکەوت: کاتێک ***نۆڤا*** بەنێو ژوورەکەدا هاتوچۆی کردبوو، خەریکی گوێگرتن لە شتێک بووبوو.

***ئانا*** وشەکانی دەناسینەوە. نووسراوی فایلە دەنگییەکەی لە شوێنێکدا هەڵگرتبوو ... وەلێ لەکوێدا بوو؟ هەردوو پاکەتەکە گەڕا، لێ لەنێویاندا نەبوو. پێویست بوو شتێک بگەڕێت، بەڵام چی؟ ئایا هۆکارێک هەبوو کە بۆچی بیری چووبووەوە نووسینەکەی لەکوێدا هەڵگرتبوو؟ بەرەبەرە هۆکارەکەی بۆ دەردەکەوت و، کتێبێکی کۆنی لە ڕەفەکە دەرهێنا. ناوی "هەزارویەک شەوە" بوو و بە ئینگلیزی بوو. لەم ماوەیەی پێشوودا ویستبووی لەم کتێبەدا چاوێک بە شتێکدا بگێڕێتەوە و، ئەو نووسراوەی بەدوای دادەگەڕا لەمێدا بوو.

ئێمە لە زۆر ڕووەوە لە سەردەمێکی جیاوازدا دەژین. لەلایەکەوە، سەر بەو نەوە دۆزەرەوە پێشەنگانەین کە نهێنییەکانی گەردوونمان بۆ ئاشکرا دەکەن و هێلکاری بۆ بۆهێلەکانی مرۆڤ دەکێشن، بەڵام، لەلایەکی دیکەوە، ئێمە یەکەم نەوەیەن کە زۆر بە



Scanned by CamScanner

هەتەرەوە[1] لەســـەر ئەم زەویـــیەدا خەریکـــی وێرانکردنـــی ژینگەکەمـانین. دەتـوانین ببینـین کە چـۆن چالاکییەکـانی مـرۆڤ سەرچاوە سروشتییەکان دەردەهێنن و دەبنە مایەی ئەوەی ژینگە بشێوێت. بە ئاستێک خەریکی گۆڕینی چواردەورەکەمانین کە بە لامـــانەوە ئاســـایییە ئەگەر ســـەردەمەکەمان بە چـــاخێکی زەویناســـییانەی تـــازە نـــاو ببرێـــت و، پێـــی بگوترێـــت: چـــاخی مرۆڤتەوەری[2].

بڕێکی لەڕادەبەدەر کاربۆن لە ڕووەک و گیانلەبەراندا، لە دەریـا و نەوتـدا، لە خەڵـووز و گـازدا هەڵـدەگیردرێت. ئەم کـاربۆنە لەسـەر پێیە تـا لەگەڵ ترشـەزێدا[3] کارلێـک بکـات و بۆنێو هامـاج[4] بەرەڵا ببێت. لە هەسارەیەکی مردووی وەک ناهیدا دووانۆکسیدی کـابۆن زۆرینەی هاماجەکەی پێک دەهێنێت و، لێرەیش بە هەمان شێوەی لێ دێت ئەگەر چـالاکییە کاربۆنییەکـان سنوورێکیان بۆ دانەنرێت. بەڵام، لە کۆتایییەکـــانی ســـەدەی هەژدەیەمەوە، ســـووتەمەنیی ژێرزەوی وەکـوو دێوەکەی نێو چراکەی عەلادیـن فریـوی داویـن. کـاربۆن بە چرپانـدی: 'بەرەڵـلام بکە.' جـا ئێمەیش هەڵفریـواین و بەرەڵلامـان کـرد. ئینجا ئێسـتا دەمانەوێت بە زۆر بۆنێو چـراکەی بگەڕێنینەوە.

ئەگەر هەمـوو ئەو نەوت، گـاز و خەڵـووزەی مـاون دەربهێنـرێن و بکـرێنە هامـاجەوە، ڕەنـگە شارسـتانەتەکەمان ڕزگـاری نەبێـت.

---

[1] هەتەر: جددی

[2] مـرۆڤتەوەری: بـاوەڕبوون بەوەی مـرۆڤ بەڕێزترینـی ئـافرێنراوانەوە و چەقـی قورسـایی بوونەوەرانە، Anthropocentric

[3] ترشەزێ: ئۆکسجین

[4] هاماج: بەرگەهەوا، Atmosphere



Scanned by CamScanner

لەوانەیە بیانبینیت کە وەک بڵێیت خودا مافی داونەتێ تا لە وڵاتەکانیاندا ئەم هەموو سووتەمەنییەی ژێر زەوی دەربهێنن و بیانسووتێنن. باشە بۆچی ئەو وڵاتانەی دارستانی باراناوییان هەیە نابێت بە دڵی خۆیان هەڵسوکەوت بەسەر دارستانەکانیانەوە بکەن؟ چی جیاوازییەک لە هاوسەنگیی کاربۆنی جیهاندا یان جۆراوجۆریی ڕووەک و گیانلەبەراندا دروست دەکات، ئەگەر هەموو وڵاتانی دی سەرچاوە سروشتییەکانیان وەبەر بهێنن؟

***ئانا*** چووە کن پەنجەرەکەوە و تەماشای بەنزینخانە جەنجاڵەکەی دۆڵەکەی کرد. لەگوێن بەبەردبوویەکی زیندوو بوو، زۆر کۆن دیار بوو، مینا شوێنەواری سەردەمێکی دیکە و، هێمان تەواو چالاک بوو.

شتێکی دیکەی خەونەکەی وەبیر هاتەوە ...



Scanned by CamScanner

# چەترەکە



کاتێک لەژێر چەترە سوورەکەدا بە لێژاییی گردەکەدا دێتە خوارێ، شەستەبارانە. چەترەکە ئەوەندە گەورەیە کە هەموو پۆلی باخچەی ساوایانەکە لەژێریدا جێیان دەبێتەوە. لەوبەری ڕووبارەکەوە زەوی ڕۆچووبوو، لێ ڕێگە سەرەکییەکە لەسەریانەوە وەک خۆی ماوەتەوە.

بەرەو ئەو شوێنەی شەقامە یەکتربڕەکە دەچێت کە جاران بەنزینخانەیەکی لێ بوو. ئێستا لە شوێنێکی وەک کاروانسەرا دەچێت. تازییەکان[1] بەر لەوەی وەڕێ بکەون تا لە چیاکان ڕەت ببن، لێرەدا لا دەدەن. وشترەکان ئاویان دەدرێت و پەنابەرەکان نان دەخۆن و پشوو دەدەن. لە خوارەوەی دۆڵەکەدا ئاگرێکی گەورە دەگرێت و، خەڵکی بە گێجبیدا خۆیان گەرم دەکەنەوە.

تێکەڵی ئاپۆرەکە دەبێت: ژنان جلوبەرگی پانوپۆڕیان لە بەردایە و پیاوانیش دزداشە. چەترە سوورەکەی زۆر پانە کە خەڵکی

[1] تازی: عەرەب



Scanned by CamScanner

دەبێت خۆیان لا بدەن تا ڕێی بۆ بکەنەوە، وەلێ هەندێک بەژێر چەترەکەیدا دەڕۆن و سلاوی لێ دەکەن. وەلێ منداڵەکان تەنانەت لە جێی خۆیاندا نەدەجمین.

خەڵکی پێدەکەنن و شادن. یەکێکیان بە چرا زەیتییە کۆنەکان تەردەستی دەکات و، ژن و زارۆکان چەپڵە لێ دەدەن. گوندنشینەکان کەبابی گۆشتی مەڕ و خواردنەوەی گەرم دەفرۆشن. هەندێک کەسیش پاڵتاو و بەتانیی خوریین دەفرۆشن. بە سکەی زێڕین کڕینوفرۆش دەکەن.

لەودیوی ئاپۆرەکەوە کوڕێک لەسەر گیاکە ڕاکشاوە. لە ژنێک دەپرێست کە ئاخۆ ئەو کوڕە نەخۆشە. ژنەکە نیگەران دیارە و سەری دەلەقێنێت. بە ئینگلیزی دەڵێت: "بە هۆی گەشتی دوورودرێژەوە."

بەرەو لای کوڕەکە دەچێت و بە چەترە سوورەکەی پەنای دەدات تا بارانەکە نەیخووسێنێت. دوو ژن بەدوایدا دێن. ***نۆڤا*** دەستی بۆ ماڵی خۆیان ڕادەکێشێت و دەڵێت ئەو گەنجە دەتوانێت لەوێ بخەوێت.

کوڕەکە کە دوو ژنەکە چوونەتە ژێر بڵێیەوە لەگەڵیاندا بە گردەکەدا سەر دەکەوێت. لە بەردەرگاکەدا بە ***نانا*** دەگەن و، ***نۆڤا*** بۆی ڕوون دەکاتەوە کە کوڕەکە نەخۆشە. دەبێت یارمەتییان بدەین تا ئەم کوڕە چاک دەبێتەوە. لە ژووری پشتییەکاندا دایندەنێن. دەبێت پزیشک بانگ بکەن، چونکە وا دیارە پێویستی بە دەرمانە.

# نەوت



لەو خوارەوە لای بەنزینخانەکەوە پەیتاپەیتا ئوتومبیل بو ناوچەی ڕاگرتنەکە دەهاتن. هاژورەکان کاتیک دەچوونە دوکانەکەوە تا *ئانا* زور باسترمە[1] یان وشکە بکڕن، بە کشتی نەیاندەکوژاندنەوە. بەوە بێزار دەبوو کە ئوتومبیلەکان لە کاتی وەستانیاندا لەویدا ئەو هەمــوو دوکەڵە دەکەنە هەواوە. پێــی دەگــوتن: ئوتــومبیلی باسترمە. دوکەڵە شینباوەکە بە ڕوونی دیار بوو، چونکە پلەی گەرما چەند پلەیەک، ڕەنگە دە یان پتر، لە خوار سفردوە بوو. لەودیوی پەنــجەرە تەسکەکەیەوە گەرمییــوی نەبوو، وەلــی ئەو بەهــرەیەی هەبــوو کە لەڕێــی ڕەنــگ و شــیوەی دوکەڵــی ئۆتۆمبێلەکانەوە بزانێت کە دونیا چەندە ساردە.

*ئـانە* لەبەردەم پەنــجەرەکەدا ڕادەوستێت، بیر لەوە دەکاتەوە کە لەمەڕ نەوتەوەی خوێنــدبووەوە. چەنــد ژمــارەیەکی لە دەفــتەرە

---

[1] باسترمە: گۆشتی لێنراوی لە ڕیخۆڵە ئاخنراو.

زەردەکەیدا نووسیبوو، چەند ژمارەیەک کە بە تەواوەتی باوەڕی پێیان بوو.

بەرمیلێک نەوتی خاو ۱۵۹ لیتر دەگرێت و لە ئێستادا بایی سەد دۆلار، یان شەش‌سەد کرۆنی نەرویجییە. بەرمیلێک نەوت هێندەی دەهەزار کاتکۆی[1] کرێکارێکی ئاسایی وزە دابین دەکات. ئەمە لە نەرویجدا بەرانبەر بە شەش ساڵ کارکردنە. ئەویش بە مووچەی ساڵانەی ۳۵۰۰۰۰ کرۆن کە بۆ ئەو ماوەیە دەکاتە ۲.۱ ملیۆن کرۆن. کەواتە تاکە بەرمیلێکی نەوتی خاو ئەو وزەیە دابین دەکات کە کرێکارێک بە پتر لە دووملیۆن کرۆن لە شەش ساڵدا بەرهەمی دەهێنێت. وەلێ بە تێکڕایی هەر تاکێکی ئەمێریکایی لە ساڵێکدا بیست‌وپێنج بەرمیل نەوتی خاو لەکار دەهێنێت، ئەمەیش بەرانبەر بە سەدوپەنجا ساڵ کردکردنە. واتە بە تێکڕایی هەر ئەمێریکاییەک سەدوپەنجا "کۆیلەی وزە"ی لە یەک کاتدا هەیە—بۆ کارپێکردنی ئۆتۆمبێل و ئامێرەکانیان، ساردین[2] و سپلێتەکانیان، فڕۆکە، کارگە، کێڵگە و یاریگاکان ... و ئەو بەس نەوتی خاو! هێشتا باسی خەڵووز و گازمان نەکردووە.

***ئانا*** زۆر جاران لە خۆیی پرسیبوو کە ئاخۆ نەوت زۆر هەرزان دەبێت. ئەو دەمەی کە خەریک بوو لەویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمێریکادا کۆیلایەتی بە تەواوەتی باوی نەمێنێت، ئەم بەرهەمەیان ناسی. سەرەتا کێڵگەکانی تەکساس لە ڕۆژئاوای ئەفریکاوە کۆیلەیان بۆ دەهێنران. هەنگین نەوتیان بۆ دەهێنران ...

---

[1] کاتکۆ: ساعة، Hour

[2] ساردین: سەلاجە، ثلاجة، refrigerator

لێ هەر تەنیا شەشسەد کرۆن بۆ کرێی شەش ساڵی کاری کرێکار؟ واتە بەس سەد کرۆن بۆ ساڵێکی کارکردن. بە دڵنیاییەوە دەتوانیت ناوی بنێیت: مووچەی کۆیلە.

باشە چۆن دەگونجا کە سووتەمەنی هێندە هەرزان بێت؟

**ئانا** خۆی وەڵامەکەی دۆزیبووەوە. بۆیە نەوت هێندە هەرزان بوو، چونکە هیچ کەسێک خاوەنی نەبوو. هیچ کەسێک خاوەنی نەبوو، کەواتە نرخیشی لەسەر نییە. هەموو ئەوەی کە لەسەرت بوو بیکەیت، ئەوە بوو لەژێر زەوییەوە دەریبهێنیت.

تەمەنی نەوت چەند ملیۆن ساڵێک بوو. کۆگایەکی ملیۆنان ساڵەی وزەی خۆر بوو. وەلێ لەبەر ئەوەی هیچ کەسێک خودانی نەبوو، توانرا بەو جۆرە بەکار بهێنرێت. هێندەی بڵێیت یەک و دوو، ئیدی نەوت نەما!

**ئانا** سەیری ئامێرەکەی کرد و سەری ڕاوەشاند.

گاهەس ئەوە ڕاست بێت کە نەوت زۆر کەسی لە هەژاری قوتار کردبێت، وەک ئەوەی ڕامیاران و وەزیرانی وزە ئاماژەی پێ دەکەن. لێ گەلێک خەڵک خرانە ژیانێکی خۆشبژێوی و زیادەڕۆیی بێمانای واوە کە لە پێشوودا شتی وا نەبینرابوو.

هەروەها **ئانا** پارچە کاغەزێکی هەڵهێنراوی بەدەستەوە گرت. بانگەشەی بازرگانیی گەشتی ئاسمانی بوو. هەرزانترین بلیت لە فرۆکەخانەی **مۆس**ـەوە بۆ **پاریس** تەنیا بە ١١٩ کرۆن بوو. وەلێ نەیدەزانی کە چەندە بلیتی وا هەرزان هەبوون. وەلێ سەرنجڕاکێشترین بەشی نووسینێک بوو: "بە باج و پیشەکییشەوە! ١١٩ کرۆن بۆ پاریس، بە باج و پیشەکییشەوە." ئەوەی لە خۆ هەر ئەوەندەی بلیتی ترامە لە **ئۆسلۆ**دا.



Scanned by CamScanner

نووسراوەکەدا نەبوو، ئەوە بوو کە کاریگەریی ژینگەییی گەشتی هەردوو سەری لە **ئۆسلۆ**وە بۆ **پاریس** وەک ئەوە بوو کە کەسێک بە درێژاییی ساڵێک هەموو ڕۆژێک ۲۲.٥ کیلۆمەتر بە ئۆتۆمبێل ببڕێت. هەروەتر **ئانا** لە شوێنێکیشدا خوێندبوویەوە کە گەشتی هەردوو سەری **ئۆسلۆ** بۆ نیو یۆرک بەرانبەرە بە کاریگەریی گەشتی پەنجاهەزار ئۆتۆمبێل.

ئایا ئەو سەرچاوانەمان بەترەف[1] نەکردوون کە بۆ نەوەکانی داهاتوو بەسوودن؟ مەگەر ئەو باترییانەمان خاڵی نەکردوونەتەوە کە دەبوو زۆر زیادتر بمێننەوە؟ ڕەنگە زۆری نەمابێت بۆ ئەوەی کە دەستە ماندووەکان، گەردنە ئەستوورەکان و شانە ئازارچەشتووەکان شوێنی نەوت بگرنەوە؟ ئایا **ئانا** گەواهیدەرێک نەبوو بۆ ئەو ڕاستییەی کە نەوەکانی داهاتوو بە ڕێژەیەکی فراوان دزییان لێ کراوە؟

هێشتا لەکن پەنجەرەکەوە ڕاوەستابوو. گوندنشینەکان لە خەونەکەیدا کەبابی گۆشتی مەڕیان بەو پەنابەرانە دەفرۆشت کە هێمان بە وڵاتدا ڕەت دەبوون. زۆرێکیان تێدەکۆشان لە باکووری ڕۆژئاوای نەرویج ببنە بازرگان.

**ئانا** دەبوو زەردەخەنە بیگرێت. چ خەونێکی تێکەڵوپێکەڵ بوو! لێ زۆر لە ڕاستی و کەتوارەکی[2] دەچوو، هەر وەک یادگارییەکانی گەشتەکەی هاوینی ڕابردووی بۆ **ئیتالیا**. خەونەکەیی باشتر بیر دەهاتەوە تا ئەوەی دوێنێ لە خوێندنگە کردبووی.

---

[1] بەترەف: بەهەدەردان

[2] کەتوارەکی: واقعی



Scanned by CamScanner

وەلێ خەونەکەی زۆری بە بەرەوە مابوو. دەتگووت کۆتاییی نییە. ئەو دەمەی خەوتبوو، جیهانێکی تەواوەتیی لە داهاتوودا دروست کردبوو، جیهانێک کە تەریب بوو بەو ژیانەی تیایدا دەژیا. ئەگەر تاکە داوێکی ڕاکێشابا، هەموو شتێکی–لە بەشەکانی ڕابردوو و داهاتوو، یان تەنانەت لە ئێستایەکی جیاواز–بۆ ڕوون دەبووەوە.



Scanned by CamScanner

# وشترەکان



کوڕەکە باشترە. هاوتەمەنی *نۆڤا* دیارە، گاهەس سالێک گەورەتر بێت و، لە ژووری پشتییەکاندا دانیشتوون خەریکی یاریی *لودۆن*. کچەکە بە داشە سوورەکان یاری دەکات و کوڕەکە بە شینەکان.

کوڕەکە دەڵێت کە یارییەکە هندییە. پاشاکانی ئەوێ خەڵکەکانیان مینا داش لەکار دەهێنا. دەگەڵ ژنەکانیاندا لە حەرەمسەراکانیاندا کایەیان دەکرد. دەبوو شانزە ژن لە حەسارەکەدا لەسەر تاتەبەردی[1] سوور و سپی ڕابووەستن.

کوڕەکە توانیی سێ داش لەسەر چوارگۆشەیەک دابنێت. چەلێکی دی زارەکە هەڵدەداتەوە و سیانەکە دەبێتە چوار. دەڵێت کە ئەو براوەیە، چونکە "کۆنگرە"ی[2] دروست کردووە. لەسەر ڕێساکە ڕێک ناکەون و واز لە کایەکردن دەهێنن ...

[1] تاتەبەرد: بەردی تەخت کە بۆ بەردڕێژ کردنی ڕاڕەوی نێو باخچەو حەسار بەکار دێت.
[2] کۆنگرە: بورج، تاوەر

ئێستا لە دەرەوە لەژێر دارچنارەکاندا ڕاوەستاون و لە دۆڵەکە دەڕوانن. وشترێک لە ڕێوە دێت و لە شوێنی حەوانەوەکە نزیک دەبێتەوە. باوای باوام ڕاهاتبوو کە بە وشتر گەشت بکات. باوای باوکم مارسیدسی دەئاژۆت و باوای منیش بە فڕۆکە گەشتی بە جیهاندا کردووە. کەچی ئەوەتا ئێستا گەڕاوینەتەوە بۆ وشتر."

بەدەم ڕامانەوە تەماشای کچە دەکات و دەڵێت: "نەوت بۆ وڵاتەکەم نەگبەتی بوو. بە شەوێک دەوڵەمەند بووین، بەڵام ئێستاکانی هەژارین. ئیتر چۆن دەتوانین دەوڵەمەند بین کە لە وڵاتی خۆماندا نەبین؟"

کوڕەکە دەبێت بچێت. دەستەیەکی دیکەی تازییان لە شوێنی حەوانەوەکەدا گلێربوونەتەوە[1]. دوکەڵ لە ئاگرەکانیان و هەڵمیش لە قازانەکانیان هەڵدەستێت. ئەو دەمەی ***نانا*** بۆ خوداحافیزی دێتە دەرێ، کوڕەکە مەستیلەکەی قامکی دادەکەنێت. وەک ڕێز و پێزانینێک بە ***نانای*** دەدات.

کچەی گۆرین لەوەی ***نانا*** ئەو هەمووە دەستخۆشییەی پێ دەبڕدرێت، هیوابڕاو دەبێت. لێ کوڕەکە ئاوڕی بۆ دەداتەوە و دەست بە بسکیدا دەهێنێت. ئەوە یەکەم جارە کە کوڕێک دەست بە بسکیدا بهێنێت. کوڕەکە دەڵێت کە ***نانا*** پیرە و، ڕۆژێک دێت کە ***نۆڤا*** موستیلەکەی بۆ دەمێنێتەوە. دەڵێت کە موستیلەی ***عەلادین***ە و ئەوەی نێو چیرۆکەی هەزارویەک شەوەیە.

***نۆڤا*** چاوی لەو جووتە چاوە تەواو ڕەشە دەبڕێت و، هەست بە نهێنییەک لەنێویاندا دەکات.

---

[1] گلێربوونەوە: گردبوونەوە، خڕبوونەوە، کۆبوونەوە



Scanned by CamScanner

# ئەرشیف



**ئانا** وەخەبەر هاتەوە و چوو بەسەر سەنگیایەکی[1] شینەوە لەتەنیشت پەنجەرە تەسکەکەدا دانیشت. هەستی بە ماندوویتی دەکرد. چەلێکی دی حەفتا ساڵ بەنێو کاتدا گەشتی کردبوو. جیهان وەک دەستکێشێک دەچوو کە بتوانێت هەڵیبگێڕێتەوە و بە هەردوو دیودا لە دەستی بکات. بووبووە دوو کەس. لە ساڵی ۲۰۸۲دا شانزە ساڵ بوو و، سارەیش دەبێتە شانزە ساڵ.

سارە ڕۆژی لەدایکبوونیەتی!

موستیلەکەی داکەند و سەیری کرد کە لە بەر ڕووناکییەکەدا دەدرەوشێتەوە. دەگوترا کە سووریێتیی ئەم یاقووتە ڕەنگی خوێنی کۆترە: سووری تۆخ لەگەڵ تۆزقالێک شیندا. ئێستا **ئانا** دەیبینی کە لە شووشەی پەنجەرەکەدا تیشکی دەدایەوە. پێی

[1] سەنگیا: پشتیی گەورە

دەگـــوترا یـــاقووتی ئەســـتێرەیی: ئەســـتێرەیەکی شەش‌تیشـــک لەنێویەوە دەبریسکایەوە و، لە ڕووناکیدا دەجوولایەوە.

ڕێژەوی سەد سالی ئەم ئەستێرەیەی دەزانی. وەلێ چیرۆکگەلێکی لەمەڕ ئەم موستیلەیەوە بیستبوو کە زۆر کـۆن بـوون. پـوورە ***سونیڤای*** پیرە بۆ بنەماڵەکەیانی گێڕابووەوە کە ئەم موستیلەیە لە ***ئێران***ـەوە هێنراوە، یاقووتەکەیش لە ***بۆرما***وە ...

لەبەردەم کۆمپیوتەرەکەیـــــدا دانیشـــــت و نووســـــیی: www.arkive.org. ساتێک دواتر پێگە دڵخوازەکەی هاتە سەر شاشەکە: وێنەگەلی ژیانی سەر زەوی.

هەر ســەرەتا وێنەیەکـی ***سـێر داڤیـد ئـاتێنبرۆ*** و گەرەویلکێکـی[1] سیبریاییی بینی. پاشان بەنێو وێنە و ڤیدیۆی هەزاران گیانلەبەر و ڕووەکدا گەڕا. لەبارەی زێدەکانیانەوەی خوێندەوە، ئێستا چۆنن و خۆیان پێشتر چۆن بووگن.

ئیدی زۆرینەی دووزەنەی ژینگەییی ڕووەکەکان وشک بووگن: پەیوەندیی نێوان ناوچە تەڕ و پاراوەکان پچڕاوە. ئەو ڕووەک و گیـانلەبەرانەی لە ئەفریکـادا درێژایـی و پانتـاییی کیشـوەرەکەیان ڕازانـدبووەوە کە ئێســتا بە پەرش و بـڵاوی و تـاک و تەرا لە دارسـتانە سـەرەتاییەکاندا دەبینـرێن. هەمـان شـت بـۆ ئەمێریکـا، ئاسیا و ئەورووپا ڕاستە. وەلێ لەناوچوونی جۆرە جیاوازەکانی ڕووەک و گیــــانلەبەران بەر لە هەر کیشـــــوەرێکی دیـــکە لە ئەورووپاوە دەستی پێکرد. ئیدی لە ئەورووپای ناوەڕاستدا ئاژەڵە دڕندەکان نەماون. لە نیوەی دووەمـی سـەدەی نۆزدەیەمدا پتر لە پێنج‌هەزار ورچ کوژراون.

---

[1] گەرەویلک: وشەگ، گوێرەش، جۆرێک پشیلە کێوییە کە کەوڵی نەرم و زۆر بەنرخە.



Scanned by CamScanner

لە کلێشـەی گەڕانەکەدا نووسـیی"هاوشـێوەکانی مـرۆڤ" و شـەش جۆر مەیموونی هاوشێوەی مرۆڤی هێنا. دوو جۆریان شامپانزی، دووانیان گۆریلا و دووانەکەی دیکەیشیان مەیمونی دەستدرێژی مرۆڤشـێوە بـوون. بەپێی سیاهەی یەکێتیی جیهانیی پاراستنی سروشت چواریان بە تەواوەتی لە مەترسیدان و دووانیشیان هەر مەترسییان لێ دەکرێت. بۆیە هەموو مەیموونە مرۆڤشێوەکان بە تەواوەتی لە مەترسیی لەناچووندان. بە تەواوەتی لە مەترسیدان واتە جۆرەکان لە چەند دەیەیەکدا ڕووبەڕووی زیانێکی گەورەی قڕبوون دەبنەوە و، مەترسی واتە زیانێکی زۆر گەورەی قڕبوون. تەنیا زیانێکی زۆر مەزن. باشە، زۆر سپاس.

کرتەی لەسـەر هەندێک ڤیدیۆ کرد. هەمان ئەو وێنانەیان پیشان دەدا کە لە خەونەکەیدا بە میچە لێژەکەوە بینیبوونی. وەلێ، تەنیا دوای چەنـد دەیەیەک، جۆرەکـان بەرەو قەلاچۆبـوون چووبـوون. بـارودۆخی ئێسـتاکە تەواو مـایەی بێهیـوایی نەبوو. هێشـتا چەند دانەیەک لەو جـۆرانە لە دارسـتان و مێـرگە تـاک و تاریکەکانـدا دەژین.

کاتێـک ئەم وێرانکـارییە ڕووی دا، لەسـەر زەویـدا تەنیـا ژمـارەی مـرۆڤ لەنێـو شـیردەرەکاندا لە هەمـووان زیـادتر بـوو. بە دڵنیاییەوە پەیوەندییەک هەبوو—مرۆڤ هەڕەشـەی قڕکردنی لە نزیکەکـانی کردبـوو، نەک تەنیـا بە بـڕینەوەی دارسـتانەکان و تێکدانی زێدی گیانلەبەران، بەڵکوو بە ڕاوی نایاساییش.

کچەی گۆرین بۆ گەورەترین گۆشتخۆری جیهان گەڕا. زۆرێک چون مەیموونە مرۆڤشێوەکان لە مەترسیدا بوون. سەد ساڵ پێشتر ژمارەی پڵنگەکان بە ڕێژەی لە سەدا نەوەدوسێ کەمی کردبـوو. لـێ پڵنـگ و مەیمـوونە مرۆڤشـێوەکان تـاکە قوربانی

نەبوون. هەزاران، لەوانەیە سەدان هەزار، ڕووەک و گیانلەبەر لە مەترسیدا بوون، چونکە دووزەنە ژینگەییەکەیان تێک درابوو یان سڕدرابووەوە. جا زۆربەیشی پەیوەندیی بە هۆی گۆڕانی ئاووهەواوە هەبوو.

دیسانەوە تەماشای یاقووتەکەی کردەوە. لەو سەردەمەوەی ئەو یاقووتە دروست کراوە، بە ئاسانی زۆربەی سروشت تیا چووبوو—ئاخۆ سەد سالّی داهاتوو چەندی دیکە تیا بچێت؟

***ئانا*** تاڕادەیەک بیری چووبووەوە کە دیارییەکی دیکەیشی بۆ یادی لەدایکبوونەکەی وەرگرتبوو، ئێستا چوو مۆبایلەکەی لەسەر مێزی تەنیشت چرپاکەی هەڵگرت و دایگرساند و، نامەیەکی بۆ هاتبوو و، یەکەم نامەی نێو مۆبایلە تازەکەی بوو، بە دڵنیاییەوە لە ***جۆناس***ەوەیە:

"***ئانا***، بەخەبەریت؟ زەنگم بۆ لێبدە؟"

هەستی بە نەنگی کرد؛ بڕیاری دابوو هەرکە لە خەو هەڵستا، پەیوەندیی پێوە بکات، بەڵام بۆی نووسی: "سەرقاڵم، ***جۆناس***. خەریکی شتێکی گرنگم. زوو پەیوەندیت پێوە دەکەم."

چەند چرکەیەک دواتر ئەویش وەڵامی دایەوە: "باشە. کاتی خۆت وەربگرە. بەڵام ئەو چییە کە لە ڕۆژێک بەر لە یادی لەدایکبوونتدا هێندە گرنگە؟"

بەرنامەی ڕۆژنامەکان هەر پێشتر دەنێو مۆبایلەکەدا دابەزێنرابوون. دەستی لە شاشەکە دا و هەواڵی لاپەڕەی پێشەوەی بینی:



Scanned by CamScanner

"**هێشتا دیار نییە.** تا ئێستا ***ئێستێر*** لە ***سۆماڵ*** دەستبەسەرە. سەرلەبەیانیی دوێنێ ***ئێستێر ئانتۆنسن*** لەگەڵ دوو کارمەندی دیکەی بەرنامەی خۆراکی جیهانی-یەکێکیان میسرییە، ئەوی دیکەیان ئەمێریکی- و لەگەڵ پێنج بارهەڵگردا فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی ***مەقادیشۆی*** جێ هێشت. ئەم سێ کارمەندە ئێستا دەستبەسەرن ... دوای کارەساتی وشکەساڵییەکەی پار، قاتوقڕییەکەی ناوچەکانی سۆماڵ و دەوروبەری سەلمێنەری ئەو ماڵوێرانییەن. هەزاران کەس لە برساندا مردن و، خەڵکانێکی زۆر هەوڵیان داوە ئەو ناوچانە جێ بهێڵن ... گومانی تێدا نییە کە کێشمەکێشە ڕامیارییەکان مایەی ئەم نەهامەتییانەن، بەڵام ئیدی لێکۆڵەرانی بواری ئاووهەوا ناتوانن گریمانەی ئەوە بکەن کە ئەم کارەساتە سروشتییانە بە هۆی گەرمبوونی زەوییەوە ڕوو دەدەن ..."

***ئانا*** لە وێنەی کەسە نەرویجییەکە ورد بووەوە. ڕەنگ بوو تەمەنی لە سییەکاندا بێت. باشە ***ئانا*** پێشتر نەیبینیبوو؟ لە جێیەک پێی نەگەیشتبوو؟ بڵێیت مامۆستای بووبێت؟ ئاخۆ لە خەوندا بینیبووی؟

لە ڕابردوودا ئانا کەسانێکی پێ ناسێندرابوو کە هەرگیز لە ژیانی ڕاستەقینەدا نەیدیبوون، بەڵکو هەر لە خەونەکانیدا دیبوونی. فێر بووبوو کە ژیرانە نییە ئەم جۆرە شتانە بە زوویی لای کەس بدرکێنێت. وەلێ ئێستا خودی خۆیەتی، بۆیە لە دەمی تەماشاکردنی وێنەکەدا یەکەم شت کە بە مێشکیدا دێت، بە زاریدا دێت: "ئۆی، چەند خۆشە بتبینم! لە خەونمدا تۆم بینیوە!"

# کاروان



وا بەو بەرزەوە بەسەر کۆپارەی[1] وشترەکەوە دانیشتووە. چوار وشتری دیکە لەپێشیەوە دەڕۆن. بەتانی و کەلوپەلی دیکەیان هەڵگرتووە کە پەنابەرەکان لە بازاڕی گەورەی ***مۆڵدێ*** و ***کریستیانساند*** دەیانفرۆشن. لێزگە موور و بەهارات دەنێو توورەکەکانی ئەمدو و ئەودیوی وشترەکاندا هەن.

***نۆڤا*** دەنێو کەژاوەیەکدا دانیشتبوو و کوڕەکەیش لە خوارەوە وشترەکەی دەئاژۆت. کچەی تاین کڵاوێکی سووری بەسەرەوەیە، دیاریی یەکێک لە ژنەکانە. کە لەو بەرزەوە تەماشای ئەو بەرجەوەندەی دەکرد، خۆیی مینا میرزادەیەکی عەرەبی بیابانشین دەهاتە پێش چاو. کوڕەکە سەری بەرز کردەوە خەندەیەکی کرد.

"میرزادە!"

---

[1] کۆپارە: دووگەڵەی دەرپەڕیوی پشتی وشتر



Scanned by CamScanner

تـا بەشێکی ڕێـگەکە دەیتـوانی لەتەک کـاروانەکەدا بـڕوات، وەلـێ دەبوو لە لێوە کە لە ڕۆژئاوای دۆڵەکەوە بوو، بە پاسی کارەبایی بگەڕێـتەوە. تەنیـا بـۆ خۆشـی چووبـووە، وەلـێ زۆر بە باشـی کوڕەکەی ناسی و، هیچ کامیان وازیان لە دابڕان نییە.

کـاروانەکە سـی کەس بـوون، گەنـج و پیـر وەک یەک بـوون. ڕێوانەکەیـان[1] دەهـۆڵێکی دەکوتـا کە لە پێسـتی وشـتر دروسـت کرابوو و، کچێکی یانزە یان دووانزە ساڵیش فلووتێکی قامیشینی لێدەدا و سەمای دەکرد.

لە پردەکە پەڕینەوە و دەستیان بە گەشتێکی دووردرێژ بەرەو ڕێگای چیاکان کرد. ئیدی باران نابارێت، وەلێ هەڵای زەوییەکە تەڕە و درەختەکان نمدارن.

ڕووبارێـک بەنێـو دۆڵەکەدا بە خـوڕ دەڕوات، خەریـکە ڕۆخـی ڕووبارەکە دادەخورێت. بەشکم چەند ڕۆژێک باران نەبارێت!

هەرگیز لە پێشوودا ئەم وڵاتە هێندە گەرم، تەڕ و سەوز نەبووە و، ڕووبـارەکەیش بە ڕەنگـی قـاوەیی نەبینـراوە. لە مـاوەی چل ساڵدا ڕێژەی دانیشتوانی نەرویج پێنج هێندە پتر بووە، لەبەر ئەوە نییە کە منداڵی زۆر لەدایک بووبن، بەڵکوو لەبەر ئەوەی پەنابەران بە لێشـاو بەرەو ناوچەکـانی ئەوپەڕی بـاکووری جیهـان هـاتوونە. هێمان سکەندەناڤیا شوێنی زۆری بۆیان هەیە.

کـچەکە باسـی ئەو کەسـانە بـۆ کـوڕەکە دەکـات کە لە سـەرەتای سـەدەکەدا ژیـاون و نکوولییـان لە بـابەتی گەرمبـوونی زەوی کـردووە. زۆربەیـان پیـاوانی نێوانسـاڵ بـوونە کە گوتوویـانە گـۆڕانی ئـاووهەوا مەترسـی نیـیە و دەسـتکردی مـرۆڤ نییە.

[1] ڕێوان: شارەزای ڕێگە

مروڤکرد بێت یان نا، دەکرێت بۆ خەڵکی نەرویج شتێکی باش بێت ..."

کــورەکە وەڵام دەداتەوە: "ئەمەیە کە دەڵــێم دەبێــت گریمــانەی هەموو شتێک بکەیت. کاتێک وشترمرانی ئەفریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست شتێک دەبینن و لێی دەترسن، سەریان لەژێر لمدا دەشارنەوە. ئەوەیش بیرۆکەیەکی باش نییە. ئەوەتا ئێستا قڕ بوونە."

**نۆڤا**، لەو بەرزەوە کە بەسەر وشترەکەوە دانیشتووە، پێدەکەنێت. دەبێت تا ڕادەیەک بقیرێنێت بۆ ئەوەی کوڕەکە دەنگی ببیستێت:

"کەســـانێک هەبـــوون لایـــان وا بـــوو کە تـــوانەوەی شـــاخە سەهۆڵینەکانی باکوور مایەی نیگەرانی نین ... وا دەرنەدەکەوت کە هیچ کەسێک بۆ خلیسکێنە نەچێتە ئەوێ ... وێڕای ئەوەیش، بڕێکی زۆر نەوتــی نیشــتوو لەژێـر ســەهۆڵەکەدا بــوو. نەرویــج دەیتــوانی خــۆی بە خــاوەنی بزانێــت. ئەم قســە بێمانــایە لەمەڕ پاراستنی ورچی بەستەڵەکەکانەوە چی بوو؟ مەگەر ئەو قسانەی لەبارەی پاراستنی پانداوە کران، بەس نەبوون؟ بەڵام ئەم پیاوانە نەیانزانی کە توانەوەی بەستەڵەکەکان هۆشدارییەکە بۆ ئەوەی کە تەواوی هەسارەکە گەرم دادێــت. ئەوەتــا ئێســتاکە مــن بەســەر کۆپارەی ... وشتریکەوەم!"

گەیشتنە **لۆ**. کوڕەی گۆرین یارمەتیی دا کە لە وشترەکە دابەزێت و، هێنــدە نابــات تەواوی کــاروانەکە لە چــاو ون دەبــن. لە هەر ساتێکدا پاسی کارەبایی دەگات.

ڕادەوەستن و ناوی **سکایپ**ەکانیان بە یەکدی دەدەن. پەیمان پێک دەدەن کە دیســـانەوە یەکـــدی ببینـــنەوە. کـــوڕەکە وێـــنەی ئەو



Scanned by CamScanner

میرنشینە بچووکەی پیشان دەدات کە لێیەوە هاتووە. وەلی **ئانا** سەر لە هیچ دەرناکات. بەس لم دەبینێت.

دەپرسێت: "شارەکان کوان؟"

"شارەکان هەر لەوێن، بەلام بوون بەژێر لمەوە."

بەنێو وێنەکاندا دەگەڕێت و لە کۆتاییدا وێنەی بینایەکی بچووک، یان کۆنگرەیەک دەدۆزێتەوە کە بەشی سەرەوەی لە لمەکەوە سەری دەرهێناوە. "ئەوە کۆنگرەیەکە."

پاسەکە دێت و، ئەو دەمەی کچەی گۆرین پێی دەخاتە نێویەوە، دەست لە دەستی یەکدی دەدەن.

# سیاهە سوورەکان



***ئانا*** ڕاوەستابوو و مۆبایلەکەی لە دەستیدا بوو، بیری لەوە دەکردەوە کە ئاخۆ لە کوێ ئەو ژنە ونبووەی دیبوو. بڵێیت ئەو کاتە بووبێت کە لەتەک ***جۆناس*** دا بەنێو ***ئۆسلۆ***دا پیاسەیان دەکرد؟ کاتێک خەریکی کاروباری دامەزراندنی کۆمەڵەی فشارەکە بوون، گەلێک کەسیان لە ناوەندی ژینگەزانییەکەدا بینی. باشە تا چەندە دەگونجێت کە یەکێک لەو کەسانە دوای مانگێک لە ئەفریکا بێت و کار بۆ بەرنامەی جیهانیی خۆراکی **یوئێن** بکات؟ لەگەڵ چەند کەسێکی دامەزراوەی دارستانی نەرویجیدا و، لەگەڵ ژێکیشدا قسەیان کردبوو کە سەر بە شوێنێک بوو بە ناوی دامەزراوەی سەرمایەی باکووری. بەڵام مەگەر دەکرا ئەم هەموو ڕێکخراوانە لەگەڵ **یوئێن** دا کار بکەن؟ هیچ لەمانە ئاوەزپەسەند نین.



Scanned by CamScanner

ئه‌و کتێبه‌ی به‌رز کرده‌وه که باوکی دابوویێ. ناوی "**که‌لێنێک له** سروشتدا: دۆزینه‌وه‌ی گیانله‌به‌ره قه‌ڵاچۆبووه‌کانی جیهان" بوو که نووسه‌رێکی ئوسترالیایی نووسیبووی. کتێبه‌که قورس بوو: به لایه‌نی که‌مه‌وه کیلۆیه‌ک ده‌بوو. به‌رگه‌که‌ی ***دۆدۆ***یه‌کی پێوه بوو که باڵنده‌یه‌کی ناوچه‌ی ***مۆریشزه*** و دواجار له ساڵی ۱٦٨١دا بینراوه.[1] کتێبه‌که‌ی کرده‌وه و وێنه‌ی دوایه‌مین باڵنده‌ی ***موای***[2] تێدا بوو که له سه‌ده‌ی حه‌ڤده‌یه‌مدا له‌لایه‌ن ***ماوری*** یه‌کانی ***نیوزیلاند***ه‌وه قڕ کران. کتێبه‌که وێنه‌ی هه‌موو ئه‌و شیرده‌ر، باڵنده و خشۆکانه‌ی تێدا بوو که له ماوه‌ی نێوان ساڵانی ۱٥۰۰ تا ۱٩٨٩دا له‌ناو چووبوون.

***موا*** و ***دۆدۆ*** له زۆر شتدا هاوبه‌ش بووبوون. هه‌رتکیان توانای فڕینیان نه‌بووبوو و هیچ دژمنێکی سروشتییشیان نه‌بووبوو تا ئه‌و کاته‌ی که مرۆڤ که‌وته گیانیان. له‌و ده‌مه به‌دواوه به ئاسانی ڕاو کرابوون.

***ئانا*** له شوێنێکدا خوێندبوویه‌وه که هه‌ڵای ***موا*** له فۆلکلۆری ***ماوری***یه‌کاندا پێگای خۆی هه‌یه. له ***نیوزیلاند***–یان ***ئاوۆتیاڕوا*** که ***ماوری*** یه‌کان وای پێ ده‌ڵێن–هێمان ده‌توانیت ئه‌م لاواندنه‌وه‌یه ببیستیت:

هه‌ی نه‌ما ***موا***، نه‌ما ***موا***

له پیره ***ئاوۆتیاڕوا***

نه‌ماون له به‌رچاوان

---

[1] ***دۆدۆ*** باڵنده‌یه‌کی زله که ناتوانێت بفڕێت و ده‌نووکێکی گه‌وره‌ی هه‌یه. (و. ک.)

[2] جۆرێک باڵنده‌ی که هاوشێوه‌ی وشترمر بووه و به ڕێخت هێنده‌ی زه‌ڕافه بووه. (و. ک.)

خوران لەلایەن ئەوان

جا تیا چوونە ئەوانیش،

نەماون ***موا***کانیش!

***ئانا*** دەنێو لاپەڕەکاندا بابەتێکی بینی کە پێشتر لە ئینتەرنێتەوە پرینتی کردبوو.

ئەوەی پێی دەگوترێت سیاهە سوورەکانی ئەو گیانلەبەر و ڕووەکانەی هەڕەشەی تیاچوونیان لەسەرە، لەو بڵاوکراوانەوە دەردەچن کە بە وێنەی زۆپ و ڕەنگاوڕەنگی ئەو جۆرانە ڕازێنراونەتەوە کە تەواو مەترسیی تیاچوونیان لێ دەکرێت، یان هەر لە بەر مەترسیدان. جا چەند ساڵێکی دیکە وەک لایەنێکی سروشتیی درێژبووەوەی ئەم لقە، بەبێ هیچ دوودڵییەک کتێبگەلێکی جوان دەبینین کە بە وێنەی ڕەنگاوڕەنگی ئەو گیانلەبەرانە ڕازێنراونەتەوە کە تیاچوونە. ڕێک وێنەی ئەو جۆرانە دەبن کە چەند ساڵێک پێشتر لە سیاهەکاندا هۆشدارییان لەبارەوە درابوو و، ڕۆژگارێکیش دادێت کە وەک "وێنەی بەبەردبوو" لەبارەیانەوە دەئاخێوین، واتە ئەو جۆرانەی بەر لەوەی شوێنەواریان لە زێدەکانیاندا بسڕدرێتەوە، توانیویانە خۆیان بۆ نەوەکانی داهاتوو تۆمار بکەن.

باشە مەگەر مایەی پێکەنین نییە کە سەردەمی زێڕینی وێنەی سروشت-و داهێنانی یادگەی ئەلیکترۆنی-کە لەگەڵ قڕکردنی جۆرە جیاوازەکانی ڕووەک و گیانلەبەران لەلایەن مرۆڤەوە هاوکاتە؟ بەڵام ڕۆژێک دێت کە دایناسۆرەکان باویان نامێنێت و



Scanned by CamScanner

لەبری ئەواندا لە وێنەی ئەلیکترۆنییانەی ئەو باڵندە و شیردەرانە رادەمێنین کە لە سەردەمی خۆماندا قەلاچۆ بوونە.

ئەمە نەخۆشی بوو. ئاخر مرۆڤ بە چ مافێک جۆرەکانی دیکەی ژیانی لەناو برد؟

باشە مرۆڤایەتی کێشەی چی بوو؟ ئەوە ئەو شتە بوو کە ***ئانا*** دەیویست تا زووە پەیی پێ ببات. بیرۆکەیەکی هەبوو.

چەکمەجەکەی کردەوە و کارتی نۆڕینگەکەی دکتۆر ***بنیامین***ی دەرهێنا. گوتبووی کە دەتوانێت تەلەفۆنی بۆ بکات. جا بۆ ئەوەی نەوەک کاتەکەی گونجاو نەبێت، سەرەتا نامەی نارد:

"ئەی هاوار ئێمەی مرۆڤ کێشەمان چییە؟ دەتوانین قسە بکەین؟ کەی کاتێکی باشە؟ ڕێز و سڵاو، ***ئانا(نیروود)***."

لە کەمتر لە خولەکێکدا وەڵامی دایەوە. "ئێستا چاکە. ئەمرۆ لەسەر کار نیم. ***بنیامین***."

"ئەمرۆ لەسەر کار نیم." ئەوەی بۆچی نووسیبوو؟ دەی، ئەگەر لە نەخۆشخانە بووبایە، شتێکی نەشیاو دەبوو کە لەوێ بێت و زەنگی بۆ لێبدەیت. وەلێ هێمان تەواو نەیزانی کە بۆچی ئاماژەی بەوە دابوو. جا باشە بۆچی لەسەر کار نەبوو؟

شەپۆلێکی بیرکردنەوە لە مێشکیدا سەری هەڵدا. وەڵی بەر لەوەی بتوانێت بیریان لێ بکاتەوە، زەنگی بۆ لێدا. چەند چرکەیەک دواتر هەڵیگرت:

"ئەلوو، ***بنیامین***م."

"منیش ***ئانا***م."

"سڵاوت لێ بێت. چۆن ژمارەکەمت ...؟"

"خۆت کارتەکەتت دامێ."

"ئەها."

"دوودڵیت؟ وا دیارە تۆزێک دوودڵیت."

"بە دڵنیاییەوە. ***ئانا***، بۆچی تەلەفۆنت کردووە؟"

بە دڵنیاییەوە؟ ***ئانا*** نەیدەزانی کە مەبەستی لەوە چی بوو. وەلێ بیری بوو کە بۆچی پەیوەندیی پێوە کردبوو. "باشە دەروونپزیشکی هیچی پێیە لەبارەی ئەوەوەی کە بۆچی ئێمە هەسارەکەمان وێران دەکەین؟"

"..."

"ئەلوو؟"

"تۆ گوتت: 'ئەی هاوار ئێمەی مرۆڤ کێشەمان چییە؟' کەچی خۆیشت نازانیت؟"

"چی نازانم؟"

"لەبارەی کچەکەمەوە."

"***ئێستێر ئانتۆنسن***!"

"بەڵێ، ئەوە کچەکەمە، بەڵێ. کەواتە دەتزانی؟"

"نەخێر، نەخێر، نەمدەزانی. هەر ئا ئێستاکە بۆم دەرکەوت. ئینجا ئێستا بە تەواوەتی دەزانم کە بۆچی پەیوەندیم کردووە. تۆ وێنەیەکی ئەوەت لەسەر مێزەکەت دانابوو ..."



Scanned by CamScanner

"لە ڕاستیدا ئەوە وێنەی ئەو کاتەی ژنەکەمە کە لە تەمەنی ***ئیستێر***دا بووە."

"بە ڕاست؟ دیار زۆر پێک دەچن ..."

"دەکرێت بابەتەکە بگۆڕین؟ تۆزێک دوودڵم، بەڵام هێشتا پێویستم بە کەسێکە کە قسەی لەگەڵدا بکەم."

"دەروونپزیشکەکە لەسەر کار نییە و پێویستیشی بە نەخۆشەکانە تا قسەیان لەگەڵدا بکات؟"

"بەڵێ، وایە. مێشکی مرۆڤ شتێکی ئاڵۆزە."

"دەی باشە، پێت خۆشە لەبارەی چییەوە قسە بکەیت؟"

"بەم تازەکییانە هیچ گەوەزنێکت دیوە؟"

کچەی گۆرین پێکەنی. "ئەیچۆن، هێشتا هەر دەیانبینم. وا دەزانم شۆفاریم[1] بەسەرەوە دەکەن ... ئەویش بۆ ***بابانوئێل***."

"رەنگە بیانەوێت بزانن بۆ ***کریسمس*** چیت دەوێت."

"ڕەنگە ... پێم وایە هەموو شتێک بۆ ***ئیستێر*** باش دەبێت و، ئەمەیش لەبەر ئەو نالێم کە باوەڕم بە ***بابانوئێل*** هەیە. دکتۆر ***بنیامین***، تۆیش دەبێت ئەرێنییانە بیر بکەیتەوە. بە دوودڵبوونت هیچ سوودێک بە کچەکەت ناگەیەنیت. پێویستە بەهێز بێت."

"تۆ ڕاست دەکەیت، ***ئانا***. ئەوە ئامۆژگارییەکی چاکە."

"کچەکەت کارێکی گرنگ دەکات. شتێکی زۆر جوانە کە هێشتا کەسانێکی وا خەمخۆری خەڵکی هەن."

---

[1] شۆفاری: سیخوڕی، جاسوسی



Scanned by CamScanner

***ئانا*** وەبیری هاتەوە کە بۆچی پەیوەندیی کردبوو. "ڕەنگە باش وا بێت کە لێکۆڵینەوەی دەروونشیکارییانە لەبارەی مرۆڤەوە بۆ کاتێکی دیکە دابنێین. ئەو کاتە دەتوانم باسی خەونە شێتانەکانمت بۆ بکەم. لە خەونمدا بینیم کە خۆم منداڵی کچەزای خۆمم و، هەر خۆیشم داپیرە گەورەی خۆمم ..."

"پێم وایە ئەوە شتێکی زۆر باشە. ئینجا سپاس بۆ پەیوەندییەکەیشت."

"دکتۆر ***بنیامین***، بە دڵنیاییەوە بەدوای هەواڵەکاندا دەچم."

"دکتۆر ***بنیامین*** ... یان ***ئانتۆنسن***؟"

"باشە، دکتۆر ***ئانتۆنسن***. مەبەستم ***بنیامین*** ـە! دەبوو وردتر کارتەکەتم خوێندبایەوە."

"ئاگات لە خۆت بێت."

"تۆیش هەروەها. بیرم لاتە."



Scanned by CamScanner

# شەوێکی زستان



لە ناوچە بێدرەختەکەی لێڕەوارەکەدا لەژێر ئاسمانی درەوشاوەدا دادەنیشێت. تێرمیناڵەکە لەسەر کۆشی دادەنێت، سەیری ئەوە دەکات کە بەسەر هەسارەکەیدا هاتووە. دەیەوێت کاولکارییەکە ببینێت. لەبەر ئەمە هاتووەتە لێڕەوارەکەوە. دەیەوێت دارمانی جیهان ببینێت. هەست بە شەرمەزاری دەکات کە دەیەوێت ئەمە ببینێت، ئەوەندە شەرمەزار بوو کە لە ماڵەوە لە ژوورەکەی خۆیدا سەیری نەیکرد. ڕەنگە کەسێک وەژوور بکەوێت و ببینێت.

"هۆی *تۆڤا*، واز لەم گلەیی و گازەندانە بهێنە ئیتر!"

چاو دەبڕێتە شاشەکە، بە خێرایی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە بە جیهاندا دەگەڕێت بەبێ ئەوەی دووبارەیان بکاتەوە. هەموو ئەو شتانە دەدۆزێتەوە کە بۆیان دەگەڕێت. بەرنامەی زۆری دەست دەکەوێت کە هەموو لایەنەکانی دارمانی زەوییان تۆمار کردووە. هەسارەکە لەژێر چاودێریی کامێرا ئینتەرنێتییەکاندایە: تێرمیناڵەکە توانەوەی بەستەڵەکەکان و بڵاوبوونەوەی وشکە ساڵیی بە ئەفریکا، ئەمێریکا، ئوسترالیا و



Scanned by CamScanner

ڕۆژهەڵاتــی ناویـنــدا پیشـــان دەدات. ڕاســـتی بە هەر چـــوار ڕەهەنـدەکەیەوە دەبینێت. وەلـێ پاشـان وێنەکـان دەگـۆڕدرێن و وێـرانەیەک لەســەر شاشــەکە دەردەکەوێـت. کیشـوەر، وڵات و هەرێمەکان دەبینێت کە هەموو جۆرە جیاوازەکان و جوانییەکەیان لـێ سـەنراوە .شـتێکی سـەرنج ڕاکێشــە کە ئەم جیهانــانە لە بەردەستیدان، کاتێک قامکەکانی بەسەر شاشـەکەوە سـەما دەکەن، بۆی دەردەکەوێت کە ئەوە سەمای ترسە.

دەســتی بە بەرنــامە هەواڵــی، گوزارشــتی و بەڵگەنامەییەکــانی سەرانســەری جیهــان ڕادەگــات. هەرچییەکــی بوێــت، بەرنــامە ئەلیکترۆنییەکـان ڕێـی دەدەن بەوپەڕی وردییەوە پۆلێنیـان بکـات. هەمـوو شـتێکی لە بەردەسـتدایە. ئێسـتا هەسـارەکە چوارچێوەی نییە. زانیاریی ئەمیش سنووری نییە. هەمـوو شتێک لە ئینتەرنێتدا هەیە و ئەمیش هۆگریان بووە.

وێنەکان نزیک و دوور دەخاتەوە. تێرمیناڵەکە ئامێری گەشتکردنە بەنێـو کاتـدا. کـاریگەری لەســەر هەســتەکانی دروسـت بـوو. تێرمینـاڵەکە بڵندگۆی باشـی هەبوو و گوێیەکـانی پەیامەکانیـان بە گیــانی دەگەیانــد. نەک تەنیــا ئەوەی کە دەتوانێــت داپــاچینی دارســتانەکان ببینێــت؛ دەیشــتوانێت گــوێی لە دەنگـی مشــارە کارەباییەکانیش بێت. دەتوانێت ببینێت کە ئاگر لەنێویان دەبات و گوێی لە لرفەلرفـی ئـاگرەکە دەبێـت. ئەو دەمەی تەماشـای ڤیـدیۆ تۆقێنەرەکــانی زریــان و گەردەلوولەکــان دەکــات، دەتوانێــت شڵپوهوڕی ئـاو، گفەگفـی بـا و قـاووقیژی خەڵـک ببیسـتێت. بە وردی تەماشـای کەمبوونەوەی ژمـارەی دانیشـتوانی سـەر زەوی دەکات، کە ملیۆنـان کەس بە هـۆی کارەساتی سروشتییەوە، یان بە هـۆی شـەڕێکی سـامناکەوە لەپێنـاو ئەو شـتانەیدا کە مـاون، لە



Scanned by CamScanner

برساندا دەمرن یان تیادەچن. لەو کاتەوەی کارەساتەکان ڕوویان داوە، هیچ سەرژمێرییەک نەکراوە. وەلێ ژمارەی دانیشتوانی سەر زەوی بە کەمتر لە ملیارێک کەس خەملێنراوە.

ئەو دیمەنانەی بەنێویاندا دەگەڕێت خەیاڵی نین. دەبێت بیری بێت کە ئاگای لە دوو لایەن بێت: کات و شوێن. ئەمازۆنی ساڵی ٢٠٦٠ ئەو ئەمازۆنەی ساڵی ١٩٦٠ نییە. **سێرێنگێتی** ی ٢٠٨٠ ئەو **سێرێنگێتی**-یەی ساڵی ١٩٨٠ نییە. زەوی لە ساڵی ٢٠٨٢دا ئەو زەوییەی ساڵی ٢٠١٢ نییە.

ئەو ساڵەی ***ئانای*** تێدایە ئەوە نییە کە ***نۆڤای*** تێدایە. ئیدی کاتیەتی ... کاتیەتی.

چەڵێکی دی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیهانەی لە پێشوودا هەبووە، بۆ لێڕەوار، پێدەشت و دوورگە مەرجانییە هەراوەکان. ئەم دووزەنە ژینگەییە گزۆرانە[1] لە ڕابردوودا هەبوونە. ئەوە بۆیە کاتێک سەیری شێوازی جوان و دڵڕفێنی پێشوویان دەکەیت، دڵت دەشکێت. وەک ئەوە دەچێت تەماشای هەسارەیەکی جیاواز بکات، نەک زەوییە وشکە قاقڕەکەی[2] ئێستا.

لە پرمەی گریان دەدات. تێرمیناڵەکە دەکوژێنێتەوە و بۆ چرکەیەک هەموو شتێک لە گێجیدا ڕەش دەبێت. لێ بە ڕاسەریەوە لەو تەشقی ئاسمانەدا، هەزاران خۆری دوور کونی بچووک دەکەنە دڵی شەوەوە. سەری بەرز دەکاتەوە و تەماشای پشتێنەی ئەستێرەکانی نێو ڕێگای شیری[3] دەکات. ئاسمان تەژییە

---

[1] گزۆر: تەواو و بێکەموکوڕی، کامل، perfect

[2] قاقڕ: زەوییەک کە گیا و ڕووەکی تێدا سەوز نەبێت.

[3] ڕێگای شیری: کاکێشانێکە، درب التبانة، The Milky Way

لە خۆری لەگوێن ئەوەی خۆی. لی هەندە لێوەی دوورن کە بایەخیان پی نادات. هیچ سەبوورییەکیان تیا بەدەی ناکات.

گاهەس ژیانی هۆشمەندانە تەنیا لەسەر هەسارەکەی ئەو هەبێت. وەلی ئەی چی دەبێت ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان هیچ مرۆڤێک نەمێنێت؟ ئایا ئەستێرە و هەسارەکان دەتوانن بەبێ ئەوەی کەس تەماشایان بکات، بەردەوامی بە ژیانیان بدەن؟

بەسەر خۆیدا زاڵ دەبێت و گریانەکەی دەبڕێتەوە. بڕیار دەدات کە لەمەو دوا دڵتەنگ نەبێت. نایەوێت دڵی ئەو کەسانەی بوونەتە مایەی تێکدانی هەسارەکەی بە گریان و دڵتەنگییەکەی ئەم خۆش ببێت.



Scanned by CamScanner

# کەلەپووری جیهان



***ئانا*** چووە سەر هێڵی ئینتەرنێت و لەمەڕ بەبارمتەگیراوەکانەوەی خوێندەوە. بەڵام هیچ هەواڵێکی تازە لە ناوچەی ***سۆماڵ*** و دەوروبەریەوە نەبوو. تەماشای کورتەی هەواڵەکانی لە تەلەڤزیۆندا کرد. ئەو بەیانییە پەخش کرابوو، لێ دەیتوانی بە ئاسانی بۆنێو مۆبایلەکەیی دایبگرێت—ئاخر خووی بە مۆبایلەکەیەوە گرتبوو. گورج تۆڕی هەواڵی نەرویجیی دۆزییەوە و خستیە سەر ئەو بابەتەی کە چەند ڕۆژێک پێشتر لە ڕادیۆدا گوێی لێ گرتبوو.

مرۆڤی هاوچەرخ بە شیوەیەکی سەرەکی لەلایەن فەرهەنگ و مێژووەوە و، لەلایەن ئەو شارستانەتەوەی تیایدا گەورە بووینە، دەستی بەسەردا گیراوە. دەڵێین کە لە کەلەپوورێکی فەرهەنگیدا هاوبەشین. بەڵام لەلایەن مێژووی زیندەزانییانەی ئەم

هەسارەیەیشـــەوە پێــک هێنــراوین. هەروەهــا لە کەلەپــووری بۆهێلییشدا هاوبەشین.

زەوی ملیــاران ســاڵ بەر لەوەی مرۆڤــی لەســەر دەربکەوێــت، هەبووە. لە ڕاستیدا ئافرانی مرۆڤ چەند ملیار ساڵی خایاند. بەڵام بڵێیت مرۆڤ تا هەزارەی سێیەم لەسەر ئەم زەوییەدا بمێنێت؟

ئەی کات چییە؟ دەکرێت لە زۆر دیدگاوە تەماشای کات بکرێت: سەرەتا، لە دیدگای تاکەوە، پاشان لە دیدگای خێزانەوە، دواتر لە دیــدگای فەرهەمــگ و فەرهەنگــی نووســراوەوە و، هەنگینــی لە دیدگای زەویناسییانەوە. ئێمە لەو چوارپێیانەوە هاتووین کە ٣٥٠ ملیار ساڵ پێش ئێستا لە زەریاکانەوە خۆیان خزاندە سەر زەوی. لە کۆتاییــدا، لەســـەر تەوەرەی کــاتی گەردوونــی دەژیــین. لە گەردوونێکدا دەژیین کە تەمەنی ١٣.٧ ملیار ساڵە.

بەڵام ئەم ســەردەمە کاتییــانە، لە کەتــواردا، هێنــدەیش لێک دوور نــین وەک ئەوەی لە یەکەم بینیدا دەردەکەوێت. مــافی خۆمــانە کە وا هەست بکەین لەم گەردوونەدا لە ماڵی خۆماندابن. تەمەنی ئەم هەســارەیەی تیایــدا نیشــتەجێین ســێیەکی تەمەنــی گەردوونە و، تەمەنـــی شانشـــینی گیـــانەوەرانیش کە ســـەر بەویـــن، لە بڕبڕەدارەکـــانین، لە ســـەددا دەی تەمەنـــی زەوی و دووزەنەی خۆرە. ئیدی گەردوون لەمە پتر بێکۆتـا نابێت. یـان، بە واتـایەکی دیکە، ڕیشکمان بەم جۆرە بۆنێو ئەو خاکە دەگەڕێتەوە کە لێوەی سەرمان دەرهێناوە و، قووڵیی خزمایەتیمان بەم شێوەیەیە.

لەوانەیە لە تەواوی گەردوونــدا مــرۆڤ تــاکە ئــافرێنراو بێــت کە ئاگـاییەکی گەردوونیی هەیە—کە درکێکی سەرسوورهێنەرە بۆ ئەم گەردوونە مەزن و نهێنیئـــامێزەی ئـــێمە تیایـــدا بەشـــێکی



Scanned by CamScanner

سەرەکیین. بۆیە پاریزگاریکردن لە ژیان لەسەر ئەم هەسارەیەدا تەنیا بەرپرسیارێتییەکی جیهانی نییە؛ بەرپرسیارێتییەکی گەردوونییشە.

مافی خۆمانە کە وا هەست بکەین لەم گەردوونەدا لە ماڵی خۆماندایین! کاتێک *ئانا* بۆ یەکەم جار وانەکەی بیست، ئەم رستەیە سەرنجی راگرت. ژیانی هۆشمەندانە لە هەر شوێنێکی دی هەبێت یان نا، ژیانی سەر ئەم زەوییە بۆ مرۆڤ گوزارشت لە تەواوی گەردوون دەکات. جا مرۆڤ، لەرێی خەلاتی ئاگاییەوە، لە پێگایەکی ناوازەدایە. وەلێ مرۆڤ بەبێ شێوەکانی دیکەی ژیان نەیدەتوانی بوونی هەبێت. ئەگەر بەکتریا نەبووبایە، نەماندەتوانی بوونمان هەبێت. کەواتە ئەم بەکتریایانە گرنگییەکی گەردوونییان هەبووە، چونکە لە ئاگاییی مرۆڤدا بەشدارییان کردووە. کەواتە سپاس بۆ ئەم وردبینەزیندەوەرانە[1]! دەکرێت ئەمانە هەر هەستیشیان پێ نەکردبێت، وەلێ نەخشێکی گەردوونییان هەبووە!

*ئانا* پێکەنی. بیرۆکەی ئەوەی کە بەکتریایەکی زۆر بچووک دەتوانێت مانا بە گەردوون ببەخشێت، وە پێکەنینی هێنا.

سەیری لای بەنزینخانەکەی کرد و لە دیمەنی ئەو زستانە بریقەدارەی روانی. لە راستیدا دەبوو ئێستا پەیوەندی بە *جۆناس*ەوە بکات! وەلێ ئەو پێش ئەم کەوت.

*جۆناس* لە بەشی ژوورووی دۆڵەکەدا دەژیا. تا دەستپێکی خوێندن لەم پاییزەی رابردوودا پێشتر یەکدییان نەدیتبوو. نیوەی خوێندکاری هەرێمەکە لەو خوێندنگەیە بوون و، لە چەند

[1] وردبینەزیندەوەر: Microorganism

کیلۆمەترێک دوورترەوە دەهاتن. ئەوە یەکێک بوو لەو هۆکارانەی کە زۆر قورس بوو بە شەواندا یەکدی ببینن.

ئەم ساڵ لە ناوەڕاستی تشرینی دووەمەوە بارودۆخ بۆ خلیسکێنە گونجاو بووبوو و، ***ئانا*** و ***جۆناس*** جاروبار لە چیاکە ژووانیان دادەنا، ئەویش لە یانەکڵەیەکدا[1] کە چەندین ساڵ بوو هیی بنەماڵەکەی ***ئانا*** بوو. جا ڕێک ئا ئەو کاتە بوو کە ***جۆناس*** پێشنیاری کرد دواتر یەکدی ببینن. گوتی کە دوایین هەلیەتی یارە پانزەساڵانەکەی ببینێت.

کچەی تاین هەستی بەباشی نەدەکرد، چونکە ئەو نامەیەی ***نانای*** وەبیر دەهێنایەوە کە بۆ نەوەکەیی نووسیبوو. دەبێت بەر لە ٢٠١٢/١٢/١٢دا نووسرابێت. ئەگەرنا کاتێک پاڵێوەری لە گەڕانی ئینتەرنێتەکە دا، دەرنەدەکەوت.

***ئانا*** گوتی: "ئەوەی ڕاستی بێت، تۆزێک بە شتێکەوە سەرقاڵم."

"شتێکی گرنگە؟"

"بەڵێ. بەڵام شتێکی دیکەیش هەیە. ئەمڕۆ هەواڵەکانت خوێندوونەتەوە؟"

"ئا. درەنگ تەلەفۆنت کرد، ئیتر منیش سەیرێکی ئینتەرنێتم کرد. بۆچی؟"

"***ئێستێر ئانتۆنسن***."

"یارۆی سۆماڵە؟"

"ئا."

---

[1] یانەکڵە: خانیلە، خانۆچکە، کابینە، cabin

"ناتوانم باوەڕ بکەم. خۆ هەر تازە گەیشتبووە فرۆکەخانە."

"کچی بنیامین ـە. تۆزێک لەمەو بەر بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵدا کرد."

"لەگەڵ دکتۆر بنیامین‌دا قسەت کرد؟"

"جۆناس، ناسناویان ئانتۆنسن‌ـە. بنیامین ئانتۆنسن."

"واتە هەر لە خۆیەوە تەلەفۆنی بۆ کردیت تا پێت بڵێت کە کچەکەی ڕفێنراوە؟"

"دەی نا، من کردم."

"بۆچی؟"

"تۆ واز لەوە بهێنە. ویستم لێی بپرسم کە لە ڕووی دەروونییەوە بۆچی ئێمە هەسارەکەی خۆمان وێران دەکەین. بەڵام گاهەس لەبەر ئەوە تەلەفۆنم بۆ کردبێت کە تۆزێک لەوەو پێش وێنەیەکی ئێستێرم بینیبوو. دەبێت ئەو وێنەیەی بیر هێنابمەوە کە لە سەر مێزەکەی بنیامین دا بوو. بەڵام دەرکەوت کە وێنەکەی سەر مێزەکە ژنەکەی بنیامین بووە—بە گەنجی. هەر زۆر لە یەکدی دەچن ..."

"ئانا! دەی ئێمە دەتوانین لە چیاکەیش لەم بارەیەوە قسان بکەین ... خۆ دێیت؟"

کچەی گۆرین وای خۆی کرد کە جۆناس تکای لی بکات: "... بە مەرجێک دێم."

"چییە؟"

"دەمەوێت کێشەیەکم بۆ چارسەر بکەیت."



Scanned by CamScanner

"ئا دەی بیڵێ. هەرچیت بوێت بوت دەکەم."

"چۆن دەتوانین هەزارویەک ڕووەک و گیانلەبەر بپارێزین؟"

"چی؟ ئەمە هیچ پەیوەندیی بە دەستەی فشارەکەوە هەیە؟"

"ڕاستەوخۆ نا. بەڵام دەمەوێت شتێکم بۆ ڕوون ببێتەوە ... شتێک کە خەونم پێوە بینی، **جۆناس**، شتێک کە دوێنێ شەو خەونم پێوە بینی."

"ئەی هاوار، **ئانا**. باشە بۆچی هەر دەبێت هەزارویەک دانە بێت؟"

پێکەنی. "دەی ژمارەیەکی جوانە. وەکوو هەزارویەک شەوە. ئەها منداڵان کاتێک باسی شتێکی زۆرزۆر بکەن، دەڵێن: هەزار. بەڵام من دەڵێم: هەزارویەک."

"شێتە گیان."

"ئم، ڕەنگە شێت بم. تۆزێک خەمی ئەوەم بوو. بەڵام **بنیامین** دڵنیای کردمەوە کە هیچم نییە ..."

"ئیتر ئێمەیش دەبێت باوەڕی پێ بکەین."

"کاتێک یەکدیمان بینی، پێم بڵێ کە چۆن هەزارویەک جۆر ڕووەک و گیانلەبەر لە قڕبوون بپارێزم. باش؟ ئەگەر بتوانیت ئەوە بکەیت، خۆشم دەوێیت. جا ئەگەر نەتوانیت، وازت لێ دەهێنم!"

"هەر دەیکەم. نامەوێت وازم لێ بهێنیت."

"**جۆناس** من ناتوانم شتی وا بکەم. کورە هەر زۆرزۆرم خۆش دەوێیت."

"لە یانەکڵەکە دەتبینمەوە."



Scanned by CamScanner

"بوەستە!"

"ئا؟"

"باوەڕت بە هاوتەریبیی جیهانەکان هەیە؟"

"*ئانا*!"

"ئاخر وا هەست دەکەم لە دوو جیهانی جیاوازدا دەژیم. یان ئەوەی کە پەیوەندیم لەگەڵ جیهانێکی دیکەدا هەیە. شتێک لە بەشەکەی دیکەدایە و ... نامەم بۆ دەنێرێت."

"پێشتریش باسی ئەمەت کردووە."

"دەزانم."

"کە بەم جۆرە قسە دەکەیت، دەمترسێنیت."

"باشە لە چی دەترسیت؟ لەو ڕاستییە کە ڕەهەندێکی دیکەی هەیە یان لەوەی لە بەشەکەی دیکەدایە؟"

"لەوە دەترسم کە لە سەرتدا دەگوزەرێت."

"پێویست بە ترس ناکات، ***جۆناس***. دەی، کەمێکی دی دەتبینم."

"ئاگات لە خۆت بێت. ئینجا تکایە سەرنجت بخەرە سەر ئەم جیهانە، ئەم جیهانەی خۆمان—باش؟"

"باش. هەوڵ دەدەم. خوا حافیز!"

"خوا حافیز!"

***ئانا*** لەوێدا ڕاوەستا و بیری دەکردەوە، دیسانەوە ڕووی دا: شتێکی دیکەی بیر هاتەوە، دیمەنێک کە هەموو ڕۆژێک لە



Scanned by CamScanner

ژیـــانه‌که‌ی دیـــدا ده‌بیینــــی که پـــاژێکی هه‌ر زۆر بچـــووکی گه‌ردوونه‌که‌ی دیکه‌یه ...



Scanned by CamScanner

# میزەڵدانەکان



به کۆمەڵێک میزەڵدانی سووری پڕ لە گازی هیلیۆمەوە دێتە باخچەکەوە، هەریەکەیان ئاماژەن بۆ گیانلەبەرێکی لەناوچوو. بەرەو جێی کۆبوونەوەی خەڵکەکە دادەگەڕێت تا بیانفرۆشێت، چونکە بۆ کڕینی تێرمیناڵێکی تازە خەریکی پارەکۆکردنەوەیە. پێی وایە کە زۆرێک لە گەشتیارەکان میزەڵدانی شێر یان گۆریلا بۆ زارۆکەکانیان دەکڕن.

دایک و باوکی لە باخچەکەدا بەسەر پێژە دوولاقییەکەوەن و خەریکی پیتاندنی درەختەکانن. هەنگ بووەتە شتێک لە ڕابردوو و باوی نەماوە. سەدان ساڵ لەمەو پێش، لەبەر هۆکاری جۆراوجۆر، ژمارەیان لەکەمیی دا. هەنگینی، هەر لەپڕ، بە تەواوەتی قەرەچۆڵیان نەما. ئێستا دەبێت خەڵکی بە دەستی خۆیان ئەو کارە پشتشکێنە بکەن کە سەردەمانی زوو لەلایەن ملیۆنان هەنگەوە دەکرا.



Scanned by CamScanner

دایک و باوکی بەسەر پەیژەکەوە دەستی بۆ رادەوەشێنن. هەرتکیان دەستێک جلی شینیان پۆشیوە. بیر لەوە دەکاتەوە کە دایکی چەندە شۆخە و، باوکیشی چەندە چەلەنگ.

باوکی دەڵێت: "میزەڵدانەکانت زۆر جوانن."

دایکیشی هەڵدەداتی: "حەیفە بیانفرۆشیت."

***نانا*** بە بەرکەشێکی[1] گەورەوە دێتە باخچەکەوە. کولێرەبەقیمەی ساز کردووە. ***تۆڤا*** دەزانێت کە خۆراکەکە ماددەی کیمیاییی تێدایە و تەواو سروشتی نییە. زۆر لەم جۆرە خۆراکانە بێزار دەبێت، ئەگەرچی پێیشی دەگوترێت کە هەموو ئەو ماددەخۆراکییانەی تێدایە کە پێویستیەتی.

***نانا*** دوا دەکات کە بەدەمیەوە بچن تا مێزی باخچەکە، کە پێشتر گوڵدانی مێلاقەکانی لەسەر دانرابوو، ڕێک بخات. بەرەو ڕووی ***نانا*** دەچێت و شتێک لەسەر بەرکەشەکە دەبات. هەوڵ دەدات میزەڵدانەکان لە دەستی ڕاستیەوە بخاتە دەستی چەپی. وەلێ بۆ کەمتر لە چرکەیەک سەرنجی نامێنێت و میزەڵدانەکان بە هەوادا دەچن. لە چاوترووکانێکدا ڕوو دەدات.

لە کەمتر لە چارەکێکی چرکەیەکدا دەستی لە پەتەکە بەر دەبێت و خێرا میزەڵدانەکان ئەوەندەی باڵێک بەرز دەبنەوە، هێمان هەندە نزیکن کە خۆی بۆیان هەڵبدات و بیانگرێتەوە. خۆی هەڵدەدات تا بیانگرێتەوە، بەلام یەکتۆز دوا دەکەوێت و، میزەڵدانەکان بەرزتر دەبنەوە، هەوا دووریان دەخاتەوە، ئێستا بە ڕووی ئاسمانی شینەوە لە خاڵێکی بچووک دەچن.

---

[1] بەرکەش: سینی

# مەلەوانگەکە



دوو ئەگەر هەبوون. یان ئەوەی کە ***ئانا*** دوێنێ شەو لە خەونیدا داهاتوویەکی دووری بینیبوو ـــ هەر ئەو ساتەی خەو چووە چاوی تا خەبەری بووەوە، زنجیرە ڕەنگاڵەکەی هەموو بەشەکان مینا مرواری بە پەتێکەوە هۆنرابوونەوە. یان ئەوەی کە لە زووەوە دەنێو هەمان ئەم جیهانەدا خەریکی چنینەوەی خەون بووە، لێ ئەمە یەکەم چەل بووبێت کە هەموویانی وەبیر بێتەوە. ئەو خەونەی بە ***نانا*** و موستیلە سوورەکەوەی بینیبوو، هیی دوێنێ شەو بوو، چونکە لە کاتی خەونبینیندا خەبەری بووەوە و، گاهەس ئەو خەونە هەموو خەونەکانی دیکەی لە زەریای لەبیرچوونەوە ڕزگار کردبێت.

کام ئەگەریان پتر ڕێی تێدەچێت؟ ئەی کامیان پتر ئاوەزپەسەندە؟

وەلێ لەوانەیە ئەگەری سێیەم هەبێت و، ***ئانا*** ئامادە نەبێت ڕەدی بکاتەوە: دەشێت هەموو ئەو شتانەی خەونی پێوە بینیبوون،



Scanned by CamScanner

ڕاست بووبن. ڕەنگە هەر بە ڕاستی لە داهاتوویەکی دووردا ببێتە داپیـــرە گەورەی کچێکـــی سەیروســـەمەرە کە بە شـــێوەیەکی ئەفسووناوی بیرۆکەکـانی خـۆی بـۆ داپیـرە گەورەی بنێرێـت، لە کاتێکدا ئەو داپیرە گەورەیە، *ئانا*، خۆیشی کچ بێت. گەلێک شت لە سروشتدا هەن کە لێیان تێناگەین. بۆ وێنە کات. ئەریٚ کات چییە؟

هەرچۆنێـک بێـت، شـتێک ڕاسـت بـوو: دایـک و بـاوکی *نۆڤـا* کە خەریک بـوون بە دەسـت ڕووەکەکانیـان دەپێتانـد، دوور و نزیـک هیچیان نەچووبووەوە سەر دایک و باوکی خۆیان. لە هیچ یەکێک لەو کەسانە نەدەچوون کە *ئانا* لە ژیانیدا بینیبوونی.

وەبیـری نـایەتەوە کە لە ژیانیـدا ژنێکـی دیبێت کە هەنـدەی دایکـی *نۆڤا* جوان بووبێت، تەنانەت لە فیلمەکانیشتدا شتی وای نەبینیبوو. لە ژیانیشــیدا هــیچ پیــاوێکی نەدیبــوو کە هێنــدەی بــاوکی *نۆڤــا* چەلەنگ بووبێت. بریقەی چاوەکانی لەبیرنەکراو بـوون. *ئانا* بەبیٚ دوودڵـی سـەدان کیلـۆمەتری دەبـڕی تەنیـا بـۆ ئەوەی چەلێکـی دی چاوی پێی بکەوێتەوە.

یـان لەوانەیە دڵڕۆشـنی بووبێـت و ئەو کەسـانەی لە خەونەکانیـدا بینیبـــوونی ڕاســـتەقینە بـــووبن و لە شـــوێنێکی داهـــاتوویەکی دووردابـن. یـان هەر لە خەیاڵیـدا دوو کەسـایەتیی زۆر تـایبەتی دروست کردبوو. هەرچۆنێک بێت، شتێکی بەبەرهەم بوو. لیٚ کام بژاردەیـان خۆشـتر بـوو؟ لەوانەیە ئەوەیـان کە ئەو دروسـتی کردبن!

ئەگەر وێنەکـێش بووبـایە، ئەوا بەوپەڕی وردەکـارییەوە وێـنەی دایـک و بـاوکی *نۆڤـای* دەکێشـا. ئەگەر لە شـەقامدا بینیبـانی، دەستبەجیٚ دەیناسینەوە و دەچووە کنیان و سڵاوی لیٚ دەکردن.



Scanned by CamScanner

کەرەتێکی دیکە ئەو نامەیەی وەبیر هاتەوە کە نۆڤا لە ئینتەرنێتدا دۆزییەوە، ئەو نامەیەی کە ئانا لە کچێنیدا نووسیبووی. بە دڵنیاییەوە ئەوە ئانا بوو! کە هەموو پەیوەندییەکانی وەبیر هاتنەوە، هەستی دەکرد سەری گێژ دەخوات، بە تایبەتی کە بیری لە ئاگایی و خەون دەکردەوە.

باشە ئاگایی چی بوو؟ ئەی خەون چی بوو؟

کاتێک لە گەرماو بوو، هاتەوە یادی کە چەلێکیان لەو بەهارەدا چووەتە خواری بۆ باخچەکە. دایکی بە مەترەیەکی زۆر درێژەوە بەنێو باخچەکەدا سووڕابووەوە. ئانا لێی پرسی بوو کە خەریکی چییە و، گوتبووی کە لەوانەیە مەلەوانگەیەک دروست بکەن. گوتبووی کە هێندە گران نییە، تێچووەکەی هەرزانتر بوو لەوەی کە دایک و باوکی بیریان لێ کردبووەوە.

سەرەتا ئانا لە سەرسووڕماندا دەمی بوو بە تەڵەی تەقیو. پاشان بیری لەوە کردەوە کە بڵێیت دایکی مێشکی لەدەست دابێت. ئاخر هیچ شوێنێکی بەتاڵ لە باخچەکەدا نەبوو کە مەلەوانگەی تێدا دروست بکرێت. بەڵام دایکی داکۆکی دەکرد کە شوێنی زۆر بۆ مەلەوانگە هەیە و، دەزانێت کە دەبێت، چونکە پێوانەی کردووە. دەی بە دڵنیاییەوە دەبوو شوێنی درەختی میوەکان، گوڵەکان و توودڕکەکاندا هەڵبکەنن. پوورەی هەنگیش لەو باخچە تەسکوترووسکەدا هەبووبوو، وەلێ باوکی لە زووەوە بڕیاری دابوو کە واز لە بەخێوکردنی هەنگ بهێنێت.

"ئانا، هاوین زۆر کورتە. زۆر خۆشە لە گەرمای هاویندا مەلە بکەیت. ئینجا دەبێتە ڕاهێنانێکی باشیش."

مێزێکی سپی و چەند کورسییەکی نێو باخچە لە چیمەنەکەدا بوون. ئانا دایکیی بانگ کرد و پیی گوت کە دابنیشێت. ئەوەی کرد کە پێی گوترا و ***ئانا***یش لە کورسییەکەی بەرانبەریدا دانیشت تا بتوانێت سەیری چاوەکانی دایکی بکات.

"باشە خەملاندنەکەتان کاریگەری لەسەر سوودەکانی باخچەیەک هەیە؟ ئەی ئەو هەموو هەرمێ و هەڵووژەیەی لەدەستی دەدەین؟ باشە هەموو ئەو گێلاس و تووترک و گوڵانە چییان لێ بەسەر دێت، ها؟"

***ئانا*** گوتی: "باخچە هەر بۆ ئەوە نییە کە جوان دەربکەوێت. باخچە ماڵێکە بو سروشت. لە هەمان کاتدا چیمەنەکەیشم خۆش دەوێت، هەر بەو جۆرەی کە ئێستا هەیە. دڵم بەوە دەکرێتەوە بەنێو باخچەکەدا بگەڕێم و بەشێک بم لێی و، شەیدای ئەوەم بە هەرمێکەدا هەڵزنێم." هەرچەندە دایکی ئەمەی کۆتاییانی لێ نەدیبوو.

هەمتر گوتی: "من لێرەدا دڵخۆشم."

هەرگیز جارێکی دی باسی مەلەوانگەکە نەکرایەوە.



Scanned by CamScanner

# مێلاقەکان



بە درێژاییی ڕووبارەکە ڕێ دەکات و چەپکێک مێلاقەی سووری بە دەستەوەیە کە ڕەنگ بوو لە دوکانەکە کڕیبێتی.

لەپڕ گوێی لە زرمەیەکی بەرز دەبێت کە لەو بەری ڕووبارەکەوە دێت. بە پردەکەدا دەپەڕێتەوە و لە بەرزاییی گردەکەی دارستانی کاژەکەوە زرمەزرمی بەڕەزم[1] دەبیستێت. دەبینێت وا درەختێک دەدارێتەوە. پاشان دانەیەکی دیکەیش بەدوایدا.

تــووڵەڕێیەک بەرەو ئەو ئاقــارەی بەرزاییــیەکە دەگــرێتە بەر کە زرمەکە لەوێدا فرە بەرزە و، کۆمەڵێک پیاو بە جلوبەرگی شینەوە دەبینێت. بە تەور درەختەکان دەبڕنەوە. بە گشتی بیست پیاوێک دەبن. بە ڕاســریەوە هێنــدە کەتە بــوون، دەتگــوت کۆنگرەن[2]: وا دەردەکەوتن کە لە بەرزیدا دوو مەتر و کێشیان پتر لە سەد کیلۆ

[1] بەڕەزم: ڕیتمدار (ڕەزم: ڕیتم)

[2] کۆنگرە: تاوەر، بورج

بێت. یەکێکیان کڵاویکی سووری دەکردە سەری. دەبێت سەرکار بێت. ئەم بەرەو لای دەچێت و چاو دەبڕێتە چاوە شینە گەشەکانی. کابرا تەورەکەی لەسەر زەوییەکە دادەنێت.

کچە لێی دەپرسێت: "ئەوە خەریکی چین؟"

کابرا ئارەقی سەر برۆیی سڕی و، گوتی: "خەریکین دارستانەکە دەبڕینەوە."

"بۆچی؟"

کابرا پێکەنی و، کچەیش وای بیر کردەوە کە ڕەنگە پرسیارێکی ساویلکانەی کردبێت. وەلی کابرایەکی ڕووترش نەبوو.

"دەیانەوێت لەمێدا مەکۆی بەرهەمهێنانی کارەبای هەوایی دابمەزرێنن. جا بەو بۆنەیەوە دەبێت دارستانەکە پاک بکرێتەوە. خاتوونە چکۆلە، ئیدی شتێک بەدەست دەهێنیت و، شتێکیش لەدەست دەدەیت. کاری ئەم دونیایە هەر وا بووە و هەروا دەبێت."

"پێم وایە لەدەستدانی دارستان شەرمەزارییە."

هەمتر پێدەکەنێتەوە و سەیری میلاقە سپییەکان دەکات: "بەڵام ڕەنگە بابەتەکە ئەوە نەبێت."

"مەبەستت چییە؟"

"لێم بپرسە کە بۆ تەواوکردنی ئەم کارە چەندتان پێ دەچێت؟"

قامکی دۆشاومژەی بۆ ئاسمان هەڵبڕی. "ئێستا سەرەتای بەهارە، بیست کەسیشین بە تەوری تیژەوە. پێم وایە تا سەری ساڵ تەواو ببین."

کچە سەری لەقاند. "کەواتە سەری ساڵت پیرۆز بێت!"

مێلاقەکانی بە کابرا دا و گوتی: "فەرموو. وا بزانم ئەمانە بۆ تۆن."

کابرای کەتە بە ڕێزەوە داچەمییەوە. "هەر زۆر سپاس. پێت بڵێم چ شتێک خۆشە؟"

کچە سەری لێ دەشێوێت. سەیری چاوە شینەکانی کرد و سەری لەقاند.

"ئەگەر بەرمیلێک بەنزین و مشارێکی کارەباییم هەبووبایە دەمتوانی هەر خۆم بە دوو-سێ ڕۆژ ئەم کارە تەواو بکەم."



Scanned by CamScanner

# کلیلی داگیرساندن



که ***ئانا*** ڕووی وەرگێڕا تا بڕوات، چاوی بە دوو سندووق کەوت: جیهان چییە؟ ئەی دەبێت چی بکرێت؟ هەموو نووسراو و پارچە کاغەزەکانی کردنە نێو زەرفی لاستیکییەوە و دەگەڵ مۆبایلەکەیدا لە گیرفانی پاڵتۆکەیی ئاخنین. زوو بەرەو وێستگەی سووتەمەنییەکە وەڕێ کەوتبوو. گالۆکەکانی خلیسکێنەکەی بە دەستی چەپییەوە بوون و خلیسکێنەکەیش بەسەر شان ڕاستیەوە.

ئۆتۆمبێلێک لەبەردەم ئۆتۆمبێلشۆرییەکەدا وەستابوو و، بزوێنەرەکەی داگیرسابوو. هەر کە ***ئانا*** لە کەناری ڕێگاکەدا خلیسکێنەکەی خستە سەر بەفرەکە، ژنێک بە جلێکی فشوفۆڵی



Scanned by CamScanner

زەردەوە بەرەو ئۆتۆمبێلەکە چوو. بابۆڵەیەک[1] بە دەستێکییەوە بوو و گۆڤارێکیش بە دەستەکەی دیکەیەوە.

*ئانا* گوراندی: "خەریک بوو بیکوژێنمەوە و کلیلەکەی فڕ بدەمە نێو بەفرەکەوە." هەنگین خۆی هەڵدایە سەر خلیسکێنەکەی، بەرەو چیاکە ڕۆیشت.

بیری کردەوە: ئێمە خەریکین هەسارەکەمان تێک و پێک دەدەین. هەر ئێمەیشین کە وا دەکەین و، خەساردیشین.

چەند هەفتەیەک لەمەو بەر کلیلێکی یانەکڵەکەی بۆ *جۆناس* لەبەرگرتەوە تا ئەگەر هەر کاتێک ئەو زووتر گەیشت، بتوانێت بچێتە ژوورەوە. بیری لای ئەوە بوو کە ئاخۆ ئەورۆ کامیان پێشتر بگاتە ئەوێ. ئەو دەبوو هەشت کیلۆمەتر ببڕێت، کەچی ئەم تەنیا پێنج کیلۆمەتر بوو. لێ جۆناس لەم خێراتر خلیسکێنەی دەکرد. ئەم گەلێک بیرۆکەی هەبوو کە بیریان لێ بکاتەوە، بەلام لەوە بەگومان بوو کە ئەو بیرۆکانە خاوی بکەنەوە. ڕەنگە خێراتریشی بکەن. ئاخر تا خێراتر بیر بکەیتەوە، خێراتر خلیسکێنە دەکەیت. جا بە دیوەکەی دیکەیشدا هەر ڕاستە: تا خێراتر خلیسکێنە بکەیت، خێراتر بیر دەکەیتەوە.

*ئانا* لە ساتی خلیسکێنەدا بیری لە بارمتەکانی سۆماڵ و گفتوگۆ سەیریکەی لەگەڵ *بنیامین*دا دەکردەوە. بەر لەوەی وەڕێ بکەوێت، تەماشایەکی سەردێڕی هەواڵەکانی کردبوو و لە گووگڵدا بۆ هەواڵی سۆماڵ گەڕابوو. خوێندبوویەوە کە

[1] بابۆڵە: لەفە

گەمیەگەلی[1] جەنگیی بێگانە ماسییەکی زۆریان لە کەناراوەکانی سۆماڵدا گرتووە و لەوانەیە ئەوەیش هۆکارێک بێت بە دەستی چەتە زەرياییيەکانەوە. لەمێژە گەلێک گەمیەی یەکێتیی ئەورووپا بە نایاسایی لە کەناراوەکانی سۆماڵدا ڕاو دەکەن، ساڵانە بایی چەندان ملیۆن دۆلاریان دەست دەکەوێت. سۆماڵ دوای لە یوئێن کردووە کە گەمیە جەنگییەکانی دژی ئەو ڕاوەماسییە نایاساییيەی گەمیە بێگانەکان لەکار بهێنێت ... ئەوەیشی خوێندەوە کە سۆماڵ نارەزاییی دەربڕیوە کە ***کینیا*** نەخشەی دارشتووە لە کەناراوەکانی ئەودا بۆ نەوت بگەڕێت. بەپێی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی یوئێن بۆ یاسای زەریاکان، زۆرینەی ئەو ناوچانە هیی سۆماڵن. چوار گەورە کۆمپانیای نەوتی تێوە گلا بوون کە یەکێکیان کۆمپانیای ***شتاتئۆیلی*** نەرویجی بوو. هیچ هەواڵێک لەمەڕ بارمتەکانەوە نەبوو، تەنیا هەواڵێکی دەست کەوت کە دەیگوت لەو کاتەوە داوای هیچ ڕزگارانەیەک نەکراوە.

***ئانا*** بە خلیسکێنەیەکی دوورودرێژ گەیشتە بەرزترین شوێن. کاتێک گەیشتە دوایین شوێن، ساتێک ڕاوەستا و دیمەنی سندووقێکی سەوزی نامە خوستی[2] بڕی. مەگەر خەونی بە سندووقی نامەوە نەدیتبوو؟ یان ئەوەی کە خەونی بە ئامێرەوە دیتبوو؟ بە تەواوەتی نەیدەتوانی وەبیری بێتەوە کە ئەو خەونە لەمەڕ چییەوە بوو. ڕەنگە بە تێپەڕبوونی ڕۆژەکە خەونەکانی وەبیر بێتەوە. جا کات دووانزەی نیوەڕۆ بوو.

گەیشتە لێرەواری ***لیا***. ئەو ئاقارەی وا ***نۆفا*** لەگەڵیدا لەژێر ئەستێرەکاندا دانیشت. وەستا بۆ ئەوەی هەناسەی ئاسایی

---

[1] گەمیە: کەشتی
[2] خوست: کەمترین بزوتن



Scanned by CamScanner

ببێتەوە، توند گۆچانەکانی خلیسکێنەکەی گرت و زەردەخەنەیەکی بۆ خۆی کرد.

*ئانا* جێیەکی نهێنیی هەبوو، ڕووبەرێکی بێدرەخت بوو کە زستانان تا ڕادەیەک لە پیسبوونی ڕووناکی بەدوور بوو، چونکە لە گوندەکە و لە پێشبڕکێی خلیسکێنە دەپارێزرا. دەیتوانی لە تاریکاییەکی نووتەکدا بوەستێت و تەماشای شەو بکات سەر مینا *نۆڤا* .

هەسارەی زەوی پتر لە هەموو شتەکانی ئاسمان سەرسامکەرتر بوو. مەگەر سمۆرەیەک پتر لە کونێکی ڕەش مایەی سەرنج نەبوو؟ کەروێشکە کێوی یان ڕێوییەک گرنگییان لە سوپەرنۆڤای[1] بێگیان زیادتر بوو.

وەلێ *ئانا* هەر بە شەواندا بۆ لیرەواری *لیا* نەدەچوو. جارێکیان، زۆریش لەمەو پێش نەبوو، لەتەک *جۆناس*دا دەمەقرەیەکیان بوو و ویستی بە تەنیا بێت. لەسەر "دیدگاکان"ی ئەم بە گژی یەکیدا چووبوون و، دواتر هێندە بێزار بووبوو کە بۆنێو لیرەوارەکە هەڕای کردبوو.

هەرگیز کەسی لەو جێیەی نێو درەختەکاندا نەدیبوو. وەلێ ئاسکی بینیبوو. هەمیشە وای بیر دەکردەوە کە ئاسک لە مرۆڤ نهێنیئامێزترە. کاریان نییە تا بچنە سەر کار. بۆ خوێندنگە ناچن و، هەرگیز ئەرکی ماڵەوەیان نییە. پێویستیان بە خانوو یان ئایین یان بیمە نییە. نە ناویان هەیە نە ژمارە پێناس و، سەر بە هیچ نین. هەر بەو جۆرەن کە هەن. هێشتا لەگەڵ ئەمەیشدا بەسۆزن.

[1] ئەستێرەیەکی زۆر ڕۆشنە کە ڕووناکییەکەی سەدملیۆن جار لە هی خۆر زیادترە. (و. ک.)

ئاخۆ ئەو هەستە چۆن بووبایە ئەگەر دەنێو سەری ئاسکێکدا بووبایەت؟ بڵێیت جیاوازتر بووبایە لەوەی دەنێو سەری حوشترێکدا بووبایت؟

لە خەونەکەدا ***نۆڤا*** لە هەمان شوێنی بێدرەختدا دانیشتبوو. نا، لەوێدا دانەنیشتبوو. حەفتا ساڵی دیکە بە ئامێری تێرمناڵەکەیەوە لەمێدا دادەنیشێت. ***نانا*** دڵنیا نەبوو لەوەی ئاخۆ ئەوە هەڵکەوت بوو کە ***نۆڤا***یش وەکوو ئەو هەمان شوێنی هەڵبژاردبوو یان نا. گاهەس چەلێک لە چەلان ***نانا*** لەگەڵ خۆیدا بۆ ئێرەی هێنابێت. ***نانا*** بڕیاری دا ئەگەر هاتوو ڕۆژێک لە ڕۆژان بوو بە دایک و دایەگەورەی کچۆڵەیەک بە ناوی ***نۆڤا***وە، ئەوا هەمان ئەم شوێنەی پیشان دەدات ...

بۆی دەرکەوت کە بیرۆکەکانی دەنێو بازنەگەلێکدا دەسووڕێنەوە و، پێکەنی. هەندە بەرز پێکەنی کە کورپورەی نێو دار و دەوەنەکەی ترساند. دیسانەوە زوو وەڕێ کەوت و، بە چارەکە کاتکۆیەک گەیشتە بانەکە. کێوە بەرزەکە لە خۆری زستاندا نغرۆ بووبوو و، بەردە سافەکانی دەدرەوشانەوە.

# گوزەرگاکان



دوادوایی پایز بوو و ئەویش شاڵێکی سووری بە سەریدا دابوو. ڕێیەکی تەسکی بەرەو کێڵگە کۆنەکە گرتە بەر. گردە لێژەکە کەوتبووە پشتەوەی—ئیدی گەیشتبووە بانەکە. سپییە بییەکانیش لەمێدا چڕوپڕ و تێکچڕژاو بوون. دەیزانی کە چەلان ئەم ناوچەیە قاقڕ[1] بووە، بەڵام ئەمێستاکە بە سپییەبی و شۆڕەبیی سخ داپۆشراوە. دەنێو ئەم سەوزەڵانەدا نە دەیتوانی کەڤر ببینێت نە چیا کەوەکە. خۆ دەیزانی کە دوندەکەی بە قەوزە و گوڵە کێویلە داپۆشرابوو؛ چۆن لەبارەی ئەفسانە و خورافاتەکانەوەی دەزانی، ئاوایش لەبارەی ئەو چیایانەوەی دەزانی. ڕەنگە ڕۆژێکیش بە باشی شارەزای بیابان ببێت تا بە ڕێگە لمینەکانیدا گەشت بکات، وەلێ لە ئێستادا ناتوانێت بیبینێت.

پێی خۆش بوو بەنێو قەدە زیوینەکاندا بڕوات. گەڵاکان و بوورەکە[2] بە ڕەنگێکی زەرد و سووری ڕوون دەرەوشانەوە—جا

[1] قاقڕ: زەوییەک کە گیا و ڕووەکی تێدا سەوز نەبێت.

[2] بوورە: زەویی نەکێڵراو (زەویی کێڵراویش پێی دەگوترێت وەرد)

ئەم ساڵ فەرشێک لە گیا و گوڵیلک لەسەر زەویی لێرەوارەکە ڕاخرابوو.

بە هێواشی هەنگاوی دەنا، وەک ئەوە دەچوو چەند ملیمەترێک بەرزتر لە زەوییەکە بە هەوادا بڕوات. ئەو ڕێیەی گرتبوویە بەر، بە یەکێکی دی دەگەیشت. بەبێ ئەوەی بوەستێت و بیر بکاتەوە، ئاراستەکەی گۆڕی—جارێکی دی بۆ یانەکڵەکە دەچێت.

تا ڕادەیەک شەرمی دەکرد لەوەی هێندەی چێژ لەم پیاسەیە وەردەگرێت. ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە ئەمێ لێرەواری سپییەبییە کە مانای ئەوەیە کە هەموو ڕووەک و گیانەوەرە ڕەسەنە کێوییەکان شاردراونەتەوە. ئەو دیمەنەی جارانی کێوەکە—بە گاگەل و ڕانەوە کە تیایدا دەلەوەڕان—ئیدی نەمابوو. باجی ئەو تووڵەڕێ پێچاوپێچانەی لێرەوارەکە دراوە و، باجەکەیش ئەو وشکەساڵی و هەژارییەیە کە لە بەشەکەی دیکەی جیاندا هەیە.

وەلێ دڵی بەم بەرجەوەندە سروشتییەوە بەند بوو.

دەگاتە خاڵێکی سنووری پاسەوانی. سەربازێک بە جلوبەرگی یەکپۆشەوە لەلای بەربەستێکی پتەودا ڕاست ڕاوەستابوو. کچە نش بوو، بەڵام هەندەیش زۆر نا، چونکە لێرەواری خۆی بوو و ڕێساکانیی دەزانی.

سەربازەکە ویستی تێرمیناڵەکەی بپشکنێت. خۆی بەدەستەوە دا و ئامێرەکەی دایێ. دایگیرساند و توند لێی دا. وەک ئەوە دەچوو لە چەند چرکەیەکدا بەنێو سەدان پێگەی ئەلیکترۆنیدا گەڕابێت. لێ هەنگین ئامێرەکەی دایەوە، بەربەستەکەی کردەوە و ڕێی دا کە بڕوات.



Scanned by CamScanner

# کێڵگەی چیاکە



*ئانا* دەرگای یانەکڵەکەی کردەوە. سارد و شێدار بوو، بۆیە ئاگری لە ئاگردانەکەدا هەڵکرد و ئاوی بۆ چا نایە بانی.

جاروبار کە بە تەنیا دێتە ئێرە، هەستێکی وای بۆ دروست دەبێت کە لەگەڵ هاوڕێی نەبینراودا بێت. لە سەریدا ورتەورتێک دەبیستێت. جا ئەگەر لە دۆخێکی باشدا بێت، لە وەڵامیدا دەیقیڕاند: "نەخێر، لەمەدا لەگەڵتدا هاوڕا نیم." یان: "ڕێک وایە! منیش هەمیشە وام بیر کردووەتەوە!" هێندە بە قەو دەیقیڕاند کە باڵندەکانی نزیک یانەکڵەکەی دەترساند. ئەگەر کەسێک وەژوور کەوتبا، وای بیر دەکردەوە کە لەگەڵ خۆیدا دەئاخاوێت. وەلێ هەرگیز لەوە نەدەترسا کە شتێک بقەومێت.

لەناکاو گوێی لە خۆی بوو کە هاواری کرد: "ئێستێر! ئەی ئێستێر چۆنە؟"

ئانا مۆبایلەکەی لە گیرفانیدا دەرهێنا. ڕووماڵە هەوالییەکە باش بوو. ئامکی لە لاپەڕەی دلخوازی دا و هەواڵەکە بەم جۆرە بوو:

هەوالی بەپەلە: بارمتە ئەمیریکایی و میسرییەکان لە سۆمال ئازاد کران و سەرکەوتووانە بۆ کینیا گوێزرانەوە. لەوێ لەلایەن حوکوومەتی کینیا و دەستەیەکی کارمەندانی بەرنامەی خۆراکی جیهانیی یوئێنەوە چاودێری دەکرێن. تەنیا ئێستێر ئانتۆنسن-ی نەرویجی بە دەستبەسەرکراوی ماوەتەوە ... سارە مامس و عەلی ئەلحامید(وێنەیان دانرابوو) داواکاریی ڕفێنەرانیان گەیاندووە: بۆ ئەوەی ئانتۆنسن ئازاد بکرێت، پێویستە شتاتئۆیل بەڵێن بدات کە لەگەڵ کینی-یەکاندا لە ئاوەکانی سۆماڵدا نەوت دەرناهێنن. مامس و ئەلحامید ڕفێنەرانیان بە کەسانی پیشەگەر و هەتەر ناو دەبەن کە ئەو نەوتدەرهێنانە بە نایاسایی دەزانن ...

ئانا پێویستی بەوە نەبوو کە پتر لەوە بخوێنێتەوە. زەنگی بۆ بنیامین لێدا. دوای تۆزێک هەڵی گرت:

"بێن ئانام. چۆنیت؟"

"ناتوانم زۆر لەسەر هێڵ بمێنمەوە."

"ئەری یارمەتیت دەست کەوت؟"

"پێویستە خۆیشم دەستی یارمەتی درێژ بکەم. ئێستێر مێردی هەیە و منداڵیشی."

"ئەی کەست لەگەڵدایە کە یارمەتیت بدات؟"

"لەم ساتەدا، نەخێر. بەڵام وەزارەتی دەرەوە زووزوو لە هەر هەواڵێکی تازە ئاگادارم دەکەنەوە."

"ئەی هیچ کەسێک هەواڵی ڕاستەوخۆی ئێستێری دەست نەکەوتووە؟"

"نا، هیچ کەسێک. پتر لە هەر شتێک دڵەڕاوکێی ئەوەمە کە ئاخۆ دەبێت چۆن بێت."

"ڕاست دەکەیت."

"هەر لە منداڵییەوە بەرتەنگەترسێی[1] لەگەڵدایە. دەزانیت مانای چییە؟"

"واتە لە شوێنی داخراو دەترسێت."

"ئینجا منیش نەمتوانی چارەسەری بکەم. منی دەروونپزیشک. کاتێک لە نیو یۆرک بوو، بە پلیکانە چل نهۆم دەچووە سەرەوە، هەر بۆ ئەوەی سواری بەرزکەرەوە نەبێت. *ئانا*، دەبێت بچم. دەبێت دایبخەمەوە."

"ساتێک بوەستە!"

"دەی خێرا!"

"بەهێز بە. هەوڵ بدە بەسەر هەستە نەرێنییەکانتدا زاڵ ببیت. دەی مۆبایلەکەت هەڵبگرە و ماوەیەکی زۆر ڕا بکەیت."

"ئانا، تۆ منداڵێکی زۆر سەیریت. بەڵام سپاس!"

---

[1] بەرتەنگەترسی: ترسان لە شوێنی تەسک و داخراو،claustrophobia

هەر بۆ ئەوەی سەرقاڵ بێت، **ئانا** کاغەزە هەڵهێنراوەکانی لە گیرفانی دەرهێنان و لەسەر مێزەکەی بڵاو کردنەوە: لەلایەکەوە، جیهان چییە؟ لەلایەکی دیکەوە، ئەی دەبێت چی بکرێت؟

نەیتوانی زۆر لە پەنجەرەکەوە دوور بکەوێتەوە تا بتوانێت چاوی لە نزیکبوونەوەی **جۆناس** بێت. لەم بەرزاییەوە دەیتوانی دیمەنی چەندان کیلۆمەتری باشووری ڕۆژئاوا ببینێت. ئەمە ئەو ئاڕاستەیە بوو کە ئەوی لێوە دەهات، بەڵام لەسەر ئەو لێژاییە بەفرینەوە کە دەبوو لەوێوە بۆلای ئەم بێت، تەنانەت لەوپەڕی بواری بینینیشیدا، نەیدەتوانی هیچ جووڵەیەک ببینێت.

هەرچەندە نیوەڕۆ بوو، کەچی خۆر بەو ناوەڕاستی ئاسمانەوە زۆر بێتین بوو. چەند ڕۆژێک پێش وەرزگۆڕین بوو. ڕووناکییەکی بەهێز بە شێوەیەکی ئاسۆیی لە پەنجەرەکەوە وەژوور دەکەوت و، ڕەشکەوپێشکەی بەم دەکرد.

هیوای خواست کە **ئێستێر** دە ژوورێکی تاریک نەکرابێت و دەستەکانی لەپشتەوە نەبەسترابنەوە و سەریان بە زەوییەکەوە نەنابێت، کەچی ئەمە ڕێک ئەو دیمەنە بوو کە **ئانا** وێنای دەکرد. وازی لەم بیرۆکانە هێنا و بڕیاری دا باوەڕ بەوە بهێنێت کە ڕفێنەرانی **ئێستێر** بە باشی لەگەڵیدا دەجووڵێنەوە. بەو هەویایەوە بوو کە **شتاتئۆیل** بچێتە ژێر باری داواکاریی ڕفێنەرەکانەوە. ئەگەر وا نەکەن، ئەوا هەر سبەینێ لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵەی فشاردا خۆپیشاندانێک ساز دەکەن.

یەکێک لەو پارچە هەڵهێنراوانەی سەر مێزەکە لەبارەی باوەڕ و هیواوە بوو، لەنێو سندووقی "جیهان چییە؟"دا بووبوو.



Scanned by CamScanner

به گوێرەی بیردۆزەکانی ئەم سەردەمەوە، گەردوون نزیکە ۷.۱۳ ملیار ساڵ پێش ئێستا پەیدا بووە. "تەقینەوە گەورەکە" ئەو ڕووداوەیە کە زۆر بەناوبانگە. وەلێ نابێت وا بزانرێت کە لەدایکبوونی گەردوون سەرەتای هەموو شتێکە. دەشێت تەقینەوە گەورەکە پتر لە ڕاگوێزانێک بێت لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دی.

هیچ کەسێک ناتوانێت ڕوونی بکاتەوە کە چی "لەبن" یان "لەپشت" گەردووندایە. مەتەڵێکی زۆر قورسە. هیچ کەسێکیش ناتوانێت لەسەر ئەوە سەرزەنشتمان بکات، کە وا بە ئاسانی لەهەمبەر نهێنییەکەیدا چۆکمان داداوە.

سەیرێکی شەو بکەیت، ئەوە بەسە بۆت دەربکەوێت کە هۆشمان سنووردارە. لەو دیو ئەم ئاسۆیەوە گەلێک هەلی بێسنوور بۆ بڕوا و باوەڕ هەن ...

ئێمە دێرانەمان[1] بۆ باوەڕ و هیوابوون بە پارێزراوی جیهان هەیە. بەڵام ناتوانین لەوە دڵنیا بین کە زەویەک و ئاسمانێکی تازە چاوەڕێمانن. جێی گومانە کە ئاخۆ هەرگیز هێزێکی بانسروشتی لێپرسینەوەی ڕۆژی پاداشت و سزا بەڕێوە ببات. لەگەڵ ئەوەیشدا ڕۆژێک لە ڕۆژان لەلایەن میراتگرەکانمانەوە لێمان دەپرسرێتەوە. ئەگەر بیرمان بەلایانەوە نەبێت، ئەوا ببڕای‌ببڕ ناتوانن لەبیرمان بکەن.

سەیرێکی شەو بکەیت، ئەوە بەسە بۆت دەربکەوێت کە هۆشمان سنووردار ... ڕەنگە سەیرکردنی شەو لەگوێن سەیرکردنی مێشکی خۆت بێت. ***ئانا*** پێی وا بوو ئەوە ڕێک وەکوو ڕاز وایە.

---

[1] دێرانە: توانایی جێگەبوونەوە

وەلـێ بلێیـت بکرێـت کە پەیوەنـدییەک دەنێـوان مەتەڵەکـانی تۆژبنەکانی مێشکی و مەتەڵەکانی گەردووندا هەبێت؟



Scanned by CamScanner

# پشکەکانی کەش‌وهەوا



باران بە خوڕڕەم[1] دەباریت. کچەکە قۆندەرەیەکی پاژنەبەرزی لە پێدایە و لەژێر چەترێکی گەورەی سووردا ڕێ دەکات. تەنیا بۆ دوکان دەچێت، ڕەنگ بێت شتێک بۆ شێو بکڕێت. بەم دواییانە تفاقیان کەمی کردووە.

کۆشکێکی بچووک لەبەردەم دوکانەکەدا دانراوە. ئەوە یەکەم کەڕەتە کە شتی وا لەم شوێنەدا ببینێت.

پیاوی پشتی مێزەکە قژی سپییە و هێلەکێکی شینکیی[2] لە بەردایە. مێزەکەی بە ڕێبەریی درەوشاوە داپۆشرابوو. کاتێک لێی نزیک بووەوە، بۆی دەرکەوت کە ڕێبەریی کۆنی گەشتیارین. تازە دەردەکەوتن، وەلێ دەیزانی کە هیی سەردەمێکی دێرینن. ئیدی هیچ کەس ڕێبەریی وا چاپ ناکات.

[1] خوڕڕەم: لێزمە، لە "خوڕ" جیایە. خوڕ: تۆزمی خێرای ئاوە
[2] شینکی: ڕەساسی

ـالایەکی دریژکـولەی شـین بە چەتـری بەر کۆشـکەکەدا هەلاوەسرابوو. لیی نووسرابوو: پشکی هەرزانی کەشوهەوا.

کچەکە ڕیبەرییەکی هەلگرت و تەماشای ئەو کەناردەریا سپی و مەلەوانگە شینە ناوازانەی کرد کە خەلکیان بۆ بانگ دەکرا. کـابرای سەرسـپی بە ڕووی خۆشـەوە زەردەی دەهـاتێ. ئـاخر چەترەکەی کچەی گورین لە هیی هەمووان گەورەترە و، دیارە کە سەرنجی ئەم کابرایەی ڕاکیشاوە.

"ئەری خاتوونە چکۆلە، ئەرێ کەمووسکەیەک خۆر شتیکی باش نییە؟ پشکەکان لیرەوەن."

ڕیبەرییەکە دادەنیت، بە دەست ئاماژ بۆ سەر میزەکە دەکات و دەلیت: "دلنیام ئەمانە بە لایەنی کەمەوە چل سالیان تەمەنە."

"تۆ ڕاست دەکەیت."

"تۆ بلیتی گەشتی ڕاستەقینە نافرۆشیت، بۆیە منیش پیویستم بە پشکی ڕاستەقینە نییە."

بە نشـبوونەوە، تـا ڕادەیەک بە بیـزارییەوە، تەماشـای کـچەکەی کرد:

"باشە کی دەلیت کە دەبیت پشکەکان ڕاستەقینە بن؟ تۆ و منیش دەزانین کە ئەمە تەنیا گەمەیەکە، نە زیادتر."

پەردەیەکی لە دەفتەرەکەی کردەوە، پاندانە سوورەکەی لە گیرفانی دەرهینا و گوتی: "ناوت چییە؟"

"نانا"

"نازناو؟"

"نیروود".

ناوی نووسی، پاشان پەڕەکەی دایێ:

١. پشکێکی کەشوهەوا. **نۆڤا نیروود** دەیەوێت تەنێک کاربۆنی دەرپەڕیو بکڕێت کە بارتەقای گەشتێکی ئاسمانیی دووکەسییە بۆ **ئەلیکانتێ** یان **ناپۆلی**.

لە پەڕەکە ورد بووەوە و سەیری پیاوەکەی کرد.

"بەڵام خۆ من نامەوێت بۆ هیچ کوێ بچم."

"دەی بۆیە منیش ئەم پشکەم بە خۆڕایی دایتێ. ئەگەر هەر بە ڕاست سوور بوویتایە لەسەر دەرپەڕاندنی تەنێک دووانۆکسیدی کاربۆن، دەبوو پارەکەی بدەیت. پیسکردنی ژینگە باجی هەیە."

"بە دڵنیاییەوە ..."

"ئێستا خۆ لە ڕێساکانی گەمەکە تێگەیشتیت. ئەگەر پشکێکی کەشوهەوا بکڕیت کە لەسەر ئەو دوورییە بەندە وا دەڕۆیت، ئیتر دەتوانیت بۆ هەر جێیەک کە دڵت پێی خۆشە بە خاوێنترین ئاگاییەوە لە جیهاندا گەشت بکەیت. جا ئەم کۆکردنەوە و لێکدانە هەر زۆر سادەیە."

کچەی گۆڕین لە لۆگیکەکەی تێنەگەیشت. "مەبەستت ئەوەیە ئەگەر پشکێک بکڕم، ئەوا دەتوانم بەبێ پیسکردنی ژینگە گەشت بکەم؟"



Scanned by CamScanner

کابرا بە شێوەیەکی دڵنیاکەرەوە سەری بۆ لەقاند. "گشتەکەت بۆ کەشوهەوا دەبێتە بێلایەن و، ئەوەیش زۆر لە گەشتی زیانبەخش بۆ کەشوهەوا باشترە. ئینجا بە سەد یان دووسەد دۆلاریشە."

وێنەکان سەرنجی ***نۆڤا***یان ڕاکێشا. درەختی گوێزە هندییەکان و کەناراوەکان دڵیان برد. هەندێک لە وێنەکان لەسەریان نووسرابوو: "هەرزان،" "هەرزانترین" و "باشترین خزمەتگوزاریی زستانە." سەر بۆ کابراکە هەڵبڕی و گوتی: "کە وا بێت لە هەر گەشتێک کە وازم لێی بێت، دوو پشکی کەشوهەوا دەکڕم. باشە، لەم بارەدا، ئەگەر زۆر گەشت بکەم، بۆ کەشوهەوا باش نابێت؟"

دیتی کە پیاوەکە بیری لێ دەکاتەوە. دواتر سەری لەقاند و فەرماندەرانە گوتی: بە گوێرەی لێکدانەوەکان، گەشتەکەت زیانی بۆ کەشوهەوا نابێت. تا پتر گەشت بکەیت، پتر بۆ ژینگە باش دەبێت. چەند پشوویەکی کۆتاییەکانی هەفتە لێرە و لەوێ بەسەر ببە، وەردەوە، ئەوا لە هەڵمژینی ئەو گازانەدا بەشداریت کردووە کە لە هاماجەوە دابەش دەبن. ئیتر لە سەودادا پشکی بێباجت دەست دەکەوێت. ئەمە باشە، ئازیز گیان. وا بزانم ئەم گەڕەت بردەوە."

کچە لەسەر پاژنەی وەرسووڕا، پرژەی ئاوی سەر چەترە زلەکەی ئاورشێنی مێزەکە و ڕێبەرییەکانی کرد. خۆیشی نەیدەزانی کە ئاخۆ ئەمەی بە هەڵکەوت کرد یان بە دەسانقەست. لێ بە داوای لێبووردنەوە سەری بۆ کابرای قژ سپی دانەواند و هەمتر ئاو بەسەر ڕێبەرییەکاندا داچۆڕا.

"ببوورە! خەتای ئەم کەشوهەوا نەفرەتییەیە."



Scanned by CamScanner

# دەرفەتێکی دیکە



***ئانا*** لای پەنجەرەکەوە گەڕایەوە. شتێکی بچووکی بەدی کرد کە لە دوورەوە دەرکەوت و وەک ئەسپێیەکی سوور دەچوو. وەلێ ئەو خۆرەی کانوونی یەکەم چاوی کوێر دەکرد. چاویلکەکانی هەڵگرت و چووە بەردەرگاکە. ئەرێ، ئەوە خۆ ***جۆناس***ە و جلی خلیسکێنەی پۆشیوە! هیچ کەس ئەوەندەی ئەو خلیسکێنە نازانێت.

دە خولەک دواتر گەیشتە بەردەمی، پشووی سوار بووبوو. هێمان هەیوانەکە هەندە سارد بوو کە هەڵمی هەناسەی دیار بوو. ***ئانا*** کڵاو و گوێگەرمکەرەوەکەی ***جۆناس***ی لا برد، دەستی لە ملی ئاڵقاند و ماچی کرد. ***جۆناس*** توند ئەوی بە خۆیدا گوشی، وەلێ هێشتا هەناسەبڕکێی بوو.

پرسیی: "لە ... زووەوە ... لێرەیت؟"

"هەر ئەوەندەی بیرت بکەم، ئیتر بۆ من زۆرە. واتە لە زووەوە ..."



Scanned by CamScanner

"هەر بە تەنیا لێرە بوویت؟"

پێکەنی. "بەڵێ، *جۆناس*. ئەمڕۆ هیچ هاورێیەکی نادیارم لەگەڵدا نییە و، چاویشم بە هیچ دێو و درنجێک نەکەوتووە."

ئەویش هەڵای هەناسەی نەهاتبووەوە سەر خۆی. "هیچی ... پترت ... لەبارەی ... بارمتەکانەوە ... بیست؟"

*ئانا* پێگەیەکی ئەلیکترۆنیی دۆزییەوە و مۆبایلەکەی دایێ.

"لەگەڵ *بنیامین*ـدا قسەم کردووە. هەر زۆر نیگەرانە. بەڵام پێم وایە توانیم تۆزێک دڵخۆشی بکەم."

"چۆنچۆنی؟"

"پێشنیارم بۆ کرد کە بچێت ڕا بکات. ڕاستە کە چارەسەری ئەم گرفتە ناکات، بەلام نایشهێڵێت گرفتی دیکەی بۆ دروست ببێت."

نیستا *جۆناس* هەناسەی هاتبووەوە سەر خۆی. چوو بۆ لای *ئانا*، پشتەسەری گرت و بە باشی ماچی کرد.

گوتی: "*ئانا*، هەمیشە بە خۆمم گوتووە کە تۆ دەروونناسێکی باشیت."

سەری بەرز کردەوە و گوتی: "*جۆناس*، هەمیشە؟ یان ئەم سێ مانگە؟"

"کات هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە. وا هەست دەکەم هەمیشە تۆم ناسیوە."

دەستی لە سەری بەر دا، وەلی هەر سەیری چاوەکانی دەکرد. کچەی تاین زۆری ئەوە پێ خۆش بوو کە *جۆناس* سەیری



Scanned by CamScanner

چاوانی بکات. جاروبار هێندە وا دەمایەوە کە یەکێکیان قلەی لێ دەدا و، هەنگینی ئەوی دیکەیشیان وەپێکەنین دەهات.

***جۆناس*** تەماشای پارچە کاغەزە هەڵهێنراو و چاپکراوەکانی کرد کە لەسەر مێزەکەدا بڵاو کرابوونەوە. ***ئانا*** بەرپرسیار بوو لەوەی زانیاری بۆ کۆمەڵەی فشارەکە کۆ بکاتەوە و، ئەمە یەکەم چەل بوو کە ***ئانا*** کارەکەیی پیشان دەدا.

گوتی: "پێم خۆشە بزانم چیت لەگەڵ خۆتدا هێناوە."

***جۆناس*** زەردەخەنەیەکی ڕازئامێزانەی کرد و، ***ئانا*** هەستێکی وای هەبوو کە هیوابڕاوی ناکات.

"پێت بڵێم کە بۆچی ئەو ئەرکەم بەسەردا دایت؟"

"دوێنێ شەو خەونت بە شتێکەوە دیوە؟"

ویستی لە باوەشی بگرێت، وەلێ ***ئانا*** نەیهێشت. دەبوو قسەکەی تەواو بکات. "خەونێکی شێتانەم بینی و، پەیوەندیی بەو ئەرکەوەی پێتم سپاردبوو و ئەم کاغەزانەوە هەبوو. هەروەها شتێکیش پەیوەندیی بە قاتوقڕیی ئەفریکایشەوە هەبوو. لەگەڵمدایت؟"

"نا، ***ئانا***، بەڵام بەردەوام بە..."

لەسەر چرپاکە هەڵاژیا[1] و پشتی لە پەنجەرەکە بوو.

***ئانا*** دەستی ڕاوەشاند و گوتی: "لە خەونمدا دیتم کە دەنێو چەندان نەوەی دواتردا لە داهاتوودا دەژیم. نەوت دواچۆڕی بڕابوو. نزیکەی هەموو سووتەمەنیی نیشتووی ژێر زەوی بەکار

[1] هەلاژیان: ڕاکشان لەسەر لا

هێنرابوو. دارستانە باراناوییەکان سووتێنرابوون و زۆنگاوە قەوزەییەکان گەنیبوون. هەوا و زەریا بڕێکی زۆر دووانۆکسیدی کاربۆنیان تێدا بوو. سەرچاوە خۆراکییەکانی سەر ئەم هەسارەیە تیا چووبوون و خەڵکی لە برساندا دەمردن."

**جۆناس** سەری هەڵبڕی. "هەندێک کەس زۆر بە باشی وانەکانی زانست لەبەر دەکەن ..."

**ئانا** زۆر بەوە خۆشحاڵ بوو کە گوێی بەو گاڵتانە نەدەدا.

"دەی تۆ گوێ بگرە. ناوچە کەمەرەییەکانی جیهان بووبوونە بیروون و، ئەمەیش مانای ئەویە لەڕادەبەدەر دووانۆکسیدی کاربۆن لە هاماجدا هەبوو. هەزاران ڕەگەزی زیندەوەران لەنێو چووبوون و مەیموونەکان قەرەچۆلیان بڕابووەوە. خەڵکی بە دەستی خۆیان گوڵان و ڕووەکگەلیان دەپیتاندن، چونکە هەنگیش قەلاچۆ بووبوون. سروشت شێوابوو. شارستانەتی لە لێواری دارماندا بوو و ژمارەی دانیشتووانی سەر زەوی هەر زۆر لە ئێستا کەمتر بوو. پاشان جەنگ لەپای خۆراک سەری هەڵدابوو و بە نزیکەیی هەموو شتێک تەواو بووبوو. ئەو کەمە خەڵکەیشی کە مابوون، داماو و نەدار بوون."

**جۆناس** گوتی: "ناخۆشترین شت ئەوەیە کە دەکرێت ئەمە بقەومێت."

**ئانا** دوو پیاڵە و بسکیتی دەرهێنا و بە قۆرییە چاییەکەوە بۆلای چوو. **جۆناس** دیسانەوە هەوڵیدا بەرەو لای خۆی ڕای بکێشێت، وەلێ کچەی تاین بە زەردەخەنەیەکەوە خۆی لە دەستی ڕاپسکاند و بۆ ناندینەکە گەڕاوە.



Scanned by CamScanner

"گوێ بگرە، لە خەونەکەمدا ئەم مێزە جوانە ڕاستەقینەیە و جۆرە تیرمینالێکم هەبوو کە هەرچی فیلم دروست کرابوون، پیشانی دەدا. دەمتوانی ئەوەی بەسەر هەسارەکەدا هاتبوو، بە خاوکردنەوە ببینم. دانیشتبووم و بە چەندین کاتکۆ لێکۆڵینەوەم لەو ڕووەک و زیندەوەرانە دەکرد کە سالانێک لەوەو پێش تیا چووبوون."

"دەی ئەوە هەر ڕوو دەدات ..."

"***جۆناس***، وام هەست دەکرد کە گزیم لێ کراوە. وەک ئەوە دەچوو کە زەوی دزرابێت. لەگەڵ دایک و باوکم و داپیرە گەورەمدا، هەر لەو خانووەی ئێستا تیایدام، دەژیام. هەمان ژووری نووستنم هەبوو، بەس ئەوەی جیاواز بوو کە بە ڕەنگی سووری خوێنین ڕەنگ کرابوو. ناوم ***نۆڤا*** بوو و، داپیرەگەورەیشم ناوی ***ئانا*** بوو، کەچی بە ***نانا*** بانگمان دەکرد ..."

"***ئانا***. وەک تۆ ..."

هەستی کرد کە ئەستەمە هەموو شتێک بۆ ***جۆناس*** بدرکێنێت، چونکە زۆربەی چیرۆکەکە لەسەر شتانێک بەندە کە هەڵای خۆیشی بۆی ڕوون نەبوونەتەوە—شتانێک کە لەبەر هۆکارگەلی لۆگیکی نەیتوانیوە پەییان پێ ببات تا ئەوەی بۆ بگێڕێتەوە کە دەیویست باسی بکات.

"ئەوجا ***نۆڤا***یش ڕێک لەو ڕۆژەدا دەبوو بە شانزە ساڵ کە من دەبم. ساڵی ٢٠٨٢ بوو و، داپیرە گەورەم هەشتاوشەش ساڵ بوو."

***جۆناس*** بە دەنگی بەرز فیکەیەکی لێدا. "ئەها، خەریکە تێدەگەم ..."



Scanned by CamScanner

"نیوانم لەگەڵ داپیرە گەورەمدا خۆش نەبوو، ئەگەرچی خۆشیشم دەویست، هێشتا رقم لەوەی دەبووەوە کە سەر بەو نەوە خۆپەرستە بوو و زانیبوویان ئێمە لەپاشیان دێین، کەچی هیچیان بۆ گۆڕینی ڕەوتی جیهان نەکردبوو. داوام لێی دەکرد کە هەسارەی زەویم پێ بداتەوە و وەک ئەو ڕۆژگارەیش بێت کە خۆی لە تەمەنی مندا بووە. ئینجا ئەگەر ئەوە نەکات، ئەوا بۆنێو لێرەوارەکە دوای دەکەوم. وەک منداڵانی نێو چیرۆکە ئەفسانەییەکان کە جادووگەرانی پیر و دێوەکان دەکوژن، منیش دەمتوانی داپیرە گەورەی خۆم بکوژم."

"ئیتر لە خەو هەڵستایت."

کچە سەری خۆی گرت. باشە دەبوو چیی دیکەی پێ بڵێت؟

"خۆ بەنزینخانەکەی لای ماڵمان دەزانیت؟ دەی ئەوە نەمابوو، چونکە جگە لە ئۆتۆمبێلە زلە سپییەکان، هیچ ئۆتۆمبێلێکی دیکە لە ڕێگاکاندا نەبوون—لە کاتێکی دیدا باسیان دەکەم. بەڵام کاروانی دوورودرێژی عەرەبی لێ بوو کە حوشتریان پێ بوو. ئەو شاخانەیان بەرەو ڤیستلاند بڕیبوو، جا لە جێی بەنزینخانەکەدا بۆ پشوو و نانخواردن لایان دابوو."

"عەرەب؟"

"کەشوهەوا کردبوونیە پەنابەر. وڵاتەکانیان بە لم داپۆشرابوون. کوڕێکیان نەخۆش بوو و لە ژووری پشتییەکانماندا خەواندمان تا چاک بووەوە و کەوتەوە سەر پێ. پزیشکمان بۆ بانگ کرد، بەڵام ئەرکی من بوو کە پێی ڕابگەم. چەند ڕۆژێکمان بە یاریی

***لوودۆوە***[1] بەسەر برد ... کاتێک لە کۆتاییدا کوڕەکە دەبوو بڕوات، موستیلەیەکی بە داپیرە گەورەم دا کە نقێمێکی یاقووتیی پێوە بوو، جا کوڕەکە پێی دەگوت: موستیلەکەی عەلادین ...“

***جۆناس*** پرسی: ”ئەو کوڕە چەندە لە ژووری پشتییەکاندا مایەوە؟“ تۆزێک نیگەران دیار بوو.

لی ***ئانا*** وەڵامی نەدایەوە. زۆر سەرقاڵی وەبیرهاتنەوەی خەونەکەی بوو.

”لەو ڕۆژە بەدواوە داپیرە گەورەم ئەو موستیلە سوورەی لە قامکی دەکرد. ئینجا ڕۆژێکیان هاتە ژوورەکەم و گوتی کە جیهان و هەموو گیانلەبەر و ڕووەکەکانی هەلێکی دیکەیان دەدرێتێ. بیرمە کە دەستی بە یاقووتەکەدا دەهێنا—دەتگوت کە دەستپێکە تازەکە پەیوەندیی بە موستیلەکەوە هەیە. پاشان ژووەکە لەرییەوە و لەوێدا دانیشت، بە دەنگێکی سەیر و ترسناکەوە دەستی بە قسان کرد: ‘هۆ هەموو باڵندەکان، هەرچەندە زۆر لاوازیش بن ... بگەڕێنەوە ...’ جۆناس، ئیتر ئا لەوێدا لە خەو هەڵستام. ئەمەیش چەند کاتکۆیەک پێش ئێستا بوو. خەبەرم بووەوە و دەنگی باڵندەکانم لە دەرەوە بیست. لە خەو هەڵستام و سوور بووم کە ئەوە خەون نەبووە و داپیرە گەورەم بەڵێنەکەی بردووەتە سەر. جیهان هەلێکی دیکەی پێ درابوو و، هەموو گیانلەبەران و ڕووەکەکان بۆ شوێنی سەرەکیی خۆیان گەڕابوونەوە.“

جۆناس سەری ڕاوەشاند و بڕوای نەدەکرد. ”حای لەوە. تەنانەت منیش خەریکە بڕوا بە خەونەکەت دەکەم.“

---

[1] کایەیەکی منداڵانەیە کە ژمارەیەک خانە لەسەر پەڕەیەکن و، زار و داشی تیا لەکار دەهێنرێت. (و. ک.)



Scanned by CamScanner

"بەڵام ئەوەی لە خەونەکەدا بەرپرسیارێتیی ئەو بوو، ئێستا بەرپرسیارێتیی منە. ئەرکەکان پێچەوانە بوونەتەوە. ئێستا من ئەو کەسەم کە دەبێت شتێک بکەم. جا پاشی حەفتا ساڵ بە کچی نەوەکەم دەگەم. ئینجا ئەگەر ئەرکەکەم ڕانەپەڕێنم، ئەوا من ئەو کەسەم کە بۆنیێو لیێرەوارەکە دوام دەکەون. ئەگەر هەوڵی پاراستنی هەسارەکەمان نەدەم—ئەوا بە دەستی خۆم گۆڕم بۆ خۆم هەڵکەندووە."

**جۆناس** گوتی: "ئەمە تۆزێک قورسە."

"دەزانم، بەس تۆ گوێم بۆ بگرە—هەر ئەوەنییە، چونکە کاتێک لە خەو هەڵستامەوە موستیلە جادووییەکەم لە قامکدا بوو، ئەو موستیلەی خەونم پێوە دیتبوو."

**جۆناس** پێی بڕی. "چیت گوت؟"

**ئانا** سەرقۆڵەکەی هەڵکرد و دەستی هەڵبڕی و ئاماژەی بۆ یاقووتەکە کرد.

"تەماشا بکە! ئەمە ئەو موستیلەیە کە لە خەونەکەمدا داپیرە گەورەم لە قامکی کردبوو. ئەمە ئەو موستیلەیە کە ڕێی داین بۆ دەستپێک وەگەڕێین."

**جۆناس** وا دەردەکەوت کە نازانێت بڕوا بە چی بکات.

"ئێتر تۆ خەبەرت بووەوە و لە قامکتدا بوو؟ یان دوێنێ شەو بەر لەوەی بچیت بخەویت، لە قامکت کرد؟"

**ئانا** بە شانازییەوە سەری لەقاند. گوتی کە ڕۆژی پێشتر پێیم دراوە. دیاریی ڕۆژی لەدایکبوون بوو، وەلێ چونکە دایکی بۆ

کۆبوونەوەیەک لە ئۆسلۆ دەچوو، دوو ڕۆژ پێشتر لەگەڵ مۆبایلە تازەکەدا درابووی.

"بە بۆنەی خەونەکەوە بڕیارم دا تەواوی ژیانم موستیلەکە لە قامک بکەم. بەو جۆرە لەبیرم ناچێتەوە کە دەبێت چی بکەم. ئەو کاتەیشی ببم بە داپیرە گەورە، هەر لە قامکی دەکەم. جا ئەگەر منداڵی نەوەکەم کچ بێت، ئەوا دایک و باوکی ناچار دەکەم کە ناوی بنێن نۆڤا. ئینجا ئەو دەمەی دەبێتە شانزە ساڵ، دەتوانم بچمە ژوورەکەی و ئارخەیان بم کە موستیلەکە دەبینێت. بەس ئەو کاتە بازنەکە دادەخرێت."

"ئەی ئەگەر خەونەکەت وەڕاست بگەڕێتو زۆربەی سروشت تیا بچێت، ئیدی هەسارەکە وێران دەبێت."

ئانا سەری ڕاوەشاند.

"نەخێر، جیهان هەلێکی دیکەی دراوەتێ. ئەوە خاڵە گرنگەکەیە. لەسەرمە جیهان بگەڕێنمەوە بۆ ئەو کاتەی داپیرە گەورەم شانزە ساڵ بووە. بەڵام تەنیا ئەم دەرفەتەیشم دراوەتێ."

کچەی گۆرین سەیری کاغەزەکانی سەر مێزەکەی کرد، پاشان سەیری جۆناس-ی کرد و گوتی: "ئەوە بۆیە دەبێت پێکەوە کار بکەین!"



Scanned by CamScanner

# ئۆتۆمبێلە سپییە گەورەکان



لە پەنجەرە تەسکەکەوە ئۆتۆمبێلێکی سپیی گەورەی بەرچاو کەوت. ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەو دوایین جارەدا تێپەڕیبوو کە دانەیەکی وای لە باخچەکەدا بینیبوو. گورج بە پلیکانەکاندا هاتە خوارەوە، پێتاوگەکانی[1] بەسەر پێوە کردە پێی و چاکەتەکەی بە شانیدا دا و، هەڕای کردە دەرەوە.

لە باخچەکەدا بە دایکی گەیشت کە بۆ ماڵەوە دەهاتەوە و چەپێک گوڵی درەختی هەمیشە سەوزی پێ بوو. لقەکانی پڕ بوون لە بەرە سوور و خڕۆڵەکەی. ***نۆڤا*** هەر نەیگوت کە بۆ کوێ دەڕوات. دەیزانی کە دایکی خۆشی لە ئۆتۆمبێلە سپییە گەورەکان نایەت.

کە نزیک بووەوە، دیتی خەڵک بە پەردەکەدا دەپەڕنەوە. هەر ئەو نەبوو کە تامەزرۆ بوو بزانێت چی نمایش دەکرێت. هەندەی

---

[1] پێتاوگ: پێڵاوی چەرمین



Scanned by CamScanner

نەخایاند کە پەیامێکی درشتی بە ڕەنگی شین بە ئۆتۆمبێلە سپییە گەورەکەوە بینی، نووسرابوو: دوایەمین مەیموونی جۆری *لیمە*[1].

دەیزانــی کە *لــیمە*کــان جۆرێــک لە مەیمــوونە یەکەمییەکــانی *ماداگاسکار*ن و، ئاگاردار بــوو کە لەم ســاڵانەی دواییدا *بەرلین* تــاکە شــارە ئەمــانەی تێــدا پــارێزراون. ئەو دەمەی زانییــان تروسکاییی ئومێد لە وەچەخستنەوەی جۆرەکاندا نەماوە، ڕێگە بە باخچەکانی ئاژەڵان درا کە ئاژەڵەکان شارەوشار بگێڕن. گەلێک ساڵە *لیمە*کان لە دارستانەکاندا نەبینراون.

بلیتێکــی لە پیــاوێکی کــولمە ســووری خــڕ و ڕیش درێــژ کــڕی. گەنمەشــامی و نەبــاتی دەفرۆشــت. بەڵام دڵــی نەچــووە ســەر هیچکامیان.

بلیتەکە هەر ئەوەندەی کارتی یاریی کاغەز بوو. دیوێکی وێنەی *لیمە*یەکی لەسەر بوو و لێی نووسرابوو: *لیمە کاتا*. دیوەکەی دی لێی نووسرابوو: ئاژەڵ، بڕبڕەدار، شیردەر، میموون، *لیمە*. چەند ڕســتەیەکیش لەبــارەی هۆکــاری تیــاچوونی گیــانلەبەرانەوە لە *ماداگاســکار* نووســرابوو: ژینگەکەیــان بە هــۆی ئــاگرەوە لەنــاو چووە، درەختەکانی بڕدراونەتەوە تا بکرێن بە خەڵووزی ڕووەکی و، گیانلەبەرەکــانیش لەلایەن ڕاوچییەکــانەوە کــراونەتە ئامــانج. گەرمبوونی زەوییش دوایین بزمار بوو کە لە تابووتەکەیان درا.

ئەم یەکەم کەس بــوو کە گەیشــتە ئۆتــۆمبێلە ســپییە گەورەکە. شیشبەندێکی بە درێژایی ئۆتمبێلەکە لەسەر بوو و دەنێویدا سێ *لیمە* بەنێو دار و ڕووەکە دەستکردەکاندا هەڵقونین و داقونینیان

---

[1] Lemur: مەیمونێکی بچووکە لە *ماداگاسکار* و دوورگەکانی *کۆمۆرۆ* هەیە. (و. ک.)

بوو. ناوکەوەکەی ئاردەلۆک[1] بوو. لەسەر بلیتەکە نووسرابوو کە هەرسێکیان مێینەن. پێشتر زۆر جاران کارتی مینا ئەمەی دیتبوو. پڕی گیرفانێکی لەوانە هەیە. کارتەکان ئەو گیانلەبەرانەی وەبیر دەهێننەوە کە بەر لەوەی تیا بچن، توانیبووی بیانبینێت.

درێژیی ئەم مەیموونانە لە لمۆزیانەوە تا سەری کلکیان مەترێک دەبێت. کلکە گەوگەوە[2] ڕەش و سپییە درێژەکەیان لە لەشیان درێژترە. مەیموونەکان بە ترسەوە لەپشتی دارەکانەوە بە چاوە قاوەیییە ئەماڵ زەردەکانیانەوە سەیری ئەمیان دەکرد. کچەی گورین پێی خۆش بوو بزانێت کە چەندە تێدەگەن. دڵنیا بوو کە ئەوەی تێدەگەن پترە لەوەی گوزارشتی لێ دەکەن. ئینجا دەیشیزانی کە یەک-دوو ساڵی دی بەرنامەی یەکێتیی پاراستنی سروشتی نێو مۆبایلەکەی قەڵاچۆبوونی ئەم ڕەگەزە ڕادەگەیەنێت کە ئێستاکە بە هەراوی هەیە.

کە ***تۆڤا*** ئەوێی جێ هێشت، پیاوێکی بینی کە دەستی دوو منداڵی گرتبوو. هەرتکیان لە خۆشییاندا هەڵبەز و دابەزیان بوو و، یەکی پاکەتێک گەنمەشامییان پێ بوو. گاهەس دوای بینینی مەیموونەکان، نەباتیشیان بۆ بکڕدرێت. ئاخر ئۆتۆمبێلە سپییە گەورەکان هەموو ڕۆژێک بۆ ئەم ناوە نایەن.

---

[1] ئاردەلۆک: هەر شتێک لە ئارد بچێت. ئەو وردە دارەی لە کاتی بڕیندا لە ئارد دەچێت.
[2] گەوگەو: [illegible]

# بۆقەکە



***ئانا*** چووە سەر ئینتەرنێت و بە دەنگی بەرز خوێندیەوە: "بەپەلە: کۆمپانیای ***شتاتئۆیل*** نکوولی لەوە دەکات کە چووبێتە نێو ناوچەگەلی قۆچی ئەفریکاییەوە. لەبەر ململانێکان، ناتوانن باس لە چالاکییەکانیان لە ***کینیا*** بکەن ..."

***جۆناس*** گوتی: "بەڵام خۆ بەدوای نەوتدا دەگەڕێن ..."

کچە چاوێکی لێ کرد، وەک بڵێیت لێی بپاڕێتەوە. "ئاخر ڕەنگە ئێستا ئەوە گرنگ نەبێت."

"ئەی چی گرنگە؟"

"ئایا ئەم ڕاگەیاندنە یارمەتیی ***ئێستێر ئانتۆنسن***، یان ***بێن*** دەدات؟"

"بێن؟"

"بنیامین. نامەیەکی بۆ دەنێرم."



Scanned by CamScanner

"دەنگوباس؟"

چەند خولەکێک دواتر وەڵامی درایەوە.

"هیچ شتێک نییە. هەرچی بوو، ئاگادارت دەکەمەوە."

**ئانا** هەناسەی هەڵکێشا. "دیارە بۆ ئەو جەرگبڕە."

***جۆناس*** بەنێو کاغەزەکانی سەر مێزەکەدا دەگەڕا. کاغەزێکی چاپنووسی هەڵگرت و بە دەنگی بەرز خوێندیەوە:

سروشتی مرۆڤ بە هەستی ئاسۆییانەی ئاڕاستەکردن جیا ڕەکرێتەوە. بە چواردەورەکەماندا بەدوای مەترسیی متبوو و نێچیردا دەگەڕێین. ئەمەیش لێهاتووییەکی خۆزاییمان[1] بۆ پاراستنی خۆمان و ئەوانەی هیی خۆمانن دەداتێ. بەڵام هەمان لێهاتووییمان بۆ پاراستنی وەچەکانمان نییە، تەنانەت ناتوانین یەک جۆری بەدەر لە هیی خۆیشمان بپارێزین.

لە قووڵاییی سروشتماندا ڕۆنراوە کە بۆهێلەکانی خۆمانمان لا پەسەندتر بێت. وەلێ ئەو ئامادەیییەمان لە باردا نییە کە بە درێژاییی چوار یان هەشت نەوەی یەک لەدوای یەک بۆهێلەکانی خۆمان بپارێزین. ئەمە شتێکە کە دەبێت فێری ببین. ئەمە شتێکە دەبێت بەو جۆرە فێری ببین کە فێر کراوین ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرین.

هەر لەو ساتەوەی ماکەکەمان لە دۆڵی ڕیفتی ئەفریکادا دەرکەت، لە پێناو گەشەدان بە لقی خێزانەکەماندا شەڕێکی سەختمان کردووە. تا ئێستا لەم شەڕەدا براوە بووگین. لێ مرۆڤ وەک

---

۱ خۆزایی: فطري innate

جۆرێک هێندە سەرکەوتوو بووە کە ئیدی خۆمان بۆ بوونی خۆمان هەڕەشەین. ئەوەندەمان دەستکەوتی زۆر هەبووە کە بۆ بوونی هەموو جۆرەکانی دیکەیش هەڕەشەین. ئێمە بوونەوەرێکی ڕەسەنی فێلباز و لەخۆباییین و، زۆر بە ئاسانی لەبیری دەکەین کە ئێمەیش بەشێکین لە سروشت. بەڵام ئاخۆ ئەوەندەیش لەخۆباییین کە ژیانی ئێستای خۆمانانمان بەلاوە لە بەرپرسیارێتیمان بەرانبەر بە داهاتووی زەوی گرنگتر پێ بێت؟

***جۆناس*** گوتی: "ئەوە پرسیارێکی باشە؟"

"کامە؟"

***ئانا*** بیری لای پرسیارێکی گەورەتر بوو، ئەو پرسیارەی کە بەر لەوەی دەستبەکار بن بە تەلەفۆن لێی کردبوو: چۆن دەتوانین ١٠٠١ گیانلەبەر و ڕووەک بپارێزین؟ وەلێ کوڕەی تاین ئاماژی بۆ ئەو لاپەڕەیە کرد کە ئێستا دەیخوێندەوە و، گوتی: "گوتم کە ئەمە پریسارێکی باشە: ئایا هێندە لەخۆباییین ...؟"

"دەی بۆیە منیش ئەوەم چاپ کردووە."

***ئانا*** خۆشحاڵ بوو وا ***جۆناس*** ئەو بابەتەی بە دڵ بوو ک ئەم هەڵیبژاردبوو. وەلێ بۆ ئەوەی بزانێت ***جۆناس*** لە ڕێدا کە بۆ یانەکڵەکە دەهات، بە چ ئەنجامێک گەیشتووە، ئۆقرەی نەمابوو.

"دەی باشە چی بکەین؟ چۆن نەهێڵین کە ١٠٠١ گیانلەبەر و ڕووەک قەلاچۆ ببن؟"

***جۆناس*** پەرەیەکی دیکەی هەڵگرت:

جا بۆ ئەوەی هەمەجۆریی ڕووەک و زیندەوەرانی ئەم هەسارەیە بپارێزین، پێویستمان بە گۆڕانێکی **کۆپەرنیکۆس**ییانە لە هزرماندا هەیە. هەر وەک چۆن ساویلکەییە کە لات وا بێت هەموو تەنە ئاسمانییەکان بە گێجی زەویدا دەسووڕێنەوە، ئا وایش ساویلکەییە وا بژیین وەک بڵێیت هەموو شتێک بە گێجی سەردەمی ئێمەدا دەگەڕێت. ئەم سەردەمەی ئێمە هیچی لە سەردەمێکی دواتر گرنگتر نییە. لێ ناتوانین وا بژیین، وەک ئەوەی کە سەردەمی خۆمان تاکە سەردەمێکە کە گرنگ بێت.

**جۆناس** لەبەرەوە سەری بۆ خۆی لەقاند، دوایی سەیری **ئانای** کرد و سەری بۆ ئەویش لەقاند.

"ئێمە گاڵتەمان بەو کەسانە دێت کە پێیان وایە زەوی چەقی گەردوونە. ئەی باشە ئەوەیش گەمژەیی نییە کە جۆرێک بژییت وەک بڵێیت چەندان هەسارەی یەدەکمان هەبێت؟"

**ئانا** ئیتر ئارامی لێ بڕا. ئاخر نەیدەتوانی چاوەڕێ بێت تا لە **جۆناس**ی ببیستێت کە ئاخۆ هیچ وەڵامێکی بۆ پرسیارە ئاڵۆزەکەی ئەم دۆزیوەتەوە یان نا.

کەچی پەڕەیەکی دیکەی هەڵگرت و بە دەنگی بەرز وەیخویند:

بە گوێرەی چیرۆکە کۆنەکەوە، بۆقێک کە بکەوێتە نێو ئاوێکی کوڵاوەوە، گورج باز دەداتە دەرەوە. بەڵام ئەگەر بخرێتە نێو دەفرێک کە ئاوی ساردی تێدا بێت و بەرەبەرە گەرم بکرێت، بۆقەکە هەست بە مەترسییەکە ناکات. ئیدی دەتۆپێت.

**جۆناس** دیسان سەری لەقاندەوە. "ئایا ئەم نەوەیە بۆقە؟"



Scanned by CamScanner

# ئامێرە سەوزەکان



لەگەڵ ئەو کورەدا لە پێتەختە کە لە ژووری پشتییەکاندا نووستبوو. چەلێکی دی پێک گەیشتنەوە. ***نانا*** مردووە و، ئێستا موستیلەکە لە قامکی ***نۆڤا***دایە. هێندە گەورە بووە کە جلێکی ڕەشی پۆشیوە و شاڵێکی سووری بەسەر شانیدا داوە. جلی جوانی پۆشیوە، چونکە بۆ پێتەخت چووە و، لەبەر مەرگی ***نانا***یش ڕەشی پۆشیوە.

کورەکەیش گەورە بووە. دزداشەیەکی سپیی لە بەردایە کە لە کاتی ڕێکردندا لە زەوی دەخشێت.

بە شەقامە سەرەکییەکانی شاردا دەگەڕێن، سەیری ئامێرە سەوزەکان دەکەن. کەچی هەڵای شەقامەکان چۆڵوهۆڵن. وای لێ هاتووە کە شارەکە دەڵێی هیی خۆیان تاقە.

لە هەر سەرسووچی شەقامێکدا، لە هەموو میترۆ و بەردەم بینا گرنگەکاندا ئامێرێکی سەوز دانراوە.

زەنگەکانی کونگرەکەی فەرمانگەی شارەوانی دەنگێکی دڵنشینیان هەیە ئەوە ئاماژەیەک بوو کە چاوەڕێی بوون. هەردووکیان بۆلاییەکی ئامێرێکی سەوز دەچن، کچە کارتێکی سووری پێیە و، کوڕەکەیش کارتێکی شین.

بەر لەوەی کارتەکەیان بخەنە نێوی، چاویان دەنووقێنن و بزە دەکەن. دەڵێیت لەنێو خۆیاندا نهێنییەک دەدرکێنن. کچەی تاین ئەو گیانلەبەر و ڕووەکانە هەڵدەبژێرێت کە دەیەوێت بە پارە تەماشایان بکات. هەر کەڕەتێک ژمارەی نهێنی دەنووست، ڤیدیۆیەک لەسەر شاشەکە دەردەکەوێت. ڤیدیۆکان تەنیا ئەو کاتە کار دەکەن کە پارە بۆ پاراستنی ئەو جۆرانە بدرێت.

بەرەبەرە شار پڕ لە خەڵک دەبێت. خەڵکی لە وێستگەکانی میترۆوە وەدەردەکەون، لە پاسەکانەوە دادەبەزن و بە شەقامەکاندا جمەیان دێت. زۆرێک گەرەکیانە ئامێرە تازەکان لەکار بهێنن. خێرا شار دەژیێتەوە و، لەبەردەم ئەم ئامێرە سەرنجڕاکێشانەدا بە ڕیز سەرە دەگیردرێت. خەڵکی مقۆمقۆیانە و ئیما[1] دەکەن.

*نۆڤا* خەریکە لەنێو ئاپۆرەکەدا هاوەڵەکەی نەبینێت. وەلێ خۆشبەختانە نیو بست لە هەمووان بەرزترە. هەمتر پێک دەگەنەوە و دەست لە دەستی یەکی دەدەن، هەنگینێ کچە سەیری سەروسیمای کوڕەی کرد و پێکەنی.

"دەڵێیت تازە جیهان دروست بووە."

---

[1] ئیما: ئاماژەکردن بە دەست، سەر یان ڕووخسار

# یاریی خەیاڵکرد



***ئانا*** گوتی: "جیهان هەلێکی دیکەی دراوەتێ و، ئێستا پێویستە پێم بڵێیت کە چۆن ئەم هەلە بقۆزینەوە."

***جۆناس*** سەری لەسەر کاغەزەکانی سەر مێزەکە هەڵبڕی و زەردەیەکی هاتێ کە ***ئانا*** زۆری واز لەو زەردەیەی بوو. زنجیری گیرفانی چاکەتی خلیسکێنەکەی کردەوە و چەند کاغەزێکی لوولکراوی دەرهێنا و بۆ ***ئانای*** هەڵدان.

کچەی تاین سەربابەتی یەکەم کاغەزیانی خوێندەوە: "چۆن هەزارویەک جۆر ڕووەک و گیانلەبەر بپارێزین؟" لە نامە بچووکترەکەیاندا نووسرابوو: "وەڵامی پرسیارەکەی ئانا".

حەوت لاپەڕەی چاپنووسی ژماردن. "وام زانی کەمێک دوا دەکەوێت. چۆنچۆنی توانیت ئەو هەمووە بنووسیت؟"

"ئەوە نهێنییە. ئا تۆ بیخوێنەرەوە."



Scanned by CamScanner

**ئانا** بە دەنگی بەرز دەستی بە خوێندنەوەی کرد. کاتێک ئەم خەریکی خوێندنەوە بوو، جۆناس چەند ئەنجینەی[1] دەنێو کوورەی ئاگرەکە کرد، پاشان چوو لە پەنجەرەکەوە بە دووربین تەماشای دەرەوەی کرد.

**هەموو** ڕووەک و گیانلەبەران پشتیان بە ژینگەکەیان بەستووە و، ئەگەر بەشێکی سروشت بکەوێتە بەر هێرشەوە، ئەوە دەبێتە مەترسی بۆ هەموو ئەو جۆرانەی لەم دووزەنە ژینگەییەدا گەشە دەکەن. ئەوەی لەم ژینگەیەدا دەقەومێت بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندیی بە ئابوورییەوە هەیە. دەوەڵەمەندەکان بە هیچ تێر ناخۆن، لەڕێی دەرهێنانی نەوت، خەڵووز و کانزاکانەوە لەو ناوچانەی لە بەر مەترسیدان، هەر خەریکن خۆیان دەئەنگرێنن[2]. بەڵام هەژارەکانیش دەتوانن سوودی خۆیان لەو دووزەنە ژینگەییە بقۆزنەوە، ئەویش سوودێکی بێبڕشت. گرفتەکان هێندە گەورەن کە خەڵکی لەبەرانبەریاندا هەست بە بێدەسەڵاتی دەکەن. چیم بۆ پاراستنی دارستانی باراناویی ئەمازۆن لەدەست دێت؟ چ بەرپرسارێتییەکم لەبەرانبەر بیابانەکانی ئەفریکا یان ماسییەکانی زەریای ئەتڵەسیدا لە ئەستۆدایە؟ خەڵکی بەم شێوەیە بیر ناکەنەوە. پەیوەندیی بەوەوە نییە کە مێشکی مرۆڤ چۆن کار دەکات.

---

[1] ئەنجینە: هێزم، کوتە داری بڕدراوە و ئامادەکراو بۆ سووتاندن

[2] ئەنگران: لەڕادەبەدەر دەوڵەمەند



Scanned by CamScanner

ئێمە گیانلەبەرانێکی لەخۆبایی و لووتبەرزین. پێویستە لە هەر هەوڵێکماندا بۆ پاراستنی هەسارەکەمان ئەم خاڵی دەستپێکە بەکار بهێنین. با نموونەیەک بهێنمەوە.

ئەگەر کەسێک خەمی چارەنووسی پڵنگی بێت، دەکرێت بچێتە سەر شەقامەکان و پارە بۆ پاراستنی پڵنگەکان کۆ بکاتەوە. دەشێت لەرێی بلیتی دەرەچێ یان هەڕاجییەوە کە داهاتەکەی بۆ پاراستنی پڵنگەکان بێت، ئەم کارە بکات.

بە نزیکەیی هەموو کەسێک کرۆنێکت دەداتێ بەبێ ئەوەی دوو جار بیر بکاتەوە. هەندێکیش دە کرۆن دەدەن. کەسانێکیش سەد کرۆن دەدەن و، کەمینەیەکیش، بە تایبەتی کاتێک ناویان لەسەر رۆژنامە بنووسرێت، هەزار یان دەهەزار کرۆن دەدەن. لەوانەیە بازرگانێک لە شوێنێکدا هەبێت و ئەم کارە سەرنجی رابکێشێت و نیوملیۆن دۆلار ببەخشێت. خەڵکی ئەم برە بۆ پارچەیەکی هونەری دەدەن. درەنگ یان زوو پیرەژنێک سامانەکەی بۆ پاراستنی پڵنگەکان جێ دەهێڵێت، رەنگە لەبەر ئەوە بێت کە کاتی خۆی باپیرەی لە سوپای بەریتانیادا لە هندستان ئەفسەر بووبێت و، هەشت پڵنگی راو کردبێت و، پێستی یەکێک لە پڵنگەکان لە شاری ***بێرمینگهام***دا لە کتێبخانەی ماڵی خێزانە دێرینەکەدا بەرانبەر بە ئاگردانەکە بە دیوارەکەوە هەڵواسرابێت.

دەبێت خەڵکی لە سەرانسەری جیهانەوە بتوانن پارە بخەنە هەژمارێکی دیاریکراوەوە و، ئەگەر چەند ملیۆ کەس برێکی کەمیش ببەخشن، ئەوا لە کاتێکی زۆر کەمدا ملیاران یۆرۆ یان یەن بۆ پاراستنی ژینگەی پڵنگەکان کۆ دەبێتەوە. دەبێت پارەی زۆر بۆ نەهێشتنی راوی نایاسایی تەرخان بکرێت، نەک تەنیا بۆ پاراستنی پڵنگ، بەڵکوو بۆ پاراستنی ئەو گیانەوەرانەیش کە



Scanned by CamScanner

خـۆراک و نێچیـری پڵـنگن. ئەمەیـش پێویسـتی بە سـوپایەکی پاسەوانی دارستانە. پێستی پڵنگ لە بازاڕی ڕەشدا نیوملیۆ کرۆنە و، بە لەنـاوچوونی جۆرەکـانیش نـرخەکەی لە زیادبوونـدایە. تـا سـزای ڕاوی نایاسـایی قورسـتر بکرێـت، نـرخەکەی بەرزتـر دەبێتەوە. بەڵام هەر دەبێت سزاکان قورستر بکرێن.

دانانی پاسەوانانی دارستان یەکەم هەنگاوە، ئاخر دەبێت ڕێڕەوی پارێزراو دەنێوان ناوچەی پڵنگەکاندا هەبێت تا بەر بە جووتبوونی نێوخۆیی بگیردرێت.[1] جا بۆ ئەوەی ئاپۆرەی نێچیرەکانی پڵنگ- ئاسـک، بەراز و بزنەکێـوی-بپارێزرێـت، دەبێـت ئەو گژوگیـایە بپارێزرێـت کە ئەمـانە لەسـەر دەلەوەڕێـن. جـا بـۆ ئەوەی پڵـنگ بپارێزرێـت، دەبێـت ژمـارەیەکی زۆر لە ڕووەک و گیـانلەبەران بپارێزرێت. پڵنگ هێمـای شـتێکی زۆر گەورەیە، ئەگەر پڵنگ لەنـاو بچێـت، ئەوە نیشـانەی بـۆ ئەوەی کە سروشـت لە مەترسـییەکی گەورەدایە.

***ئانـا*** گـوتی: "تێـدەگەم. باشـە بـۆچی پڵنـگ؟ ئەی بـۆی ورچـی جەمسەری نەبێت؟"

"ئەها، ئێستا دێمە سەر ئەوە."

بۆچی تەنیـا باسـی پڵنـگ دەکەم؟ ئەی هەڵـۆ و ڕێـویی بـاکووری چی؟ ئەی بۆق و گیانەوەرانی ئاوی و ئەو جۆرانە چی کە لە بەر

[1] لە جووتبوونی نێوخۆییدا ئەگەر دەرکەوتنی نەخۆشی و لاوازییەکان لە نەوەکاندا زۆرە. (و. ک.)

مەترسیدان؟ بە دڵنیاییەوە دەبێت ئەمانەیش پشتگوێ نەخرێن. ئاشکرایە کە نابێت هەر بەرنامەی پاراستنی پڵنگ هەبێت: دەبێت بەرنامە بۆ پاراستنی هەزارانی دیکەیش هەبێت. بەمەیش بە خێرایی هەزارویەک دامەزراوەی پاراستنی ئاژەڵان و ڕووەکان لە قڕبوون دادەمەزرێندرێن. ئەوەندە بەسە کە دیارییان بکەین. دەتوانیت لەبری ئەوەی پارە بە دامەزراوەی پاراستنی پڵنگ بدەیت، بە دامەزراوەی پاراستنی شێری بدەیت—هەرکامێکیانت پێخۆشە، بەوەیانی بدەیت. مەبەستەکە ئەوەیە تۆ لە هەڵبژاردن و هەموو ئەو گفتوگۆیانەی لەو بارەیەوە دەکرێن، سەربەست بیت.

چەندین گوزارشت باس لەوە دەکەن کە بە هۆی گەرمبوونی زەوییەوە ملیۆنان جۆر مەترسیی قڕبوونیان لەسەرە. بەڵام پێم وا نییە کە ملیۆنێک دامەزراوەی جیاواز کێشەکە چارەسەر بکات. دامەزراوەیەک بۆ هەموو مێروو و مێش و مەگەزی ڕووەکەکان بەسە بۆ ئەوەی سەرنجی ئەو کەسانە ڕابکێشێت کە گرنگی بەم جۆرە زیندەوەرانە دەدەن. بەڵام ئەگەر دەتەوێت کە مێروو و مێش و مەگەزی ڕووەکەکان لە قەڵاچۆبوون بپارێزیت، ئەوا دەبێت گەڵا گوڵ و گیا بپارێزیت و، بەمەیش ئاسک و کەروێشکی کێوی و گەرەویلکیش بپارێزیت. هەموو شتانی نێو سروشت تێک تەنراون. جۆراوجۆریی ڕووەک و گیانلەبەران چەندەی بە پاراستنی جۆرەکانەوە بەندە، ئەوەندەیش بە پاراستنی سروشتەوە. ئەو جۆرانەی زێد و ژینگە سروشتییەکەیانیان لەدەست داوە و تەنیا لە باخچەکانی ئاژەڵاندا ماون، هەنگاوێک لە قڕبوونەوە دوورن.

"من لەوە تێناگەم، دوای ئەوەی بە تەلەفۆن لەم بارەیەوە قسەمان کرد، چۆن توانیت ئەم هەمووە بنووسیت."

سەری هەڵبڕی و سەیری *جۆناس*ی کرد، ئەمیش پشتی لێی بوو و بە دووربین تەماشای بانەکەی دەکرد.

"بەلاتەوە چۆنە؟"

"بەدڵمە. پێم خۆشە ئەوەی دیکەیشی بخوێنمەوە."

"کەواتە بەردەوام بە."

پرسیارەکەم ئەوەیە: چۆن دەتوانین پارێزگاری لەوە بکەین کە خەڵکی وا لێ بکەین بایەخ بە هەمەچەشنی ڕووەک و گیانلەبەران بدەن؟ پێشتریش باسی ئەوەم کرد کە سەربەستیی هەڵبژاردنیش هۆکارێکی گرنگە. با نموونەیەکی دی بهێنمەوە:

وێنای ئەو کەسانە بکە کە باج دەدەن. ئایا دەتوانن دیاری بکەن کە باجەکانیان بۆ چ شتێک بچێت؟ جگە لەوەی کە لە سەدا چل یان پەنجای داهاتەکەیان زۆر جار بە هۆی سزاوە دەڕوات، بەڵام خۆیان کاریگەری ڕاستەخۆیان لەسەر چۆنیەتیی خەرجکردنی پارەکانیان هەیە. ئەوە چۆن دەکرێت؟ ئایا دەبێتە مایەی ئاژاوە؟ هەندێک کەس پارە بۆ پاراستن دەدەن، کەسانێک بۆ خوێندن، بۆ توێژینەوە، بابەتی ژینگەیی، کاروباری دەرەکی یان گواستنەوەی گشتی و، هیی وایش هەیە مۆزەخانە، دایەنگە، نەخۆشخانە، یان خەلوەتگەی پیران هەڵدەبژێرێت. بەڵام دەکرێت ئەنجامی کۆتایی هەر وەک ئێستا بێت. تاکە جیاوازی ئەو باجدەرانەن کە دڵخۆشن. ئەم دووزەنەیە تاک قایل دەکات.

دەتوانین ئەم بیرۆکەیە بۆ ژینگە جێبەجێ بکەین. ئەگەر حوکومەت باجی ژینگەیی دابنێت، ئەوا گەلێک کەس سەبارەت بە



Scanned by CamScanner

باجێکی تازە نارەزایی دەردەبڕن. ڕەنگە بڵێن، مەبەستیان لە "باجی ژینگەیی" چییە و ئەی باشترین سیاسەتی ژینگەیی چییە؟" ئەگەر باجی پتر بۆ پاراستنی ڕووەک و گیانلەبەران دابنرێت، دەشێت خەڵکێکی زۆرتر مل بدەن، لەگەڵ ئەوەیشدا کەسانێک هەر دەمەقرەیان لەسەر ئەوە دەبێت کە ئاخۆ کام جۆریان لەپێشترن. ڕەنگە شوان و گاوان کێشەیان نەبێت ئەگەر گورگ یان دڕندەکان قڕ ببن. دەشێت دانیشتوانی شار ڕەخنەیان لەوە بێت کە بۆچی باج بۆ پاراستنی کوندەپەپووی سپی بدەن—ئەی باشە دوایین جار کەی بووە کە بینیویانە؟ هەر باجدەرێک دەتوانێت ئەو جۆرە دیاری بکات کە باجەکەیی بۆ بڕوات—ئەوەیش دەبێتە توخمێکی هەڵبژاردنی کەسی. پاشان دەبێتە شتێکی جێی گفتوگۆ و گرنگیی پێ دەدرێت.

*ئانا* گوتی:

"کەواتە تۆ هەزارویەک دامەزراوەت دەوێت؟ ڕۆژێک کرۆنێک یان دووان بە دامەزراوەی پاراستنی ورچ بدرێت، ڕۆژی دواتر پێمان خۆش بێت بە هیی هەڵۆی زێڕین یان هیی بازی بدەین. ئینجا بە لایەنی کەمەوە ساڵی جارێک، با بڵێین لە کریسمسدا، کرۆنێک یان دووان بۆ مارمێلکەی ئاوی یان بۆق بخەیتە لاوە، وایە؟"

"باشە ئەی کامیان لەپێشترن: باز یان بۆق؟"

"بۆق. ئاخر خۆ دەبێت شتێک هەبێت کە باز بیخوات."

"ئەی لەپێش بۆقەوە؟"

"مێشوولەکان و ... کرمەکان. جارێکیان بۆقێکم بینی کە کرمێکی زەویی قووت دا."

"ئەی پێش ئەوان؟"

"ڕووەکەکان ... کەڕووەکان ... زیندەوەرە تاکخانەکان."

"باشە."

"جۆناس، بەڵام من سەرم لێ شێواوە. ئاخر ڕێی تێ ناچێت دوای ئەو کاتەی تەلەفۆنەکەت بۆ کردم، ئەم هەمووەت نووسیبێت. بڕوات پێ ناکەم."

"تکایە، بیخوێنەرەوە."

نارەزایەتییەک دەبیستم. ئایا خەڵکی هێندە لە سروشت بێزارن؟ مەگەر ئێمە زەویمان نەکردووە بە شارێکی گەورەی یاری؟ گەلێک شت سەرنجمان ڕادەکێشن. ئێمە لە هەسارەیەکدا هاوبەشین، بەڵام گشت کەسێک ناتوانێت وەک هەسارەی هەموومان بیری لێ بکاتەوە. ئازادییەکی لەڕادەبەدەر لەم جیهانەدا هەیە—دەوڵەمەندان داهاتێکی زۆر زیادەیان هەیە، گەلێک بەرمیلی نەوت و فڕۆکەی تایبەت هەن، کەچی کەمترین هەستی بەرپرسیاریتی بەرانبەر بە هەسارەکەمان و دابەشکردنی دادوەرانەی سەرچاوە سروشتییەکان هەیە. زۆر ئاسانە بەدەست هەندێک شتەوە گیر بکەیت. بەس تەماشایەکی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانمان بکەیت: هەر لەبارەی گرەو و وەرزش، چێشتخانە و مەی، ئۆتۆمبێل و کەشتی، مۆبایل و کۆمپیوتەر، جوانکاری حەسار و ناوماڵ، چێشتلێنان و لەشڕێکی، دەرمان و شێوازی

ژیــان، تەندروســتی و کحــول و مــاددەی هۆشــبەر، زایەنــد و ســەڵتییەوە دەنووســن ... ئەوە هەر باســی قسەهەڵبەســتن و ئابڕووچوونەکـان مەکە. هەمـوو ڕۆژێـک باسـێکی تیـایە کە یـارۆ ئەسـتێرەی سـینەمایی هاوسـەرگیریی کـرد یـان جیـا بـووەوە، هۆگری ماددەی هۆشبەر بووە یان چارەسەری بۆ کراوە. خەڵکی هەر باسی ئەم شتانە دەکەن. دەی هەر ئەمەیشیان دەوێت. هیچ کەس گوێ بە جیهانی سروشتی نادات. زۆربەی خەڵکی هێندەی نـاوی یاریزانەکـانی تـۆپی‌پێ و ئەسـتێرە سـینەمابییەکان دەزان، هێندە ناوی جۆرەکانی باڵندە نازانن.

ئەرێ مــن بەمە بە کــوێ بــگەم؟ لام وایە هۆکــاری مرۆیــی یارمەتیمان دەدات کە بتوانین هەزارویەک جۆر بپارێزین. پێویستە بە گرنگییەوە لە سروشتی مرۆیی بڕوانین. پێویستە سەرنجمان لەسەر ئەنجامی یارییەکان و وتی‌وتیی بابەتە هونەرییەکان دوور بخەینەوە. دەبێت سەرنجمان بخەینە سەر هەسارەکەمان. ئەو دەم دەکرێت ستوونی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان باسی **گیلێمۆت**[1]، **پەفین**[2] و کەرکەردەنیان تێدا بکرێت—نەک ئەوەی هەر باسی ئارسیناڵ و تۆتنهام بکرێت. دەکرێت گرەوەکان لەسەر بنەمای ناوی جۆری گیـانەواران ڕێـک بخـرێن: حەزت لە بلیتـی **پەفـین**ـە؟ لە ٣١ی تەمموزدا تیروپشکی بۆ دەکرێت. نـا، خـۆم بلیتی کوندەپەپووی سـپیم پێیە. جـا ئەگەر حەزیشـت لە هیـی باڵنـدە نییە، ئەوا هیی گەرەویلکیشـم پێیە. سبەینێیش تیروپشـکی سـاڵانەکەیەتی. ئێسـتا دەتـوانم گـوێم لە هەراوزەنـا بێـت. لە کۆتاییـدا ئـێمە لەمەڕ

---

[1] باڵندەیەکی ئاوییە و لە پەنگوین دەچێت، بەڵام بچووکترە و دەیشفڕێت. (و.ک.)

[2] باڵندەیەکی دەنووک خواری دەریای باکورە. (و.ک.)

سروشتەوە دەدوێین: نا، بۆ خولی دواتر دەمەوێت. تازەکی چەند کرۆنێکم لەسەر کیسەڵ بردووەتەوە ...

کچە دەمی داکەوت. وەڵێ ئەویش هەر پشتی لێی بوو.

*"جۆناس ... جۆناس!"*

ئاوڕی دایەوە.

کچەی گۆرین گوتی: "تۆ شێتیت! شێتێکی تەواو سەیروسەمەرەیت. ڕەنگە پێویستیت بە دەروونپزیشک بێت. دەتوانین بچینەوە بۆ *ئۆسلۆ*. دەتوانیت بۆلای *بنیامین* بچیت. وای، بەشکم *ئێستێریش* زوو بەر ببێت."

*جۆناس* خەندەیەکی بۆ کرد و، *ئانا* دەستی بە خوێندنەوە کرد:

بۆ بەدەست هێنانی ئەمە، پێویستمان بە پێگەیەکی ئەلیکترۆنییە کە ئەژماری بانکیی بۆ هەر ڕووەک و گیانلەبەرێک هەبێت کە مەترسیی لەناوچوونی لەسەرە. دەکرێت گرەوی جیهانی بۆ خێزانی ئەو گیانلەبەرانە ساز بکەین کە جۆرەکانیان لە مەترسیی تیاچووندان، وەکوو کوندەپەپوو، پشیلە یان ورچ. تەنانەت دەکرێت ساڵی دوو جار گرەوی زۆر گەورە ساز بکرێت: بۆ گۆشتخۆرەکان، پەلەوەرە ئاوییەکان و، سمدارەکان! لە تەلەفزیۆندا پەخش بکرێت! تیادا هونەرمندان بە ڕیز بە جلوبەرگە تازەکانیانەوە خۆیان دەردەخەن. ڕنگە بتوانێت لە وچانەکاندا گرەو لەسەر ژمارەی دانیشتوان بکرێت.

ئایا هیچ هۆکارێکمان لە بەردەستدایە بۆ ئەوەی باوەڕ بەوە بهێنین کە خەڵکی ڕوو لەم جوانی و چەلەنگییە بکەن؟ ئەگەر کەسێک هەموو شەوێک لەو کۆڕ و کۆبوونەوانەدا پارە بە هەدەر بدات لەسەر ئەوەی کێ لە یانزە یاریزانەکە دەتوانێت زیاد لە گۆڵێک بکات، شتێکی ناماقووڵ نابێت کە کەسانێک هەبن پێیان خۆش بێت بزانن چەندە شێر یان شامپانزی لە جیهاندا ماون، نە خاسمە ئەگەر پارەی لەسەر ببەنەوە. بەس وێنای بکە کە چەند کەس لەڕێی گرنگیدان بەم یارییانە لەنێو کۆمەڵگاکانیاندا دەتوانن زانیاری لەبارەی سروشتەوە وەبگرن. ئەم جۆرە کەسانە دەبنە براوەی بەختەوەر و خەڵکی پێیان دەڵێت: ئەم کابرایە قۆزە! لە هەموو بەشەکانی گیانداراند سەرکەوتوو بوو. خەڵاتەکەی بردەوە و، ئێستا خانوویەکی دووقاتی لە گەڕەکی ***هۆمانسبیێن*** کڕیوە.

"نەخێر، ***جۆناس***. پێم وایە زیادەڕەویت کردووە."

"دەی خۆ هێشتا تەواو نەبوویت."

"ناکرێت تۆ ئەمڕۆ ئەمەت نووسیبێت. لە شتێکەوە وەرتگرتووە؟"

***جۆناس*** خەندەیەکی کرد. تەنانەت هەر هەوڵی وەڵامدانەوەیشی نەدا.

ڕەنگە وا بیر بکەیتەوە کە من خەریکم لەگەڵ شەیتاندا ڕێک دەکەوم. بەڵام هەموو هەوڵی من بۆ ئەوەیە لەگەڵ مرۆڤایەتیدا ڕێک بکەوم. وا بیر دەکەمەوە کە ڕەنگە ئەم نەخشەیە شپرزەیی لێ بکەوێتەوە. گەورەکان وەک منداڵ هەڵسوکەوت دەکەن. دەبێت



Scanned by CamScanner

ڕەگەزێکی پێشبڕکێ هەبێت، چونکە مرۆڤ حەزی لەوەیە: چەند پڵنگ ماون؟ لەکوێ دەژین؟ ڕێک وەڵام بدەرەوە، ئەگەرنا دەدۆڕێیت ... ئەی ئەم کۆمەڵەی ئێستا چییان پێویستە ڕزگاریان ببێت؟ ئامادەیت؟ تەنیا هەلێکت ماوە ... ڕێک چیمان بۆ گەڕانەوەی ژینگەی پڵنگەکان پێ دەکرێت؟ ... ئێستا پرسیاری پڵنگ بخە چوارچێوەیەکی گەردوونییەوە.

مەگەر شتێکی جوان نییە کە سەردێری ڕۆژنامە و گۆڤارەکان جیاواز بن؟ دیزاینەرێکی ناومال پاڵپشتیی خۆی بۆ ١١٤ بڕبڕەدار دەردەبێت ... مامۆستایەک سامانەکەی بۆ دامەزراوەی سمدارەکان جێ دەهێڵێت ... وەرزێرێک دەغڵودانەکەی فرۆشت و قازانجەکەی بۆ پاراستنی شێر بەخشی ... ژنێک مووچەکەی خۆی بۆ پاراستنی ڕێویی باکووری دەبەخشێت ... ساڵی ڕابردوو کێ زۆرترین پارەی بۆ باڵندەکان بەخشیوە؟ خەڵکی بە جۆشوخرۆشەوە چاوەڕێی باڵندەی زێڕین ڕۆژی یەکشەممە لە تەلەڤزیۆنەوە دەربکەوێت ...

خەڵکی لەبەرانبەر ئەوەدا شتێک وەردەگرن، شتێک کە لە بەرپەنجەرەکەیاندا داینێن. ئەگەر هەزارکرۆن بۆ پاراستنی گەوەزن بدەیت، ئەوا قردێلەیەکی ڕێزلێنانت پێ ببەخشرێت. دەتوانیت شانازیی پێوە بکەیت. یان خەڵکی دەتوانن لە ماڵەوە دابنیشن و بە ئینتەرنێت قسە لەگەڵ یەکدیدا بکەن: ئەرێ زانیوتە کە ئەو پشتوێنی ڕەشی لە پاراستنی گەوەزندا وەرگرتووە؟ ئەمەیش دەبێتە مایەی گفتوگۆیەکی خۆش.



Scanned by CamScanner

"من بڕوا ناکەم کە خۆت ئەم هەمووەت نووسیبێت. خۆ تۆ هەر چارەکێک دوا کەوتیت—نەک دە کاتکۆ. بەڵام باسی گۆڕانی ئاووهەوات نەکردووە."

"دەی تۆ بیخوێنەرەوە."

بەڵام گوێم لێتە کە دەڵێیت، ئەی لەبارەی گۆڕانی ئاووهەواوە چی بکەین؟ مەگەر تاکە هەڕەشەی گرنگ لەسەر ڕووەک و گیانلەبەران گەرمبوونی زەوی نییە؟ ڕاستە، جا هەر لەبەر ئەوەیە کە لە سەددا سی‌وپێنجی ئەو پارەیەی کۆ دەکرێتەوە بۆ وەبەرهێنانی کارەباوزە بە هەوا و خۆر، توێژینەوە لە وزەی یەدەک وەکوو جۆشدانی گەردیلەیی و کەمکردنەوەی ئەو گازانەی پلەی گەرما بەرز دەکەنەوە، خەرج دەکرێت. گاهەس هەر وا ئاسان بێت. ئێستا کەمکردنەوەی ئەو گازانەی پلەی گەرما بەرز دەکەنەوە ئیدی گرفت نین؛ بووەتە بەشێک لە وەرزشێکی تازەی نەتەوەیی.

ئامانجم ئەوەیە پیشانی بدەم کە هیچ هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی خەڵکی بەوە تاوانبار بکەین کە ویژدانێکی خراپەکاریان هەیە. ئەگەر یەک بەش لە ملیارێکی بەرپرسیارێتیی ئەم جیهانەت لە ئەستۆدا بێت، چیت پێ دەکرێت؟ خۆ ناتوانین خۆپیشاندان بکەین. باشترە جڵەوی ئارەزوومان بۆ ڕووەک و گیانلەبەران بکەین: ئەرخەوان و قالۆنچە، پەپوولە و **بەجی**[1]، چۆلەکە و تووتی، گوڵەکان، تووڕک گوڵەمێخەک، سەگ و پشیلە، مار و قۆڕی، مشک و جرج. ئینجا هەر کاتێک پارە بە دامەزراوەی گوڵ یان

[1] جۆرێک تووتیی ئوسترالیاییە کە لە تووتی ئاسایی بچووکترە. (و. ک.)

تووتی بدەیت، دەستت لە کەمکردنەوەی گەرمبوونی زەویدا دەبێت.

لە کۆتاییدا، پێم خۆشە سپاسی ***ئانا نیروود*** بکەم کە وای لێ کردم لەبەردەم کۆمپیوتەرەکەمدا دابنیشم و ئەم نووسینە ئامادە بکەم کە پێنجشەممەی پێشوو لە خوێندنگە پێشکەشم کرد. ناونیشانەکەی بریتی بوو لە: "چۆن بتوانین پابەندبوونێکی نەتەوەیی سەبارەت بە پاراستنی جۆرەکانی ڕووەک و گیانلەبەران دروست بکەین؟"

***جۆناس میلی***، شەممە، ١١/١٢/٢٠١٢

***ئانا*** سەری هەڵبڕی: "ئەی مامۆستاکەت چیی گوت؟"

"گوتی کە بابەتێکی جوانە و، زمانەکەی باشە و باشیش خوێندتەوە. زۆرباشەم وەرگرت. بەس لەبەر ئەوە نایابی نەدامێ کە ئەنجامگیرییەکەی ناڕوون بوو. گوتی کە بیرۆکەکە تازەیەو لەنێو خەڵکدا ڕەگی دانەکوتاوە."

"منیش هەر وای بۆ دەچووم."

ساتێک بە بێدەنگی دانیشتن.

***جۆناس*** گوتی: "بوەستە ... ڕێبەری و هەموو ئەو شتانەی سەبارەت بە گواستنەوەی پارە لەبیر بکە. لام وایە دەزانم کە چۆن سەر دەگرێت."

"مەبەستت چییە؟"

"یارییەکە."



Scanned by CamScanner

"ها؟"

"دەتوانم ئامێرە سەوزەکان ... لە سەرانسەری جیهاندا ... لە فڕۆکەخانەکاندا، لە سەرسووچی شەقامەکاندا، لە ویستگەی میترۆکاندا ببینم. هەر ئەوەت لەسەر کە کارتێکی تێ بخەیت. ژمارەی ئەو جۆرە—لە ١٠٠٠٠—ەوە تا ١٠٠١—دەنووسیت کە دەتەوێت پشتیوانیی لێ بکەیت، پاشان ڤیدیۆی ئەو جۆرە لەسەر شاشەکە دەردەکەوێت. شێوازی پارەدانەکەی پێی دەگوترێت: بەخشین بۆ بینین. ئەو جۆرە دەبینیت کە پشتیوانیی لێ دەکەیت و لە هەمان کاتیشدا دەتوانیت یاری بکەیت و پارە ببەیتەوە. نابێت زۆر قورس بێت، تا خۆشی لە یارییەکانی ژینگە ببینێت. دەتوانین پێی بڵێین: یاریی خەیاڵکرد ..."

***ئانا*** هەناسەیەکی هەڵکێشا. "پێشتر باسی ئەمەت کردووە."

"نەخێر، نەمکردووە. ئا باش بیر بکەرەوە."

دیسانەوە هەناسەی هەڵکێشا. "دەی دەبێت لە خەونمدا دیبێتم."

***ئانا*** ڕامابوو. ڕاست چاوی بڕیبووە ***جۆناس***.

"***ئانا*** ...؟ ***ئانا***"!

سەرنجی ئاسایی بووەوە. "ببوورە، ***جۆناس***. بیرم نایەتەوە."



Scanned by CamScanner

# خانووە جوانەکانی پشووی هەفتە



نینۆکەکانی ڕەنگی سوور کردوون و دەچێتە دەرەوە بۆنێو لێڕەواری سپییە بییەکان. بەلایەوە گەمژانە دیارە کە بەر لەوەی بچێتە نێو لێڕەوارەکەوە نینۆکەکانی ڕەنگ کردوون. ئاخر هەرگیزاوهەرگیز هیچ کەس لەوێ نابینێت و لەوانەیشە دەستی لەکار بهێنێت.

دەگاتە دەغڵودانەکە و لە کێڵگەی چیاکە نزیک دەبێتەوە. سەردەمانی زوو ئەم بانە کشتوکاڵی تێدا نەکرابوو و ڕووتەن بوو. لە ناوەڕاستی هاوین و جەژنی قەشە یۆحەنناوە تا ئەیلوول بزن و مانگاکان لە کێڵگەکاندا دەلەوەڕان. بەرازەکان لە تەویلەدا بوون و مریشکەکان لە حەوشەکاندا ڕاکەڕاکیان بوو. مەڕەکان دەیانتوانی بە درێژایی هاوین ئاگایان لە خۆیان بێت و سەربەستانە لە چیاکاندا بگەڕێن. ئێستاکە تا چاو هەتەر دەکات هەر لێڕەوارە.

کێڵگەکانی قەدپاڵی چیاکە نەک ئەوی باویان نەماوە، ئێستاکە شتی وا هەر ئەستەمە. وەلێ هەڵای یانەکڵەکان لەگوێن پەناگەی

بچووک لەپشت تاشە بەردە سەرسەوزەکانەوەن. هەندێکیان نۆژەن کراونەتەوە و مینا خانووی پشووەکانی کۆتایی هەفتە لەکار دەهێنرێن و، هەندێک لەماڵەکان حەوشە کۆنەکانیان لە گژوگیا و دارودرەخت خاوێن کردوونەتەوە.

لەنێو قەدە زیوینەکاندا دەسووڕێتەوە و بازێک بەسەر جۆگەلەکەدا دەدات کە چڵپەچڵپی دێت. هەم لێرەوارە گەلێک ڕازی هەیە و، ڕەنگە ئەم تاکە کەس بێت کە بیانزانێت. خشەخشێک لەنێو دار و دەوەنەکەوە دەبیستێت و ئاسکێک دەبینێت. گاهەس گوێرەکە بێت. ئاژەڵەکە بۆ ساتێک بە تەواوەتی دەوەستێت، تەماشای ئەم دەکات. ساتی دواتر دیار نامێنێت.

ئەو بەشەی کۆتایی ڕێگەکە بەرەو یانەکڵە دێرینەکە دەبڕێت. دایانبوو کە بچێتە ژوورەوە، لێ کاتێک نزیک دەبێتەوە، دەبینێت کەسێک لەوێیە. ئەوە خۆ ***نانا***یە. هیچ گومانی تێدا نییە کە ***نانا***یە بە کچی. گەلێک وێنە و ڤیدیۆی ***نانای*** بینیوە کاتێک لە تەمەنی ***نۆڤادا*** بووە. کوڕیکیش لە یانەکڵەکەدایە. ئەویش لە تەمەنی هەرزەکاریدایە.

گورج فیزماڵکی دەداتێ[1]. نایەوێت لێیانی تێک بدات.

[1] فیزمالک: بە خێرایی و بە دزییەوە ڕۆیشتن تا کەس هەستت پێ نەکات

# موستیلەکەی عەلادین



جۆناس بەسەر مێزەکەدا دەستی بۆ دەستی درێژ کرد و قامکی بە موستیلەکەدا دەهێنا. گوتی:

"باسی موستیلەکەم بۆ بکە."

"ئەو نێو خەونەکەم؟ یان ئەوەی چیرۆکەکەی عەلادین؟"

"نا، لە ڕاستیدا."

پێی گوت کە پتر لە سەد ساڵە ئەم موستیلەیە لە ماڵباتەکەیاندایە. داپیرە گەورەی ***ئانا*** ناوی ***سیگرید*** بووە و، ***سونیڤای*** خوشکی موستیلەکەی داوەتێ کە لەو گەورەتر بووە و کۆچی بۆ ئەمێریکا کردووە و مێردی بە فەرشفرۆشێکی فارس کردووە. چیرۆکەکەی دڵتەزێنە، زۆریش دڵتەزێن، چونکە چەند هەفتەیەک دوای ئەوەی زەماوەندیان کردبوو و ***سونیڤا*** موستیلەکەی بە دیاری پێ درابوو، ئیسماعیل ئیبراهیم ی مێردی لە گەمیەیەکی سەوڵییەوە

کەوتبـــووە نێـــو ڕووبـــاری مێسیســـــیپی یەوە و، ببڕای‌ببـــڕ نەبینرابووەوە. ڕەنگە نەکەوتبێت، ڕەنگە لەسـەر پشتی گەمیەکەوە پاڵیـان پێـوە نابێـت، چـونکە فەرشـی ئێرانـی، یـان چەنـد تـۆپە فەرشێکی جوانی وای پێ بوو کە نرخیان هەر زۆر گران بوو و، بەر لەوەی کەس فریـا بکەوێـت هەواڵـی دیارنەمـانی بازرگـانەکە ڕابگەیەنێت، هەر هەموو فەرشەکان نەمان. پوورە **سونیڤا** بەشی پێویست پارەی هەبووبوو و سـاڵێک دواتـر بۆ "وڵاتە کۆنەکەی" گەڕابـووەوە. بەس ئەم موسـتیلە سەرنجڕاکێشـەی لەگەڵ خۆیـدا هێنـابووەوە. خەمیشـی لەگەڵ خۆیـدا هێنـابوو، خەمێکـی زۆرزۆر، چونکە پـوورە **سـونیڤا** دێوانەئاسـا کەوتبـووە داوی ئەوینـی ئەو کـابرا فارسـە قۆزەوە، هێنـدە شـێتانە بووبـوو کە هەنـدێک کەس گومانیـان لە پەیوەندییەکەیان هەبوو و، بە چرپەوە دەیانگوت کە پەیوەندییەکی "ناشایسـتە" بـووە. وەلێ موسـتیلەکە تەواو ڕەسـەن بوو. هەندە نهێنیئامێز و دانسقە بوو، کە بەپێی واتەواتەکان، کاتی خۆی هیی **عەلادین**ی نێو چیرۆکی هەزارویەک شـەوە بـووە. ئەمە هەر قسـەی پـوورە **سـونیڤا** بـووە. تـا ئەو ڕۆژەی بە نەخۆشـی سـیل مردبـوو، هەر لەسـەر ئەم قسـەیەی سـوور بووبـوو. کە لە ئەمێریکا گەڕابووەوە، ئیدی شووی نەکردبووەوە و هیچ منداڵێکی نەبووبوو. تـا مـردن مەراقـی ئەوەی بـووە کە نەیتوانیوە منداڵێک بهێنێتە ئەم دونیـایەوە، جـا بەم بـۆنەیەوە زیـاد لە هەر کەسـێکی دیکەی نێوی، شـەیدای بنەمـاڵەکە بووبـوو. بەس ویسـتبووی بۆ نەوەکانی دوای خۆی مانا بە شتێک ببەخشێت. بۆیە ڕۆژەکانی بە نەخـش و چنیـنەوە بەسـەر بردبـوو—ـئەو پشـتییانەی دیمەنـی چیرۆکە ئەفسانەییەکانیان لەسـەر نەخشێنرابوو، کاری ئەو بوو و، دایکی **ئانـا** بـۆی مـابووەوە. هەروەتـر ئەو موستیلەیەشی بۆ

مابووەوە. موستیلەیەکی لەناونەچوو بوو و لە چەندین نەوەوە مابووەوە.

**جۆناس** دەستی **ئانای** بەرز کردەوە و بە وردی سەرنجی یاقووتەکەی دا. "بە ڕاستی هەر زۆر جوانە ... وا هەست دەکەم کە زۆر کۆن بێت، هیی سەردەمێکی دیکە." سەیری کچەی گورینی کرد. "بەڵام هەر بە ڕاست پێت وایە کە هیی نێو چیرۆکە ئەفسانەییەکە بێت؟ مەگەر **عەلادین** ئەو کەسە نەبوو کە چرایەکی جادوویینی هەبوو؟"

**ئانا** سەری لەقاند. "**سونیڤا** کاتێک مردووە، تەنیا سیوهەشت ساڵی تەمەن بووە و، ئەم موستیلەیەیش تاکە یادگارییەکەی ئەوینە مەزنەکەیەتی. کەس موستیلەیەکی وا بە ژنێکی ڕاگوزەر نادات. ئەگەرچی بڕوا ناکەم کەس شتێی وا بکات. ئیسماعیل دڵنیای کردبووەوە کە ئەم موستیلەیە بۆ پتر لە هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە."

"ڕەنگە کابرا تۆزێک زیادەڕۆیی لەمەدا کردبێت. ئەمیش، ئەم پوورەت، تۆزێک ساویلکە بووە، وا نییە؟"

**ئانا** بە توندی سەری ڕاوەشاند. "پەنجا ساڵ پێش ئێستا لەلایەن گەوهەرناسێکی نەرویجییەوە، کە شارەزای خشڵە ڕۆژهەڵاتییەکان بووە، لێی کۆڵراوەتەوە. پشتڕاستی کردووەتەوە کە بە لایەنی کەمەوە بۆ چەندسەد ساڵ لەوە پێش دەگەڕێتەوە. گوتوویەتی کە کەلەپوورێکە و ڕەنگە پێویست بێت لە مۆزەخانەی نەتەوەیی ئێراندا دابنرێت. جەختی لەوە کردبووەوە کە یاقووتەکە هیی **بۆرما**یە، چونکە لە ڕەنگی خوێنی کۆترە."



Scanned by CamScanner

"هیی **بۆرما**؟ کەواتە ئەستەمە هیی نێو چیرۆکێکی ئەفسانەیی بێت."

"**ئیسماعیل** لە بنەماڵەیەکی دەسەڵاتداری ئێرانی بووە و، چیرۆکی بنەماڵەکەیان بۆ سەدان ساڵ دەگەڕێتەوە. هەشتسەد ساڵ پێش ئێستا هەر بە ڕاستی **عەلادین** لە ئێراندا ژیاوە. ناوەکەی بە مانای 'شکۆی ئایین' دێت و، وەک چیرۆکەکە دەیگێڕێتەوە، ئەم ناوەی کاتێک وەرگرت کە بە کردنی نوێژەکانی ڕۆژانەی و ڕاستگۆبوون لە باوەرەکەیدا بەرەنگاری جادووگەرێکی شەڕانی بووەوە. جادووگەرەکە دەیویست **عەلادین** بکوژێت، چونکە **عەلادین** دەیویست کچێکی جوان بخوازێت. موستیلەیەکی جادوویینی بە جادووگەرەکە دا و لەم ڕێیەوە توانیی بیخەڵەتێنێت، جا موستیلەکە هەموو ئەو جادووە ڕەشانەی بەتاڵ دەکردنەوە کە جادووگەرەکە دەیویست لە **عەلادین**یان بکات."

**جۆناس** کۆکی. "مەگەر ئەمەیش وەکوو ئەوەی **عەلادین** وایە؟"

**ئانا** سەری ڕاوەشاند.

"دەی دیارە نەخێر. کاتی خۆی کەسێک بە ناوی **پییەر گینت** لە **گودبراندسداڵن** دەژیا، بەڵام ئایا ئەو **پییەر گینت**ـەی شانۆیەکەی **ئیبسن**ـە؟ بە گومانم کە ئەو بێت! دەی ئەگەر من لێرانەدا دابنیشم و ئەو موستیلەیەم لە قامکدا بێت کە هیی ئەو عەلادینە بێت سیانزە سەدە پێش ئێستا لە ئێران ژیاوە، ئیتر نانم کەوتووەتە ڕۆنەوە. تۆ لەوە بگەڕێ، دایکم زۆر ژیرە، ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە هەمیشە دەیلێت، ڕەنگە لێکدانەوەیەکی دیکە هەبێت."

**جۆناس** گوتی: "ئادەی بڵێ بزانم. دەتوانم ژیر بم."



Scanned by CamScanner

ئانا سەیری چاوەکانیی کرد. "شتێکی نامـاقووڵ نییە کە مۆستیلەکە هیی کەسێک بووبێت بەناوی **عەلادین** ـەوە. بەڵام ڕەنگە ئەو کەسەیش لە خۆشەویستیی **عەلادین** ی نێو چیرۆکەکەوە بەو ناوەوە ناو نرابێت. خۆ هیچ کەس نازانێت تەمەنی چیرۆکەکە چەندە."

"وا هەست دەکەم لەمەیاندا لەگەڵ دایکتدا هاوڕام."

"بەڵام شتێکی دی هەبووە کە پوورە **سونیڤا** کاتێک لە ئەمێریکا گەڕاوەتەوە بە بنەماڵەکەیی گوتووە، دەزانیت، شتێک کە تا ئەو ساتەی مردبوو باوەڕیی پێ هەبووبوو. ئەویش بۆ هەزارویەک شەوەوە دەگەڕێتەوە."

**جۆناس** سەیری کاتژمێرەکەیی کرد و، **ئانا**یش زانیی بۆچی. یەک-دوو کاتکۆی دیکە دونیا تاریک دەبێت. لێ درێژەی دایێ: "ئەم مۆستیلە دوو جار **عەلادین**ی پاراست. یەکەم جار ئەو کاتە بوو کە لە ئەشکەوتەکەدا بەند کرابوو و لە کاتی نزاکردندا دەستی بە مۆستیلەکەدا هێنا. خێوێک دەرکەوت و ڕزگاری کرد. دووەم جار ئەو کاتە بوو کە تەواوی کۆشکەکەی بە خۆی و ژنەکەی و خزمەتکارەکانیەوە لە چینەوە بۆ ئەفریکا گوازرایەوە. **عەلادین** لە کوێی ڕووبارێکدا ڕاوەستا، لە داخاندا چاوی پەڕیبووە تەوقی سەری و، بەر لەوەی بە تەواوەتی لە خەم و خەفەتدا نوقم ببێت، نوێژی دابەست. هەر کە ویستی دەستی بگرێت، دەستی بەر مۆستیلەکە کەوت و دێوەکە بۆ دووەم جار دەرکەوتەوە، ئامادە بوو کە عەلادین و شازادە خۆشەویستەکەی پێک بگەیەنێتەوە. دێوی مۆستیلەکە ئەو توانایییەی نەبوو کە هەموو شتێک بۆ باری پێشوو بگەڕێنێتەوە و ئەوەی قەومابوو هەڵیبوەشێنێتەوە و کۆشکەکە بۆ چین بەگێڕێتەوە-تەنیا دێوی چراکە دەیتوانی ئەمە



Scanned by CamScanner

بکات و، چراکەیش لە ئەفریکا بوو -بەلام دێوی موستیلەکە تەنیا دەیتوانی ئەو ئاواتەی **عەلادین** بەدی بهێنێت کە بۆ کۆشکەکەی بگەڕێنێتەوە."

**جۆناس** گوتی: "ئەری، ئەوەم بیرە."

"پوورە **سونیڤا** هەمیشە گوتبووی کە ئەم موستیلەیە تەنیا دەتوانێت سێ ئاوات بەدی بهێنێت و، بەس بۆ دووانیشیان بەکار هێنراوە. لە گیانکەنشتدا داکۆکی لەوە کردبوو کە هەرکەس ئەم موستیلەیە لە قامکی بکات، بەس ئاواتێکی بۆ بەدی دەهێنێت. هەرگیز حەزێکی وای نەبووبوو کە دوایین ئاوات لە موستیەکە بخوازێت، تەنانەت ئەو کاتەیشی کە مەرگی بە چاوی خۆی بینیبوو. لەو دەمەدا وای بە باشتر زانیبوو کە ئەم هەلە دوا بخرێت تا ئەو کاتەی پێویستییەکی گرنگ و سەرەکی ببێت و ئەم موستیلەیە بتوانێت جیهان بپارێزێت."

**جۆناس** مێزەکەی جێ هێشت و دەستی بە هاتوچۆ کرد. لە کۆتاییدا دەستی بۆ **ئانا** درێژ کرد و گوتی: "جا ئەم هەلەیش بۆ تۆ ماوەتەوە؟"

سەیری کرد و سەری لەقاند. بە دەنگێکی پارێزکارانە و هەلگری هەستی سەرکەوتنەوە گوتی: "بەلام بەکارم هێنا. نەما. دوایین هەلم بەکار هێنا. بەس بۆ ئێستا نا، بەلکو ئاواتەکەم ئەوەیە کە حەفتا سالی داهاتوو هەلێکی دیکە بە جیهان بدرێتەوە. بەلام ئەو ئاواتە لەوە بەدەر بوو کە موستیلەکە بتوانێت بەدیی بهێنێت. بۆیە لەجیاتیدا داوام کرد کە ئەگەر بکرێت بگەڕێمەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە جیهان هێشتا هەلی هەبووە. ئینجا هێندەی بلێیت یەک و دوو، هاتمە ئێرە. پاشان بە تۆ گەیشتم. ئەوەتا ئێستا



Scanned by CamScanner

پێکەوەین. جۆناس هەڵێکی دیکەمان نادرێتێ. موستیلەکەی عەلائەدین هیچ جادووی تێدا نەماوە. تەواو لەوە دڵنیام."

جۆناس سەری ڕاوەشاند. "نازانم باوەڕ بە چی بکەم." نائومێدی لە دەنگیدا بوو.

"بەڵام رەنگە ئەوە شەتە سەرەکییەکە نەبێت."

"مەبەستت چییە؟"

"شتە سەرەکییەکە ئەوەیە کە دەبێت باوەڕ بکەیت."

*ئانا* تەماشای دەوروبەری کرد. کچێکی بەژای خۆی دیت کە بەنێو حەسارەکەدا دەچوو. بە تەواوی ڕوخساری کچەکەی نەدی، بەڵام شتێکی ئاشنا لە ڕەوتیدا بوو.

بە سەرسامییەوە هەڵبەزییەوە و، بەرەو دەرگاکە هەڕای کرد، خستییە سەر گازی پشت و قیراندی:

"هێی؟"

*جۆناس* بەرەو لای دەرگاکە چوو تابزانێت هاوار لە کێ دەکات.

دەرگاکەی بەدوای خۆیدا پێوە دا و، گوتی: "ئەوە *نوڤا* بوو. مەگەر نەتبینی؟"

"نە. هیچم نەبینی."

"ئەوەیە کە خەونی پێوە دەبینم. کە خەون دەبینم من ئەوم."

*جۆناس* توند شانی *ئانای* گرت: "خۆ ناتەوێت بڵێیت کە منداڵی نەوەکەتت بینیوە کە بە بەرچاوتدا تێپەڕیوە، وایە؟"

"با، بینیم!"

"ئاخر *ئانا* ..."

"ئا؟"

"ئەی باشە بۆچی بە مۆبایلەکەت وێنەت نەگرت؟"

تۆزێک بیری لە پرسیارەکە کردەوە. پاشان گوتی: "ڕەنگە گرنگ نەبێت."

"گرنگ نەبێت؟"

"گرنگ ئەوەیە کە ئەوم بینی."



Scanned by CamScanner

# دادگای نێونەتەوەییی ئاووهەوا



هاوینە و، ئەویش جلێکی سووری پۆشیوە. لەگوێن شایەتێک بۆ دادگای نێونەتەوەییی ئاووهەوا لە ***لامای*** بانگهێشت کراوە. ئەوە یەکەم چەلی بوو کە بچێتە دەرەوەی وڵات.

ئەو دەمەی بەنێو شاردا پیاسەیان دەکرد، دەستی کوڕەکەی گرتبوو—بووبوونە یاری یەکدی، یان ڕەنگ بێت وا خۆیان دەربخەن. کوڕەکەیش قاتێکی ڕەش و کراسێکی سپیی لە بەردایە؛ تۆزێک وەک کابرایەکی ڕامیار دەچێت. ئەویش وەک شایەت بانگهێشت کراوە و گاهەس هەر لەبەر ئەوەیش بێت کە باشترینی جلەکانیی پۆشیوە. هەر وات دەزانی تازە بووک و زاوان، لێ ئەگەری هەیە تەنیا یارییەک بێت و خۆیانی تیا نمایش بکەن.

دەنێوان تەلارەکاندا بە گۆڕەپانێکی هەراودا ڕادەبرن کە دە وشتر پتر تێیدا مۆڵیان دابوو. ڕەنگە کاتی خۆی گۆڕەپانی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێلان بووبێت. هێمان هەر هەندێک ئۆتۆمبێل هەن کە دێن و دەچن، بەڵام ئەوەندەیش زۆر نین. وشترەکان بە درەختەکانەوە بەستراونەتەوە و، ئۆتۆمبێلەکانیش لە بەنزینخانەکاندان.



Scanned by CamScanner

ســالانێک لەمەو بەر دادگــای نێــونەتەوەییی ئــاووهەوا بڕیــاری بەســەر نەرویجدا ســەپاندبوو کە لە ســەدا نەوەدوحەوتی داهاتی نەوتەکەی لە هەڵبەستنی بەنداو و دیواری ڕاگری کەناری دەریادا خەرج بکات و، بەرنگاری هەژاری ببێتەوە. ئەو هەرێمەی کورە عەرەبەکە خەڵکــی ئەوێــیە، هەمــان ئاگــاداریی پــێ گەیشــتبوو. ئەمێستاکە ئەوانەی تاوانبارن، سزا دەدرێن. دەرهێنانی نەوت بەو خێرایییە لە سەر ئاستی جیهانی بە دزی دانرابوو و، نەرویجیش بە تــایبەتی ئاگــادارکردنەوەیەکی تونــدی پــێ گەیشــتبوو، چــونکە کۆمپانیای ***شتاتئۆیل*** نەوتی لە لمی قەترانییەوە دەرکێشابوو و بە شێوەیەکی هەراو ژینگەی پیس کردبوو. لە دادگــادا کومپانیاکە پاساویان بەوە هێنابووەوە کە گوتبوویان ئەگەر ئێمەیش ئەوەمان نەکردبایە، خۆ هەر کەسێکی دی دەیکرد و ئەگەری هەیە زۆرتر ژینگەی پیس کردبایە. ئێستا هەموو وڵاتان بەم پاساوە بەرگری لە خۆیان دەکەن.

بە پلیکانەکانــدا بەرەو خــانەی داد ســەر دەکەون و دەچــن لە دادگــای نێونەتەوەییی ئــاووهەوا شــایەتی دەدەن. چــاوی هەمــوو کەســێک لەســەر ئەوانە. زارۆکــان پەڕەی گوڵیــان بەســەردا هەڵدەدەن؛ بە هەڵە وا دەزانن کە تازە بووک و زاوان.

لە دالانەکەددا لەلایەن کۆمپانیــــایەکی تەلەڤزیــــۆنییەوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ساز دەدرێت. لێیان دەپرسرێت کە بۆچی بــۆ شــایەتیدان بانــگ کــراون. کــچەی گــۆڕین ســەیری کــامێراکە دەکات و دەڵێت:

"ئــێمە گەنجــین. دەبێــت شــایەتی بــدەین کە قەیرانــی ئــاووهەوا ململانێیەکــی نێــوان گەلان نیــیە. تەنیــا هاماجێــک هەیە و لەو



Scanned by CamScanner

ئاسمانەدا هیچ سنووریکی نێودەوڵەتی نییە. ئەمە ململانێی نێوان ئەوەکانە و، ئەمڕۆکەیش قوربانییەکان خەڵکە گەنجەکەن."

هەست دەکات کە کوڕەکە دەستی دەگوشێت. دوودڵە لەوەی کە ئاخۆ بۆیە وا دەکات چونکە قسەکانیی بەدڵە یان چونکە وا بیر دەکاتەوە کە وشەی جوانی بە دەمدا هاتووە—یان هەر لەبەر ئەوەی کە هەرتکیان پێکەوە لە کارێکی فرە گرنگدان.

کوڕەکەیش سەیری کامێراکە دەکات و دەڵێت:

"ئێمە هەردووکمان لە وڵاتی نەوتییەوە هاتووین و، وڵاتەکانمان لەناکاو دەوڵەمەند بوون. بەڵام لەو هەرێمەی من لێوەی هاتووم دەبوو لە تاو وشکەساڵیی تۆقێنەر و گەرمای پڕووکێنەر هەڵبێین. ئێمە ئێستاکە وڵاتمان نییە—هەموو شتێک بووە بە بیرۆوونێکی کاکیبەکاکی."

نۆڤا سەیری کوڕەکە دەکات و بزە دەیگرێت. پاشان سەیری کامێراکە دەکاتەوە و دەڵێت: "ئەم کوڕە گەنجە یەکێکە لەو ملیۆنان پەنابەرەی جیهان کە ئەورۆکە بە هۆی ئاووهەواوە تاراون."



Scanned by CamScanner

# دەستکێشەکان



دەستیان بە گلێرکردنەوەی نێو یانەکڵەکە کرد. کچەکە دەمی ئاگردانەکەی گرت و کوڕەکەیش سەرمێزەکەی سڕی. لە کچەی پرسی کە ئاخۆ دەتوانێت لەگەڵیدا بچێتەوە بۆماڵیان و شەو لەوێ بمێنێتەوە، یان ئەوەی کە هەڵای ئەو کوڕە عارەبە لە ژووری پشتییەکاندایە؟

کچەی تاین قللەیەکی لێدا. هەنگینێ بە هەتەرەوە[1] هەردووک دەستی کوڕەی گرت و تەماشای چاوەکانی کرد: "*جۆناس*، ئەمڕۆ گونجاو نییە. ئاخر شتێک هەیە کە دەبێت بەر لەوەی بخەوم، بیکەم ... شتێکە کە دەبێت بینووسم. ئەم شەو دوامۆڵەتمە— دەبێت بەر لەوەی ببمە شانزە ساڵ، ئەم شتە بنێرم."

[1] هەتەر: جددی



Scanned by CamScanner

هەموو کاغەز و پارچە هەڵهێنراوەکانی خستەوە نێو کاغەزدانەکانیان و بە پەلە گیرفانی ئاخنین و، جۆناس درێژەی بە قسەکەی دا:

"ویستم وەڵامێکی باشی ئەو پرسیارە بدەمەوە کە پرسیت: چۆن دەتوانیت هەزارویەک رووەک و گیانلەبەر بپارێزیت. نەدەبوو قسەکانم لە خوێندنگە کردبان."

"*جۆناس*، وام هەست کرد کە بەلاتەوە ئاساییە."

دەستی لەسەر شانی دانا و چاوی بڕییە چاوەکانی و گوتی:

"خۆشحاڵم کە لێم بێزار نییت."

"نای *جۆناس*؟ ئەوە چییە؟ نابێت وا بکەیت. من دەمەوێت بۆ هەتاهەتایە لەگەڵ تۆدا بم."

لەسەر گردەکەوە بە خلیسکێنە هاتنە خوارەوە و، کاتێک بە بنارەکە گەیشتن، لەلای رووباری *بریا*دا، خواحافیزییان لێکدی کرد و خۆیان ئامادە کرد کە هەریەکەیان بە رێی خۆیاندا بچن، *جۆناس* بەرەو باشووری رۆژئاوا و *ئانا* بەرەو باشووری رۆژهەلات. *جۆناس* پرسی کە بۆ کێ دەنووسێت. بڵێیت کەسێک بێت ئەم بیناسێت؟

وەلی کچەی تاین قایمکار بوو و گوتبووی کە بۆ کەسێکی دەنووسێت رەنگە رۆژێک لە رۆژان بیناسیت.

لووت‌وبزووت[1] شتێک سەرنجی ڕاگرت. ئاماژەی بۆ دەستکێشە سوورەکانی ***ئانا*** کرد و گوتی: "خۆ کاتێک گەیشتین، سوور بوون."

ئەویش مەکربازانە سەری لەقاند.

"ئەی ئێستا کوان؟"

دەستکێشەکانی بەرز کردنەوە.

"ئەمەتان ..."

***جۆناس*** سەری ڕاوەشاند، لێ ***ئانا*** دەستکێشەکانی داکەندن و پیشانی دا کە چۆن هەڵیاندەگێڕێتەوە و بە هەردوو دیودا لەدەستیان دەکات. دیوێکیان شینە و، دیوەکەی دیکەیان سوور.

باوەشی بە ***ئانا***دا کرد و، گوتی:

"لە لێژاییەکاندا وریای خۆت بە! نەچی بەدوای ئەو ... ئەو کچەدا بگەڕێیت، ها. بەرگەی لەدەستدانت ناگرم، ***ئانا***. بەڵێنم بدەرێ. مەچۆ ... لێم ... دوور مەکەوەرەوە."

[1] لووت‌وبزووت: لەپڕ، لەناکاو، لە هیکەوە



Scanned by CamScanner

# باخچەی ئاژەڵان



ەنێو ترامێکی جەنجاڵدا ڕاوەستاون کە شار جێ دەهێڵێت. هەوا
گەرمە. هەردووکیان کابۆ و کراسی قۆلکورتی کاڵیان لە بەردایە.
ێدی سەروسیمای کوڕەکە لە خەڵکی هەرێمێکی عارەبی ئاچێت.

لەبەر دەروازەی باخچەی ئاژەڵانەکەدا لە ترامەکە دابەستن.
ئاونیشانێکی سوور بەسەر دەروازەکەوە هەڵواسرابوو: باخچەی
ئاژەڵناسیی نێونەتەوەیی. چوونەژوورەوە بە خۆڕاییە. باخچەی
ئاژەڵانی نێونەتەوەییی **لامای** هیی هەموو خەڵکی جیهانە و دەنێو
سیاهەی شوێنە کەلەپوورییەکانی **یونسکۆ**دایە.

ەرکە وەژوور دەکەون، پێدەشتێکی هەراو دەبینن. شێر و پڵنگ
ە سەربەستی لەپاڵ مەیموون و ئاسکەکان، مێرووخۆر و
گیانلەبەرە قرتێنەرەکان، کەنگەر و مەیموونە مرۆڤشێوەکاندا
ەسوورێنەوە. لە یەکەم بینیندا وا هەست دەکەیت کە کەوی
کراون، بەڵام **نۆڤا** دەزانێت کە ئەمانە گیانلەبەری ڕاستەقینە نین،

**هۆلۆگرامن**[1] و، لە گورزە تیشکی لەیزەری دروست کراون، نەک گۆشت و خوێن.

ڕەنگ، جووڵە و شێوەیان تەواو لە ڕاستی دەچێت. لەناکاو کەنگەرێک خۆی هەڵدەداتە بەردەمیانەوە، ڕەشە پڵنگێک بەنێو گیاکەدا هەڕا دەکات و کۆترەکان بە تەنیشت باڵندە گۆشتخۆرەکانەوە بە ئاسماندا دەفڕن. وەلێ زیندوو نین و، خەیاڵین. نە بۆ خۆیان و نە بۆ مرۆڤیش نابنە مایەی مەترسی. هەر لەم سۆنگەیەوە هیچ پشێوییەک نانێنەوە. پێویستیان بەوە نییە خۆراکیان بدرێتێ یان ئەسپێیان بۆ ببژنرێت و، دەنێو بێشەڵانەکاندا پیسایی ناکەن.

کوڕەی گۆرین دەستی دە ملی **نۆڤا** دەکات. پیاسەکردن بەنێو باخچەی ئاژەڵانەکەدا لەگوێن پیاسە کردنە بەنێو ڕابردوودا؛ وەک ئەوە دەچێت گەڕابێتەوە نێو باخی عەدەن.

بە هەڵکەوت نییە کە حوکوومەتەکانی جیهان شاری **لامای** یان بە شوێنی باخچەی نێونەتەوەیی ئاژەڵان هەڵبژاردووە. ئەمیش وەک دادگای نێونەتەوەیی ئاووهەوا لە هەمان شاردا بوو کە بەڵگەیەک بوو بۆ ئەو ژینگە و زێدە گیانلەبەرییانەی تیا چووبوون. ئەو باشقانەی[2] گیانلەبەران کە دەنێو باخچەکەدا بوون بە زێد و دووزەنە ژینگەییەکەیانەوە لەسەر ڕووی زەویدا نەماون. سەوزەڵانی نێو باخچەکەیش خەیاڵییە. زۆرێک لەو بێشەڵان، درەخت و دەوەنانە لەنێو چوونە. تەنیا ئەو گژوگیایە ڕاستەقینەیە کە بەسەریدا دەڕۆن و، کاتێک **نۆڤا** دادەنەوێتەوە کە قەیتانی

---

[1] Hologram: وێنەی سێ ڕەهەندی

[2] باشقە: مۆدێل، ئەوەی دەبێتە بنەما و نموونەی جۆری دیکە



Scanned by CamScanner

پێڵاوەکەی توند بکاتەوە، چاوی بە مێروویەکی بچووکی ڕووەک دەکەوێت و، لەوانەیە زوونـدوو بێت، هەرچەنـدە سـەختە وایـش بڵێت.

چەقەڵێک لە سـەرەڕێیاندا دەوەسـتێت و، کـوڕە تـازییەکە هەوڵ دەدات بە ئەژنۆی لە سەر ڕێگەکەیانی وەلا بخات، وەلێ ئەمەیش خەیاڵییە.

کوڕەی گۆرین دەوەسـتێت تـا چەقەڵەکە دەڕوات. دەست بە قژی نۆڵـادا دەهێنێـت و پەنـجەی بەنێـو زوڵـفە قـاوەییە ئامـاڵ سوورەکەیدا دەکات. لێی دەپرسێت: "باشە ئەم باخچەی ئاژەڵانە بـۆ ئەوە دروسـت کـراوە کە دڵخۆشـمان بکـات یـان بەس بیرخەرەوەیەکی جەرگبڕە؟"

کچەیـش دەسـتی دەخـاتە ژێـر کراسـی کـوڕەکەوە، بە سـنگیدا دەکێشـێت و سـەیری دەکـات. "ناخۆشـە، بەڵام بیرخەرەوەیەکی پێویستە—پێویستە نەهێڵین هەرگیز لەبیرمان بچێتەوە."



Scanned by CamScanner

# ناسنامە



بەرەبەرە تاریکایی دادەکەوت. ***ئانا*** بەنێو درەختی سپییە بییەکاندا بە خلیسکێنە چوو و لە گۆڕەپانی ئۆتۆمبێلەکانی هەڵبوارد. لەوێوە بە ڕێی چیاکەدا کە خوێی پێدا نەوەشێنرابوو، بەردەوام بوو.

هەنگینی تارمایی ئەو کچەی بەرچاو کەوت کە لە کێڵگەکەدا دیبووی. کچە لە ڕێگەکە دوور کەوتەوە و خۆی بەنێو لێڕەوارەکەدا کرد. ئامێرێکی لە بنهەنگڵدا بوو و، بە ڕەنگێکی شین دەدرەوشایەوە. ئەم چەلەیان ***ئانا*** توانیی ڕوخساری ببینێت. تۆزێک لە ***ئانا*** دەچوو—هەر وەک ***ئانا*** ...

ئەو دەمەی خەونی بینیبوو کە ئەم کچەیە، ڕوخساری خۆیی نەدیبوو. ئاخر هەرگیز تەماشای ئاوێنەی نەکردبوو. چە بەختێکی خراپە!

ئەمیش بەرەو ئەولاوە بای دایەوە و بە خاوی بەو لایەدا چوو کە کچەکە لە ڕێگەکە تێپەڕی. بەنێو ناوچە بێدرەختەکەدا بەردەوام

بوو و جێپێی قووڵی لە بەفرەکەدا بینی. بەڵام کچەکە بووبوو بە دڵۆپێک ئاو و بە ناخی زەویدا چووبوو.

ئاسمان تاریک بوو، بەڵام نەک بە تەواوەتی. هیچ نیشانەیەک لە مانگ بە ئاسمانەوە دیار نەبوو، وەلێ ئەستێرەی پتر و پتر دەردەکەوتن.

لە شوێنێکدا خوێندبوویەوە کە نزیکترین ئەستێرە لە خۆرەوە دووریەکەی ٤.٣ ساڵی ڕووناکییە. پێی دەگوترێت: ***ئەلفای سێنتوریۆس***. ئەگەر بتەوێت بچیتە ئەوێ و بە خێراییی فڕۆکەی ***جامبۆ*** بچیت، ئەوا پێنج‌ملیۆن ساڵت پێ دەچێت.

هەسارەکەی خۆی زۆر نزیکتر و بێهێزتر دەردەکەوت.

نووسینێکی نێو یەکێک لە پاکەتە سوورەکانی وەبیر هاتەوە. باسی ئەوەی دەکرد کە یەکەم هەنگاو بنێین و زاتی ئەوە بکەین لە خۆمان تێبپەڕێنین. ئێستا ئەوندە تاریک بوو کە هیچ نەدەخوێنرایەوە و، چرایشی پێ نەبوو. بیری لە کچی نەوەکەی دەکردەوە کە بە تێرمیناڵەکەوە لێرەدا بوو و، لەم ساتەدا ***ئانا*** دەستکێشەکانی داکەندن و مۆبایلەکەی دەرهێنا. ڕستەیەکی وەبیر هاتەوە و، لە ئینتەرنێتدا لێیدا تا نووسینەکە بدۆزێتەوە. "مەودای ئاسۆی ڕەوشتیمان چەندە؟" کەمتر لە چرکەیەکی خایان تا نووسینەکە دەربکەوێت.

مەودای ئاسۆی ڕەوشتیمان چەندە؟ لە ڕاستیدا ئەم پرسیارێکە لەمەڕ پێناسەوە. مرۆڤ چییە؟ ئەی من کێم؟ ئەگەر تەنیا خۆم دەبووم-ئەم جەستەیەی دانیشتووە و دەنووسێت-بوونەوەرێک دەبووم کە هیوام نەبێت. لە مەودایەکی دووردا وایە. بەڵام من



Scanned by CamScanner

پێناسێکی قووڵتر لە جەستەی خۆم و مانەوەی کاتیم لەم سەر زەوییەدا هەیە. من بەشێکم—و دەبمە بەشێک– لە شتێکی مەزنتر و بەهێزتر لە خۆم.

ئەگەر سەرپشک بووبام لەنێوان مردن لەم ساتەدا، بەڵام بەو مەرجەی مرۆڤایەتی هەزاران ساڵ پاش من بمێنێت، یان ژیان بە ساغلەمییەوە تا تەمەنی سەد ساڵی، لەگەڵ ئەوەیشدا تەواوی مرۆڤایەتی لەو ساتەدا بمرن، دڕدۆنگ نەدەبووم. ئەوا مەرگم لێرانەدا و لەم ساتەدا هەڵدەبژارد—جا نەک وەک خۆ بەختکردن، بەڵکو بەشێک لەو شتەی پێم وایە "من"ـە، نوێنەرایەتیی هەموو مرۆڤایەتی دەکات. ئینجا من لەوە دەترسم کە ئەم بەشەی خۆم لەدەست بدەم. بەس بیرکردنەوە لەوەی کە دەکرێت ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەمە ڕوو بدات، دەمتۆقێنێت. من پتر لەوە دەترسم کە مرۆڤایەتی لە سەد یان هەزار ساڵی دیکەدا نەمێنێت، نەک ئەوەی لە هەر چرکەیەکدا بمرم—هەرچۆنێک بێت ڕۆژێک هەر ڕوو دەدات.

جاروبار لەبری ئەم هەسارەیەیش، کە تیایدا دەژیم، بیر دەکەمەوە. دەی هەرچۆنێک بێت بەشێکە لە من. خەمی چارەنووسی ئەم هەسارەیەمە، چونکە زۆر لەوە دەترسم بنچوبناوانی ناسنامەکەم لەدەست بدەم.

ناوی نووسەرەکەی نەنووسرابوو و، *ئانا* ڕاوەستابوو و بیری لەوە دەکردەوە کە ئاخۆ کێ بێت. بلێیت ژن بێت یان پیاو؟ هەنگینی پێکەنی. ئاخر تەواوی نووسینەکە لەمەڕ شتێکەوە بوو کە مەزنتر و بەهێزتر لە کەسێک بوو.

گاهەس لەبەر ئەوە بووبێت کە ناوی نووسەرەکەی نەنووسرابوو!



Scanned by CamScanner

# هەسارەکە



لەگەڵ کوڕە تازییەکەدا دەنێو کەشتییە ئاسمانییەکەدا دانیشتووە. لەبەر ئەو کۆششەیان بۆ ئەم هەسارەیەیان کردووە، خەڵاتێکی جیهانییان وەک ڕێز و پێزانین بردووەتەوە. خەڵاتەکەیش بریتییە لە دووانزە گەڕ بە گێجی زەویدا.

بەس ئەو دووانەیان دەنێو ژوورێکی بچووکدان. لە بارەی هیچ شتێکی هونەرییەوە خەمیان نییە؛ هەموو شتێک لە ڕێی کۆمپیوتەرەوە چاودێری و بەرزەفت[1] دەکرێت. تەنیا لەسەریانە پاڵ بدەنەوە و چێژ لە گەشتەکەیان وەربگرن.

لەو بەرزەوە سەیری زەوی دەکەن. هەردووکیان وێنەگەلێکی وایان بینیوە کە سەد ساڵ لەوەو پێش لەلایەن کەشتیی ئاسمانیی ئاپۆلۆوە گیرابوون. ئەمێستاکە هەسارەی زەوی نەدەناسرایەوە. پتر بە هەور و دووکەڵ داپۆشرابوو. ئەمەیش لەگەڵ ئەوەدا چونیەک بوو کە لەسەر زەویدا ئەزموو بوویان. ئەو

[1] بەرزەفت: کۆنترۆڵ، controll

هەسارەیەی مەڕمەڕێکی سەوزی ئاماڵ شین دەچوو ئێستاکە زۆر شتی هاوبەشی لەگەڵ تۆپەڵێک خوریی بێڕەنگدا هەیە.

سەرەڕای ئەو هەموو هەورە ڕەشە، هەڵای هەستێکی زۆر خۆشە کە لە ئاهووتەدا[1] بیت و، هەر دەتوانن هەندێک بەشی سەوز، قاوەیی و شین دەنێوان ئەو کۆمەڵە هەورانەوە ببینن. ئەوە ***ئەفریکا***یە و، ئەمەیش ***هندستان***ـە، کورە ئەها ***چین*** و ***ژاپۆن*** ...

ئەوەی زۆر کچەی تاین نش[2] دەکات، بێدەنگییەکەیە. هەر گوێی لە هەناسەدانی هاوڕێکەیەتی. وا بیر دەکاتەوە کە دەیشتوانێت تەپەی دڵی ببیستێت. یان ڕەنگە تەپەی دڵی خۆی بێت؟

کوڕەکە تەماشای دەکات و خەندەیەک دەکات.

دەڵێت: "زۆر جوانیت." ئەم بەوە بێزار دەبێت و ڕوو بەلای زەویدا وەردەگێڕێت. تەماشای ئەو جیهانە دەکات کە ئەمی ئافراندووە و ئاوات دەخوازێت کە توانیبای بابەتەکەی بە کوڕەکە گۆڕیبا و گوتبای کە لە هەسارەیەکی جوانەوە هاتووە. جاران جوان بوو.

ئێستا هیچ کەسێک لەسەر زەوییەوە ناتوانێت بیانبینێت. پێکەوە بە تەنیا لەو ئامێرەدا جێ هێڵراون. کچەکە وا بیر دەکاتەوە کە دانیشتن دەنێو کەشتییەکی بچکۆلەی ئاسمانیدا باشترین ڕێگا بێت بۆ ئەوەی لەگەڵ کەسێکدا کە خۆشت دەوێت، ببنە هاوڕێی گیانیبەگیانی.

---

[1] ئاهووتە: بۆشاییی ئاسمان، Space، فضاء

[2] نش: مفاجاة، سپرایز، surprise



Scanned by CamScanner

لەم بەرزەوە دەنێــو ئــاهووتەدا، ڕۆژ و شــەو تەنیــا بــۆ دوو کـاتکۆیەک دەمێنــنەوە. وەلــێ دوانــزە خــۆرهەلاتن و دووانــزە خۆرئاوابوونیــان بینیــوە، ئینجــا لەســەر هەورەکــانەوە ئاســمان هەمیشە شینە.



Scanned by CamScanner

# نامەکەی سەر شاشەکە



لەگەڵ باوکیدا شیوی خواردبوو و خواحافیزیی لێ کردبوو. باوکی بەس دەیتوانی باسی ئەوەی لەگەڵدا بکات کە پێویستە لە کاتی خلیسکێنەدا موستیلە سوورەکە لە قامکی نەکات. ئاخر تۆ بیهێنە پێش چاوت ئەگەر لەنێو بەفرەکەدا لێی کەوتبا!

باوکی مەراقی ئەوەی کردبوو کە کاتێک بۆلای *جۆناس*یش دەچوو، هەر لە قامکیدا بوو. زۆر بە ئاسانی دەکرا لە ساتی داکەندنی دەستکێشەکانیدا یان کردنەوەی گیرفانەکانیدا بۆخوێندنەوەی نووسینەکە، ونی بکات. مەگەر پێیان نەگوتبوو کە موستیلەکە زۆر گەورەیە؟ ئەوە بۆیە چاوەڕێیان کرد تا بوو بە شانزە ساڵ.

***ئانا*** لە ژوورە شینەکەدا لەبەردەم کۆمپیوتەرەکەیدا دانیشتبوو. لە نووسینی ئەو نامەیە بووبووەوە کە بۆ نەوەکەیی نووسیبوو و لە پێگە ئەلیکترۆنییەکەی دەستەی فشاردا دانابوو. کە سەری لە



Scanned by CamScanner

نووسین نابوو، پتر و پتر ئەوەی وەبیر دەهاتەوە کە **نۆڤا** لە ئینتەرنێتدا دۆزیبوویەوە، وەلێ بە گشتی بابەتە سەرەکییەکانی ڕێک خست. ئەوەی نووسیبووی کەرەتێکی دی خوێندیەوە:

سلاو، **نۆڤای** ئازیز،

ئەو دەمەی ئەمە دەخوێنیتەوە، نازانم جیهان وەک چی دەچێت، بەلام خۆ تۆ دەزانیت. تۆ دەزانیت کە گۆڕانی ئاووهەوا چەندە وێرانکەر بووە، جیهانی سروشتی چەندە خاپوور کراوە و گاهەس بە تەواویش بزانیت کە چ ڕووەک و گیانلەبەرێک قڕبوونە.

دەزانم کە سەختە نامەت بۆ بنووسم. ئاخر ئاسان نییە نامە بۆ کەسێک بنووسم چەند نەوەیەک دوای خۆم لەسەر زەوی بژی. ئینجا ئەویشی کە بزانیت ئەو نامەیە بۆ نەوەیەکی خۆتی دەنووسیت، هیچ لە سەختیی ئەمە کەم ناکاتەوە. بەلام تا بتوانم هەوڵ دەدەم کە ڕاستگۆ بم.

لەم شوێنەی کە لێی دەژیم، دەوڵەمەندترین گۆشەی زەوی، هێشتا بایەخ بە یەک شت دەدرێت. ئێمە پێی دەڵێین: بەکاربردن. لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکاندا خەڵکی لەمەڕ پێداویستییە سەرەکییەکانیانەوە دەدوێن. کاتێک وشەگەلی وەک "بەکاربردن" بەکار دەهێنین، لام وایە لەبەر ئەوەیە کە نامانەوێت دان بەوەدا بنێین کە سنوورێکی بەرزتر هەیە. هەنبانەکە هەرگیز پڕ نابێت. "بەسە" وشەیەکە کە ئێستا بە ئاستەمیش بەکار نامێنرێت. لە بری ئەوەدا وشەیەکی دی زۆر بەکار دەهێنین کە کورتتریشە، ئەویش "پتر"ە.

خۆت لە من باشتر دەزانیت کە سەرئەنجامی ئەمە چۆن دەبێت، بەڵام ئیدی ئەو دەمە سەهۆڵ و بەفری **گرینلاند** و جەمسەری باکوور کەم بوونەتەوە و، گەڕان بەدوای نەوت و گازی زۆرتردا هەر بەردەوامە. ڕامیارەکان دەڵێن کە پێویستە تا دواچۆڕ بەدوای نەوتدا بگەڕێین، چونکە جیهان پێویستی بە وزەی پتر هەیە. دەڵێن: "جیهان پێویستی بە نەوت و گازی پتر هەیە، بۆ ئەوەی خەڵکی پتر لە هەژاری ڕزگار بکرێن." بەڵام درۆ دەکەن. خۆیشیان دەزانن کە هاندەرەکەیان نەهێشتنی هەژاری نییە. باشتر لە هەر کەسێکی دی دەزانن کە بەکاربردنی نەوت و گازی پتر لەلایەن وڵاتانی دەوڵەمەندەوە باری هەژارن لارتر دەکات. ئەوە کۆمپانیا نەوتی و وڵاتە بەرهەمهێنەکانی نەوتن کە قازانجی پتریان دەوێت. پتر، پتر. هیچ ویستێکی ڕامیارییانە بۆ دەستهەڵگرتن لە دەرهێنانی نەوت و گاز نییە. هەروەها ویستێکی گشتییش دەنێو خەڵکدا نییە. ئێمە نەوەیەکی خۆپەسەندین. نەوەیەکی دڵڕەقین. زۆر بە کەمی لەو بیرۆکەیە تێدەگەن کە لەوانەیە نەوەکانی پاش ئێمەیش پێویستیان بەو وزەیە بێت. "هەڵگرتن" ئەو وشەیەیە کە زۆر بە دەگمەن بەکاری دەهێنین. کەچی تا بێت وشەکانی "دووزەنەی ژینگەیی" و "هاوسەنگیی کاربۆن" لە ڕۆژنامەکاندا پتر دەردەکەون. پەرەمان بە زمان داوە، زمانێکی بێمانا کە هیچ پەیوەندییەکی بە کەتوارەوە نییە.

ئایا هیچ هۆکارێک بۆ بەهیوابوون نییە؟ ڕەنگە، ڕەنگە نەبێت. ئەوەی لەدەستم دێت تەنیا پرسیارکردنە. خۆت وەڵامەکە دەزانیت.

جارەسەرێکی وام لا نییە کە پێتی بڵێم. ئەمە باشترین شتە کە پێی گەیشتووم. هەوڵ بدە ئەم دیمەنە بهێنیتە بەرچاوی خۆت:



Scanned by CamScanner

خەڵکی بۆ هەرکوێیەک دەچن-لە چیا و دارستاندا، لە بازارەگەورەکان و دوکانە بچووکەکانی نێو کۆڵانەکاندا، لە میترۆ و فڕۆکەخانەکاندا-ئامێری سەوز دامەزرێنراون. کارتە بانکییەکەتی تێ دەخەیت و جوانتری وێنە سروشتییەکانی سەرانسەری جیهان دەبینیت. کەسانێک دەیانەوێت لە ڕووەک یان ئاژەڵێکی تایبەت بتۆژنەوە؛ هەندێکیش لە دووزەنەیەکی ژینگەیی یان لە زێدێک. ئامانجەکە ئەوەیە کە بتوانیت ئەو بەشەی سروشت بئەزموویت کە پێت خۆشە تیایدا بەشدار ببیت. هەموو ئەو پارەیەی کە ئەم ئامێرە-دەکرێت ملیۆنان لەوە لە سەرانسەری دونیادا دابمەزرێندرێت-کۆی دەکاتەوە، بۆ پاراستنی هەسارەکەمان بەکار دەهێنرێت. هەروەها پێشبڕکێ و گرەو بۆ خۆشکردنی ژینگە هەن.

گاهەس ئەو جۆرە ئامێرە تازەیە باشترین هیوای جیهان بێت—هەرچەندە پەسەندکردنی ئەمە ئازارم دەدات.

بەڵام بە نکوڵیکردن ڕاستەقینەی سروشتی مرۆڤ و دیموکراسی بە هیچ شوێنێک ناگەین.

گەلێک شت لەبارەی داهاتووەوە هەن کە نایانزانم. تەنیا دەزانم کە لە دروستکردنی ئەمەدا دەبێت بەشم هەبێت. ئینجا ڕەنگە لەم بارەیەوە تەکانێکم بە خۆم دابێت.

بە هیوام ناخۆشی بە خۆتەوە نەبینیت و ئەو جیهانەیشی تیایدا دەژییت خۆشترین شوێن بێت.

خۆشم دەوێیت،

داپیرە گەورەت



Scanned by CamScanner

**ئانا(نیروود)**

کاتژمێرەکە لە دووانزەی شەودا لێیدا و ڕۆژی لەدایکبوونی بوو. ۲۰۱۲/۱۲/۱۲ بوو. تا ڕادەیەک لەوە نش بوو کە هیچ شتێکی بەرچاو نەقەوما کاتێک خولەکژمێرەکە لە نیوەی شەوی تێپەڕاند: ئۆتۆمبێل لای بەنزینخانەکەوە بەیەکدا نادەن، بەفر بەسەر خانووەکەدا هەرەس ناهێنێت، هیچ کتێبێک لە ڕەفەکانەوە بەر نابێتەوە.

لێ کەمێک دواتر نامەیەکی لە ***بنیامین***ەوە بۆ دێت:

"هەموو شتێک لە باشیدایە. چەند خولەکێک پێش ئێستا 'ئـ' لەلایەن سەربازانی کینیاییەوە ڕزگار کرا. زۆر باشە، ئێستا تەلەفۆنی بۆ کردم. سپاس بۆ پشتیوانییە مەعنەوییەکەت! هەر لە خۆشیدا بیت، ***بنیامین***. پە.: بە باشی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کراوە، ڕێی دراوە لە دەروە دابنیشێت، نەیشبەستراوەتەوە. لەگەڵ ڕفێنەرەکاندا یاریی زاری کردووە! منیش بۆ ڕاکردن چووم. ب."

***ئانا*** ئاهێکی بە بەردا هاتەوە و لە تیلەی چاویدا هەستی بە فرمێسک کرد. زەنگی بۆ ژمارەکەی ***بنیامین*** دا و هەڵیگرت:

"ئەمە تۆیت، ***ئانا***؟"

"هەر خۆم دڵنیا بووم کە ***ئێستێر*** لە ۱۲/۱۲دا ئازاد دەبێت."

"بۆچی؟"

"ئاخر جیهان بازنەکەی تەواو کرد و، ئێمەیش پێمان خستە ئاستانەی سەردەمێکی تازەوە."



Scanned by CamScanner

"باشە بۆچی؟"

"بڕوا ناکەم حەوسەڵەی ئەوەت هەبێت کە هۆکارەکەیت بۆ ڕوون بکەمەوە. بەڵام ئێستا شانزەیەمینساڵیادی لەدایکبوونمە."

"لێی پیرۆزە، هەر لە خۆشیدا بیت!"

"زۆر سپاس."

*ئانا*، گەورەییت نواند کە تەلەفۆنت کرد، بەڵام بۆ جارێکی دی بەر لەوەی پەیوەندیم پێوە بکەیت، دەکرێت کەمێک چاوەڕێ بیت."

"کەواتە بەس شتێکت پێ دەڵێم و تەواو ــــ لە ڕاستیدا شتێک هەیە پێم خۆشە لێتی بپرسم."

"خێرا بیڵێ! دەبێت لە کورتی بیبڕینەوە."

"ئێستا خەون دەبینم کە کچی نەوەکەی خۆمم ... کەچی هەر بە ڕاستی لە ئاگاییدا بینیم. تۆ دڵنیایت کە نەخۆش نیم؟"

"تۆ نەخۆش نییت، *ئانا*. سەرەڕای ئەوەیش ..."

"ئێ؟"

"ڕەنگە تۆ لە هەمووان تەندروستتر بیت. ڕەنگە پێویست بێت کە زۆر کەس وەک تۆ بن."

"ئاخر چۆن شتی وا دەبێت؟"

"پێویستە فێر ببین کە چۆن باشتر پاشینەکانمان بهێنینە بەرچاومان، باشتر بتوانین هەست بەو کەسانە بکەین کە جیهانیان بۆ دەمێنێتەوە."

"قسەیەکی جوانە!"



Scanned by CamScanner

"هیچی دی هەیە کە بتەوێت لێمی بپرسیت؟"

"ئا ... بۆچی ئەستێرەیەکت بە گوێوەیە؟"

کابرا پێکەنی:

"کاتی خۆی کە زیاد لە سی ساڵ پێش ئێستا دەکات، ژنەکەم پێمی دا. ئەویش چەند ڕۆژێک دوای ئەوەی کە **ئێستێر** لەدایک بوو."

"ئەی ئافەرین!"

"**ئێستێر** واتە 'ئەستێرە.' بەس نەک هەموو ئەستێرەیەک. ئەستێرەی بەری بەیان—یان ناهی."

"خۆم بە گەمژە دێتە بەرچاو."

"ئێ لەبەر چی؟"

"چونکە بیرم لەوە نەکردبووەوە."

"شەو شاد، ***ئانا***."

"شەو شاد، ***بنیامین***."

"بوەستە، دایمەخە!"

"فەرموو؟"

"پێت ناخۆش دەبێت ئەگەر پەیمانی نهێنیی نەخۆشم نەپاراست؟"

"بۆچی پێم ناخۆش بێت؟ خۆ من هیچی شاراوەم نییە."



Scanned by CamScanner

"چاکە، پێم خۆشە سڵاو و ڕێزی تۆ بە ئیستێر بگەیەنم. ئاخر تۆ ئەو کاتانەی ئەوم بیر دەخەیتەوە کە لە تەمەنی تودا بوو. تۆییش هەمان لاپەڕەسەنیی[1] و هەمان پێداگریی ئەوت هەیە."

"زۆریشم پێ خۆشە. تکایە سڵاوی منی پێ بگەیەنە!"

"ڕاستیت پێ بڵێم، من ڕێگەم پێ نادرێت لەبارەی نەخۆشەکانمەوە قسە بکەم."

"بەڵام خۆ من گوتم کە دەتوانیت. زۆر خۆش دەبێت ئەگەر سڵاوی منی پێ بگەیەنیت و هەموو ئەو شتانەی بۆ بگێڕیتەوە کە پێکەوە گفتوگۆمان لەبارەیانەوە کرد. سەرەڕای ئەوەیش، خۆ هیچ چارەسەرێکیشت بۆ دانەنام. خۆت داکۆکیت کرد کە هیچم پێویست نییە، بۆیە منیش نەمگوتووە کە نەخۆشی تۆم."

"لەمەدا ڕاست دەکەیت."

"تۆ دەترسیت، *بنیامین*."

پێدەکەنێت.

"شەو شاد، *ئانا*."

"شەو شاد."

*ئانا* چووە جێگەکەیەوە و نووست. وای هەست دەکرد لەپاش دواجارەوە سەد ساڵە لێرانەدا نەخەوتووە.

ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێت کە گەڕابووەوە نێو ئەو جێگەیەی تیایدا خەبەری بووەوە و دەستبەجێ دیمەنە گرنگەکانی خەونەکەی شەوی پێشووی بیر هاتبووەوە.

---

[1] لاپەڕەسەنی: کونجکۆڵی: فضولي

# هەڵەیەکی لۆگیکی



بەیانیی زووە و باران بە ڕەهێڵە دەبارێت. لەنێو جێگەکەیدا لە ژوورە سوورە خوێنینەکەدا دانیشتووە و، تەماشای شاشەی تێرمیناڵەکەی دەکات. وا دەزانێت بە تەنیایە، پاشان بۆی دەبینێت کە *نانا* لەبەردەم پەنجەرە تەسکەکەدا ڕاوەستاوە و سەیری دەرەوە دەکات. کۆکەیەک دەکات تا *نانا* بزانێت کە لە ژوورەکەدا تەنیا نییە. پیرە ژنەکە ئاوڕی بۆ دەداتەوە و بە ڕێزەوە دەڵێت:

"بەڵێ، ڕۆڵە گیان؟"

ئەو نامەیە بە دەنگی بەرز دەخوێنێتەوە کە ئەمە تۆزێکە دۆزیویەتەوە: *ئەو دەمەی ئەمە دەخوێنیتەوە، نازانم جیهان وەک چی دەچێت، بەڵام خۆ تۆ دەزانیت ...*

*نانا* هەنگاوێک دەچێتە دواوە. دەستی چەپی بەرز دەکاتەوە و ڕای دەوەشێنێت و موستیلە سوورەکە دەبریقێتەوە. دەڵێیت بۆ ئەوە وا دەکات تا هێزی خۆیی پیشان بدات. دەڵێت:

"لە کۆتاییدا ئەوەت دۆزییەوە کە بۆتم نووسیبوو."

"ئەی سەرەنجامی ئامێرە سەوزەکان بوو بەچی؟ ئایا هەرگیز دامەزرێنران؟"

**ئانا** لیی ورد بووەوە و بە ڕەقی وەڵامی دایەوە:

"وازی لێبهێنە! **نۆڤا**، دەبێت منیش وازی لێ بهێنم. چونکە هەرچییەک بڵێم، هەڵەیەکی لۆگیکی هەر تێدایە."

"ئایا ئەگەر ناوی باپیرە گەورەمت لێ بپرسم، هەر هەڵەی لۆگیکی تێدایە؟"

ژنە پیرەکە بە شێوازێکی مەکربازانەوە سەری لەقاند.

پرسیی: "بیرت نایەتەوە؟ خۆ ئەوەندە تێنەپەڕیوە کە لە کۆشیدا دادەنیشتیت. بەڵام ئەو کوڕەی بیری لێ دەکەیتەوە، ناوی **جۆناس**ە و خەڵکی **لۆ**یە."

"**جۆناس**..."

"مەگەر پێتم نەگوتووە کە ڕاهاتبووین لە یانەکڵە کۆنەکە یەکدی ببینین و پێکەوە خلیسکێنە بکەین؟ لەو ڕۆژگارەدا سەری زمان و بنی زمانمان هەر 'چیاکە' بوو. لە 'چیاکە' دەتبینم."

"وایە، ڕاست دەکەیت. ئینجا ئێستا هیچی لێ نەماوە."

لێ **ئانای** داپیرە گەورە بە مۆڕەوە لێی ڕوانی:

"وازی لێبهێنە! ئێستا هەڵەیەکی دیکەی لۆگیکی هەیە، ئەوەیە کە جیهان هەلێکی دیکەی دراوەتێ."

دیسانەوە باڵی بەرز دەکاتەوە و یاقووتەکە دەبریقێتەوە.



Scanned by CamScanner

# باپیرە گەورە



*ئانا* لە جێگەکەیدا پاڵ کەوتووە و گوێ بۆ قرچەقرچی دیوارە سەرمابردووەکان دەگرێت. هەر کە خەوی لێ دەکەوێت، خەون بە باڵندەیەکی سوورەوە دەبینێت کە دەنووک لە شووشەی پەنجەرەکە دەدات و هەوڵ دەدات وەژوور بکەوێت. خەونەکە زۆر کەتوارەکییانە بوو و، دەنووکلێدانەکە زۆر توند بوو کە بووە هۆی ئەوەی خەبەری ببێتەوە. گڵۆپەکەی ڕاسەری داگیرساند، مۆبایلە تازەکەی هەڵگرت و نامەیەکی بینی. گاهەس ئەوە خەبەری کردبێتەوە. یان بڵێیت قرچەقرچی دیوارەکە بووبێت؟

*جۆناس* نامەکەی ناردبوو:

"بە خەبەریت؟"

بۆی نووسی: "بەڵێ. تۆ خەبەرت کردمەوە."



Scanned by CamScanner

"لەدایکبوونت پیرۆز بێت!"

"سپاس، ئازیز."

"خوێندمەوە."

"چی؟ چیت خوێندەوە؟"

"ئەوەی نووسیبووت. لە پێگەکەدا داتنابوو."

"ئەی هاوار! خۆ پێم وا نەبوو کەس تا حەفتا ساڵی دیکە بیخوێنێتەوە دەتوانیت تەلەفۆنم بۆ بکەیت؟"

ساتێک دواتر مۆبایلەکەی زەنگی لێدا.

کوڕەی گۆرین گوتی: "خۆ دەزانیت کە بابەتەکەی ئەفریکایش بە باشی تێپەڕی، نا؟"

"ئەرێ، سپاس. قسەم لەگەڵ **بنیامین** دا کرد. زۆر دڵخۆشە ... دەزانیت بۆچی ئەستێرەیەکی بە گوێوەیە؟"

"هەرگیز لە تاریکایی ئەنگوستەلەچاو ناترسم، چونکە ئەستێران ڕووناکیم پیشان دەدەن ..."

"کورە واز لە گاڵتە بهێنە، **جۆناس**."

"دەی کەواتە پێم بڵێ!"

"ژنەکەی چەند ڕۆژێک بەر لە لەدایکبوونی **ئێستێر** پێی داوە. ئینجا **ئێستێریش** بە مانای 'ئەستێرە' دێت."

***ئانا*** ساتێک بێدەنگ بوو و، **جۆناس** هەلی قۆزتەوە تا بە بۆنەی یادی لەدایکبوونیەوە هیوای ژیانێکی خۆش و بەختەوەرانەی بۆ بخوازێت و چەند قسەیەکی جوان لەبارەی ئەو نامەیەوە بڵێت کە



Scanned by CamScanner

لە پێگە ئەلیکترۆنییەکەدا دایناببوو. بە تایبەتی لەبەر ئەوە دڵخۆش بوو کە *ئانا* باسی ئەو ئامێرە سەوزەی تێدا کردبوو کە ئەم ئاماژەی پێ دابوو. هەنگینی کۆکی.

"شتێکت لە کۆتاییدا نووسیبوو کە سەرنجی ڕاکێشام: 'گەلێک شت لەبارەی داهاتووەوە هەن کە نایانزانم. تەنیا دەزانم کە لە دروستکردنی ئەمەدا دەبێت بەشم هەبێت. ئینجا ڕەنگە لەم بارەیەوە تەکانێکم بە خۆم دابێت ...' "

"بەڵێ، ئەوەم بۆ منداڵی نەوەکەم نووسی."

کوڕەی تاین دیسانەوە کۆکی.

"منیش دەتوانم وەک باپیرە گەورەی ئەو منداڵە لە خزمەتیدا بم."

*ئانا* پێکەنی. قاقای لێدا و لەناکاو ترسا باوکی لە قاتی خوارەوە خەبەری ببێتەوە. بە چرپەوە گوتی:

"*جۆناس*، دەی کەواتە وەرە."

گوتی: "کچێ، تۆ شێتیت."

"زۆربەی شتەکان شێتانەن."

"ڕەنگە باشتر بێت بەوە دەست پێبکەین کە پێکەوە گەورە ببین. وا نازانم پەلەمان بێت بۆ ئەوەی ببینە باپیرە گەورە و داپیرە گەورە."

دیسانەوە پێکەنییەوە:

"دەمەوێت زیاد لە هێنانە دونیای منداڵێک، گەلێک شتی دیکەیش بکەم. بە نیازم هاوین بە پاسکیل بۆ *بێرگن* بچم. لەگەڵمدا دێیت؟"

"ئەگەر تۆیش بە شەمەندەفەر لەگەڵمدا بۆ *ڕۆما* بێیت."



Scanned by CamScanner

"بەڵێن دەدەیت؟"

"لە ناخی دڵمەوە!"

"منیش. دەی ئێستا کە باسی ئەمە دەکەین، دەزانیت کە دەتوانین بە هۆڵەندادا بچین؟"

"ئەیچوون. هۆڵەندییەکان زۆر بۆ ***ڕۆما*** دەچن. پێت خۆشە ***ئەمستەردام*** ببینیت؟"

"ئم، بەڵام لەم ساتەدا ***لامای***م لە مێشکدایە."

"***لامای***؟ چاوپێکەوتنت لەگەڵ تاوانباری شەڕدا هەیە؟"

"دەی نا، بەڵام دەبێت ڕۆژێک لە ***لامای***دا دادگایەکی ئاووهەوای نێونەتەوەیی دابمەزرێت. زۆر حەز دەکەم ڕۆژێک لەگەڵ تۆدا لەوێ بەسەر ببەم. شتێکیش هەیە کە دەمەوێت بۆم دەربکەوێت. ڕەنگە شتێک هەبێت کە پێم خۆش بێت پیشانتی بدەم: لەوانەیە زەوییەکی فراوان، باخچەیەک ..."

"وات لێ کردم کە سوێم بۆی بووەوە."

"***جۆناس***، بەڵێنم دەدەیتێ کە پێکەوە هەلێکی دیکە بەم هەسارەیە بدەینەوە؟ ئینجا وا بکەین کە خەڵکێکی زۆر لەگەڵماندا بن و یارمەتیمان بدەن؟"

"بەڵێن بێت."

"***جۆناس***، هەر بە ڕاست باوەڕت بەمە هەیە؟ دەمەوێت باوەڕت بەو شتە هەبێت کە دەیکەین."

"بەڵێ، هەمە ..."

"ئەری تۆ گەشبینیت، یان ڕەشبین؟"



Scanned by CamScanner

"نازانم. ڕەنگە تۆزێک لە هەردووکیان. ئەی خۆت چی؟"

"من گەشبینم، **جۆناس**. ئەی دەزانیت بۆچی؟ پێم وایە ڕەشبینبوون بێڕەوشتییە."

"بێڕەوشتی؟"

"ڕەشبینی وشەیەکی دیکەی بۆ تەنبەڵی. بە دڵنیاییەوە دوودڵم. بەڵام ئەوە جیاوازە. کەسی ڕەشبین خۆی بەدەستەوە داوە."

"لەمەدا ڕاست دەکەیت."

"ناتوانین هیوابڕاو ببین. ئینجا ڕەنگە بە شێوەیەکی کرداری مانای ئەوە بێت کە دەبێت بجەنگین. **جۆناس**، باشە تۆ دەتەوێت ببیتە بەشێکە لەمە؟ دەتەوێت دەست بە جەنگ بکەیت؟"

"وا بزانم تۆ دەتوانیت ناچارم بکەیت کە هەموو شتێک بکەم."

"ئاخر لە بواردا قولی ڕەش و سپی دەردەکەوێت."

"کەواتە دەست پێبکە!"

"پێکەوە دەست بە خوێندنەوە بکەین؟"

"خوێندنەوە؟"

"با **هامسون** و **دۆستۆیڤسکی** و ئەدەبیاتی کلاسیک و **شکسپیر** و **هۆمێر** بخوێنینەوە. ئینجا چیرۆکە کۆنەکانیش، هەزارویەک شەوە ... و ئەفسانەکان. دەتوانین بە ئەفسانە یۆنانی و نەرویجییەکان دەست پێبکەین. دەمەوێت لەبارەی **یگدراسیل** و **ڕاگنارۆک**ەوە بخوێنمەوە. حەز دەکەم لەسەر **کاساندرا** بخوێنمەوە. فاڵگرەوە بووە و پێشبینیی داهاتووی کردووە، بەڵام کەس باوەڕی پێ نەکردووە ..."

"مەبەستت ئەوەیە بە دەنگی بەرز بۆ یەکدیی بخوێنینەوە. مەگەر ئەوە ...؟"

"نا، نا، نا. لە هەمان کاتدا هەمان کتێب دەخوێنینەوە. پێکەوە خۆمان بەنێو جیهانگەلی دیکەدا گەشت دەکەین. بازنەیەکی گەورە لە هاوڕێی خەیاڵی دروست دەکەین. پاشان دەتوانین بە چیاکاندا بگەڕێین و هاوڕێکانیشمان لەگەڵ خۆماندا ببەین."

"باش. ڕێک کەوتین."

"با سبەینێ دەست پێبکەین. دوو دانە لە 'نهێنییەکان'ـی ***هامسون*** دەکڕم. لە کتێبفرۆشییەکدا بینیم و ناونیشانەکەی سەرنجی ڕاکێشام. یادی لەدایکبوونمە، بۆیە دەزانم کە باوکم پارەم دەداتێ. ئەو کتێبەت خوێندووەتەوە؟"

"نا. تۆ بەردەوام سەرسامم دەکەیت."

"ئەوە شتێکی چاکە."

"ڕەنگە ..."

"پێم وایە ژیان لە جیهانێکدا کە گەیشتبێتە ئەوپەڕی ئەوەی مێشک پێی بگات، شتێکی شێتانەیە. لە ڕاستیدا ئەوەی کە تەمەنت شانزە ساڵ بێت، تەواو جیاوازترە لەوەی کە تەمەنت پانزە ساڵ و ٣٦٤ ڕۆژ بێت. گەلێک شت هەن کە دەمەوێت بیانکەم. دەزانیت سبەینێ بەر لەوەی بچم بۆ خوێندنگە، بە تەمام چی بکەم؟"

"نا. خۆ من فاڵگرەوە نیم."

"بە تەمام بزانم کە چەند جۆر مێرووی ڕووەک هەن."

"هەی شێتە گیان."



Scanned by CamScanner

"بەڵام خۆ بیرۆکەکەم لە تۆوە وەرگرتووە."

"چی؟ من؟"

"تۆ لەو بارەیەوە نووسیبووت. نووسیبووت کە دەتەوێت دامەزراوە بۆ هەموو ئەو جۆرانەی مێرووی ڕووەکان دابمەزرێنیت کە مەترسیی قەڵاچۆبوونیان لەسەرە. بۆیە پێم خۆشە بزانم چەندن."

"ئەوەم بە تەواوەتی بیرم چووەتەوە. بەڵام ئێستا دەبێت بخەوین."

"خۆت بێتام مەکە، **جۆناس**. کاتێک نامەکەت نارد لە شیرینیی خەودا بووم و، ئێستا خەوم زڕاوە."

"دڵنیام دوای ئەم ڕۆژەی کە بەسەرمان بردووە، خێرا خەوت پیا دەکەوێت. باشە مەگەر باوکت لەگەڵ خۆرکەوتندا هەڵتناستێنێت؟ وا نازانیت کە بە سەموونی کشمیشی و خامە و ئاولیمۆوە بێتە ژوورەکەتەوە؟"

"بە بابۆڵە و چاییەوە دێت. ئیتر من گەورە بووم و ئەو شتانە ناخۆم."

"کەواتە دەڵێم شەو شاد!"

"دەزانیت ئەگەر خەوم لێ نەکەوێت بە تەمام چی بکەم؟"

"ئەستێرە دەژمێریت؟"

"دەی نا، بەڵام بۆی چوویت. بە تەمام مێرووە ڕووەکییەکان بژمێرم. چاوم دەقووچێنم و دەست بە ژماردنیان دەکەم. ئینجا بەیانی پێت دەڵێم کە لە چەندا خەوم پیا کەوت."



Scanned by CamScanner

"منیش وا بکەم باشە. ئەو کاتە دەزانین کاممان زوو خەوتووە.
شەو شاد، **ئانا**. سبەی دەتبینم!"

"شەو شاد."



Scanned by CamScanner

# گوندەکە



شەوەزەنگە و هەوا زۆر گەرمە. لەگەڵ سێ پیاوی بەژای[1] خۆیدا لە قەراخی گوندەکەدا لەسەر زەوی دانیشتوون. لە ڕووناکییە شینباوەکەی چرا غازییەکەدا دەبینێت کە بە چەکی خۆکار ساز و تەیارن. چرا غازییەکە بە میچی کوخێکی چۆڵکراوەوە هەڵاوەسراوە. دوو فەردە گەنمەشامی بە دیوارەکەوە پاڵ دراونەتەوە. لە فەردەکان نووسراوە: *بەرنامەی خۆراکی جیهانی*.

جیرەجیری سیسرک لە بێشەڵانی ئەو دەوروبەرەوە دەبیستێت. گوێی لە پێکەنین و ژاوەژاوی چەند ژنێک، بارەباری بزنێک و گریانی ساوایەکە کە لە گوندەکەی ئەو نزیکەوە دێن. لەپڕ گریانەکە نامێنێت، ئەم وا بیر دەکاتەوە کە ساواکە دەمی بە مەمکی دایکیەوە ناوە.

ناترسێت. بەڵام دەزانێت لەکوێیە و خۆیشی کێیە: **ئێستێرە** و لە سەرسنووری وڵاتێکدا بە بارمتە گیراوە.

---

[1] بەژا: هاوتەمەن

شەمشەمەکوێرە بە گێجی چرا غازییەکەدا دەسووڕێنەوە. تەماشای ڕفێنەرەکان دەکات. ئەوا سەریان دەلەقێنن و، ئەمیش زارەکان هەڵدەگرێت و هەڵیاندەداتە سەر زەوییە قاوەییە سووربارەکە. زارەکان تل دەخۆن و هەموویانی بە شەش بۆ دێتەوە. بە شپرزەییەوە بزەیەک دەکات. کابرا چەکلەشانەکان ددانی لێ جیڕ دەکەنەوە.

یەکێکیان دەنەڕێنێت: "تۆ بردتەوە."

یەکێکی دیکەیان بە لاتاوەوە[1] دەڵێت: "هەمیشە سپییپێستەکان دەیبەنەوە."

شووشەیەکی ئاوی میوە و چوار پەرداخ لەنێوانیاندا لەسەر زەوییەکەن. پیاوێکیان پڕیان دەکات.

سەیری ئاسمان دەکات. مانگ دیار نییە، بەڵام پشتوێنەیەکی سەرنجڕاکێشی ئەستێرە بە ئاسمانەوەن کە تا ئێستا شتی وای نەدیوە. ناتوانێت لەوە تێبگات کە چۆن ئەم هەموو شەڕ و کوشتار و تالان و بڕۆیە لەژێر ئەم ئاسمانە جوانەدا دەکرێن. سەبارەت بە مرۆڤایەتی تەریق دەبێتەوە.

جیرەجیرە توندەکەی سیسرکەکان و ئەو دەنگە پچڕپچڕانەی لە گوندەکەوە دێن نیشانەی شەوێکی کپ و خامۆشن. شتێک لەنێو ئەم دەنگە ئاشنایانەی نێو تاریکیدا هەیە کە ئاسوودەی دەکات. بڕوابەخۆبوونی پێ دەبەخشن.

لەناکاو جموجوولێک لەنێو بێشەڵانەکەوە دێت و، ئەو دیمەنە جوانە بە دەنگی تەقە و هاتوهاوار و تووڕەیی بە زمانێک کە

---

[1] لاتاو: توانج، تەشەر



Scanned by CamScanner

تێیناگـات، دەشـێوێت. یەکێـک لە ڕفێنەرەکـان تەقە دەکـات، بەڵام کەمێـک دواتـر هەموویـان لەسـەر زەویـیەکە درێـژ دەبـن و دەپاڕێنەوە. *ئێستێریش* درێژ دەبێت و دەپاڕێتەوە. ژنانی گوندەکە لە ترساندا دەقیژێنن و، ساواکەیش دەزریکێنێت.

ڕفێنەرەکان کەلەپچە دەکرێن و دەخرێنە نێو جیپێکی سەوزەوە کە لەناکـاو دەرکەوت. *ئێستێر* لەلایەن ئەفسـەرێکی جلسـەوزەوە ئاگاداریی لێ دەکرێت کە بە ئینگلیزییەکی ڕەوان هاوار دەکات:

"*بنیامین*ی باوکت سڵاوی بۆت هەیە!"



Scanned by CamScanner

# ئێستێر



***ئانا*** چەند کاتکۆیەک نووستبوو، وەلێ کە لە خەو هەڵستا وای هەست دەکرد کە مانگێکە خەوتووە. لە شوێنێکی دیکە بووبوو، شوێنێک کە گەلێک کیلۆمەتر دوور بوو. بەر لەوەی تەلەفۆنەکە زەنگ لێبدات، یان ڕەنگە هەر لە هەمان کاتدا بووبێت، بیری کەوتەوە کە هەر خۆی ***ئێستێر*** بووە و لە ناوچەکانی سۆماڵ و دەوروبەری بە بارمتە گیراوە.

چاوەڕێ بوو کە دەنگی ***جۆناس*** ببیستێت، کەچی دەنگی ژنێکی بیست.

"ئەوە ***ئانا***یە؟"

"فەرموو؟"

"***ئێستێر ئانتۆنسن***م. لە ***نایرۆبی***یەوە تەلەفۆن دەکەم."

***ئانا*** ڕاچڵەکی.

"تێناگەم. هەر ئێستا خەبەرم بووەوە و، لە خەونەکەمدا ... من تۆ بووم. بۆچی تەلۆفۆن کردووە؟"

"بۆ ئەوەی پیرۆزبایی یادی لەدایکبونت لێ بکەم! بیستم کە ئەمڕۆ شانزە ساڵیت."

"زۆر سپاس."

"باوکم پێمی گوت. ئەو پێشنیاری بۆم کرد کە پەیوەندیت پێوە بکەم. کاتێک من دیار نەبووبووم، تۆ ورەیت بەرز کردبووەوە— من قەرزارباری تۆم!"

***ئانا*** خۆشحاڵ بوو کە یاریدەی ***بنیامین***ی دابوو. گوتی:

"پێم گوت کە ئاساییە باسی منت بۆ بکات و، سڵاوی منیشت پێ بگەیەنێت. بە ڕاستی کەسانی وەک تۆم خۆش دەوێن کە بە جیهاندا دەچن تا یارمەتیی هەژاران بدەن."

بەر لەوەی بتوانێت هیچی دیکە بۆ قسەکانی زیاد بکات، ***ئێستێر*** پرسیی:

"بە ڕاستتە کە لە خەونەکەتدا تۆ من بوویت؟"

"ئەیچۆن. هەمیشە خەون دەبینم کە کەسێکی دیکەم. جارێکیشیان لە خەونمدا فیل بووم. هەستێکی سەیرە کە ... فیل بیت. بەڵام دوێنێ شەو لە خەونمدا تۆ بووم. ئەرێ چۆن هەڵسوکەوتت لەگەڵدا کرا؟"

"بە گشتی باش بوو. تکام لێ کردن کە ڕێم بدەن لەژێر ئەستێراندا بنووم. ئەوەیش بەلایانەوە ئاسایی بوو و، بە نۆرە چاودێرییان دەکردم. بەڵام زۆربەی شەومان بە یاریی زارەوەوە بەسەر دەبرد."

"ئینجا تۆیش بردتەوە!"

"ئەوە چۆن دەزانیت؟"

"ئیتر ..."

"***ئانا***، چۆن دەزانیت؟"

"ڕفێنەرەکان چۆنن؟ ژن و منداڵیان هەیە ..."

"رادەستی حوکوومەتی سۆماڵ کران. ئەرێ، بە ڕێزەوە لەگەڵمدا جووڵانەوە. بەڵام، ***ئانا***، خۆ گەشتێکی خۆش نەبوو. دەترسام. ناتوانین ڕێ بدەین کە کارمەندەکانی هاوکاریی مرۆیی بە بارمتە بگیردرێن. دەتوانین هەوڵ بدەین کە تیرۆرستان تێبگەیەنین، بەڵام نابێت هەرگیز لە تیرۆر ببوورین. دەبێت ئەم کابرایانە بەر لەوەی ڕەوانەی وڵاتەکەیان بکرێنەوە، چەندساڵێک بخرێنە زیندانەوە."

"ڕاست دەکەیت ... دووبارە بیر لە 'ژن و منداڵەکان' دەکەمەوە."

"مەبەستت چییە؟"

"وێنەیەکی تۆم لە ڕۆژنامەدا بینی. دوای ئەوە زەنگم بۆ باوکت لێدا. پێم وا بێت بە وێنەی سەر مێزەکەی باوکتدا تۆم ناسییەوە."

"بەڵام خۆ ئەوە وێنەی دایکمە. چەندین ساڵ لەمەو پێش گیراوە."

"دەزانم. دەی لە ڕاستیدا هەر زۆر لە یەکدی دەچن ..."

هەردووکیان بێدەنگ بوون. پاشان ***ئێستێر*** گوتی:

"هەمیشە پێم دەگوترێت کە کتومت لە دایکت دەچیت. ***ئانا***، بەڵام کاتێک بچووک بووم، مرد. لەو کاتەوە باوکم تەنیا منی هەیە. ئینجا دوای چەند ساڵێکیش ***لوکاس***ی کوڕم لەدایک بوو. کاتێک دەستبەسەر کرابووم، باوکم ترسابوو کە لەدەستم بدات و،



Scanned by CamScanner

گاهەس پتر لەوە ترسابێت کە ***لوکاس*** بەبێ نازی دایک گەورە ببێت."

"دەتوانم لەوە تێبگەم. زۆر خەمبار بوو ... ئەری ***لوکاس*** چەند ساڵە؟"

"هەشت. باوایی زۆر خۆش دەوێت—ئەویش هەروەها."

"دەتوانم هەردووکیان پێکەوە بهێنمە بەرچاوم! من وەک هاورێیەک لە باوکت دەڕوانم. بزانم دەتوانیت هۆکارەکەی بزانیت؟"

"خۆت بیڵێ."

"باش، بەر لە هەر شتێک ئەو لە گرفتی ئاووهەوا تێدەگات و، بایەخی پێ دەدات. هەروەها بە گرنگییەوە لە بۆچوونەکانم دەڕوانێت، هەرچەندە من شانزە ساڵیشم."

"جا کاتێک منییش شانزە ساڵ بووم، لەگەڵ باوکمدا ڕێک باسی هەمان شتمان دەکرد. ئینجا زۆر ئاگای لەو شتانە نەبوو. من فێرم کردووە."

"بە ڕاست؟ کەواتە تۆ مامۆستای باوکتیت؟"

"نا، نا. ئەو فێری بەردپیلکانێی[1] کردم. باڵندەکانی پێ ناساندم و فێری کردم چۆن شمشاڵ و تاجەگوڵینە و بەلەمی کاغەز دروست بکەم."

"کەواتە باوکێکی باش بووە."

---

[1] بەردپیلکانێ: یارییەکە کە بەردی تەخت بەسەر ڕووی ئاودا دەوەشێنرێت و بەردەکە تا مەودایەک بەسەریدا دەڕوات.



Scanned by CamScanner

"بەڵام ئەوە مـن بـووم کە لەنێـو سروشـت و گەنجێتیـدا قـاڵ بووبووم و دەهاتمەوە بۆ ماڵەوە و باسی گۆڕانی ئاووهەوام بۆ باوکم دەکرد. جا باسی دوایین گۆرانکارییەکانم بۆی دەکرد."

"دوایین گۆڕانکارییەکان چین؟"

"ئـ ... بەستەڵەکەکان دەتوێنەوە و، سەهۆڵبەندانەکانی باکوور لە هاویندا لەچاو جاراندا کەمبوونەتەوە. ئەم ئەیلوولە لە گەرمیدا ژمـارەی پێـوانەیی تێپەڕانـدووە و، بە تەنیـا لە ویـلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمێریکـادا پتـر لە هەزار ژمـارەی پێـوانەیی سەبارەت بە ئاووهەوا تۆمار کراون. کاریگەرییە لاوەکییەکانی گەرمبوونی زەوی زووتر لەوەی چاوەڕێ دەکرا، دەرکەوتن لە هەموو ئەو پێشبینیانە خراپتر بوون کە کرابوو."

"دەزانم ..."

"بەڵام جیهان لەسەر کەمکردنەوەی دووانۆکسیدی کاربۆن رێک ناکەوێـت. وڵاتـانی وەبەرهێنـی نەوت نـاتوانن دەسـتبەرداری نەوتەکەیـان بـبن. دەوڵەمەنـدەکان نـاتوانن دەسـت لە تازیارییەکانیان[1] هەڵبگرن. جا تا پتر چاوەڕێیان بین کە چاکسازی بکەن، باجەکەمان بە وێرانکاریی پتر قورستر دەبێت."

"جا باجی کارەساتە سروشتییەکان زۆر قورستریشە."

"وایە. چەند ساڵێک پێش ئێستا خەڵکی دەیانگوت ئێمە یەکەمین نەوەی مرۆڤایەتی بووین کە کاریگەریمان لەسەر ئاووهەوا هەیە و نابێت دوایەمینیش باجەکەی بدات. ئەوە جێبەجێ نەکرا. من بە چاوەکانی خۆم کاریگەرییەکانم بینیون. وشەکەساڵی و قاتوقڕیم

---

[1] تازیاری: امتیاز



Scanned by CamScanner

بینیوە و، بە دەستی خۆم منداڵی مردووم هەڵگرتوون ... ***ئانا***، ئەوە ئاگری لە جەرگم بەر دا، چونکە لەلایەن سروشتەوە نکوژرێین، بەڵکو لەلایەن خۆمانەوە دەکوژرێین."

"ئەگەر خوێندنەکەمم تەواو کرد، حەز دەکەم وەک تۆ لەو بوارەدا کار بکەم."

"ڕۆژێک دەتوانیت بێیت بۆلام. بەڵام پێم خۆش زۆر پێش ئەو ڕۆژە بتبینم."

"بڕوا ناکەم ئەوەندەیش مایەی دڵخۆشیت بم، وەک ئەوەی ***بنیامین*** تێیگەیشتووە. هەرچۆنێک بێت، گاز و شتی وا ناگرم."

"هەفتەی داهاتوو بۆ ***نەرویج*** دەگەڕێمەوە. ئەری هەرگیز ڕێت دەکەوێتە ***ئۆسلۆ***؟"

"ئەری، جاروبار. بەڵام ..."

"بەڵام چی؟"

"ئاخر یارێکم هەیە ناوی ***جۆناس***ە ..."

"دەزانم."

"بڕوا بکە پێم خۆش نابێت ئەگەر ئەو پێتی گوتبێت."

"کێ؟"

"***بنیامین***. دەبوو بەڵێنەکەی بباتە سەر."

"کچی ***ئانا***، خۆ ئەوە شتێکی وا نییە. ئەری بە نیاز بوویت چی بڵێیت؟"



Scanned by CamScanner

"دەستەیەکمان لە خوێندنگە پێک هێناوە—بنیامین پێشنیاری کرد. ئەگەر بێیت و باسی ئەزموونی خۆت لە ئەفریکا بکەیت، ئەوا نیوەی خوێندنگە ئامادە دەبن. دڵنیام دەتوانین شەوسانەکەی[1] خوێندنگە بەکار بهێنین—ئەگەر نەیشکرا، بەکری دەیگرین. دەتوانیت باسی زیانلێکەوتوانی دەستی کەرمبوونی زەوی بکەیت—ئینجا وێنە و شتیش بهێنە، ئەگەر هیچت لایە."

"منیش زۆرم پێ خۆشە، *ئانا*."

"دەیشتوانیت لەماڵی ئێمە بمێنیتەوە. کچێ بڕوا ناکەیت کە دەستاوی باوکم چەندە خۆشە. چێشتی دایکم زۆر خۆش نییە، بەس لە شیرینیدروستکردندا کەس شان لە شانی نادات."

"کچێ زۆر خۆش دیارە!"

"ژوورێکی بچووکمان بۆ میوان هەیە کە حەڤدە پشتیی تێدایە .."

"حەڤدە پشتی؟"

"... جا هەر پشتییەک دیمەنی حەکایەتێکی لەسە چنراوە. یەکیان عەلادینی لەسەرە و لەو ئەشکەوتە قووڵەدایە کە چراکەی تیا دۆزییەوە. خەڵکێکی زۆر بیریان نییە کە عەلادینیش موستیلەیەکی جادوویینی هەبوو، بەڵام ئەو موستیلە بۆ چیرۆکی من گرنگە. کاتێک یەکدیمان بینی، هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمەوە. ئەرێ تۆ لەوە بگەڕێ، هەرگیز سواری وشتر بوویتە؟"

"زۆر جار، *ئانا* گیان."

"من تەنیا یەک جار سوار بوومە. *بنیامین* پێشنیاری کرد کە هەندێک کات لەگەڵ عەرەبدا بەسەر ببەم—منیش بەسەرم برد."

---

[1] شەوسان: قاعە، هۆڵ



Scanned by CamScanner

"لەکوێ؟"

"لەمی، لە میشکمدا ... ئەوە کوێم لێیە کە باوکم لە ئاندینەکەدایە. هاکا هاتە سەرەوە. بابوڵە و چایی و شتم بۆ دێنێت، وا دەزانێت خەوتووم. کە یەکدیمان بینی، دنیایەک شتت بۆ دەگێڕمەوە. خواخوای ئەو کاتەمە! دەی ئێستا دەبێت وا خۆم دەربخەم کە نووستووم."

"ئەری، دەبێت درێژە بە یارییەکەت بدەیت."

"یان شتێکی دی. دەتوانم بڵێم کە *ئێستێر ئانتۆنسن* زەنگی دا تا پیرۆزباییی یادی لەدایکبوونم لێ بکات و خەبەری کردمەوە؟ پێت وایە ئەوە باش بێت؟"

"ئەیچۆن. خۆ من سوێندنم نەداویت کە بە کەسی نەڵێیت."

"دەی کەواتە خوا حافیز. ڕۆژێکی خۆش!"

"بۆ تۆیش *ئانا*. ئەمرۆ ڕۆژی تۆیە!"



Scanned by CamScanner

# فەرهەنگۆک

ئـ

**ئاردەڵۆک:** هەر شتێک لە ئارد بچێت، ئەو وردە دارەی لە کاتی برِیندا لە ئارد دەچێت.

**ئاهووتە:** بۆشاییی ئاسمان، Space، فضاء

**ئەنجینە:** هێزم، کوتە داری برِدراوە و ئامادەکراو بۆ سووتاندن

**ئەنگرِان:** لەرِادەبەدەر دەوڵەمەند

**ئیما:** ئاماژەکردن بە دەست، سەر یان رِووخسار

ب

**بابۆڵە:** لەفە

**باسترمە:** گۆشتی لێنراوی لە رِیخۆڵە ئاخنراو

**باشقە:** مۆدێل، ئەوەی دەبێتە بنەما و نموونەی جۆری دیکە

**بانسرووشتی:** Supernatural

**بوورە:** زەویی نەکێڵراو (زەویی کێڵراویش پێی دەگوترێت وەرد)

**بۆز:** ماشوبرنجی، تێکەڵەی رِەش و سپی

**بەترەف:** بەهەدەردان

**بەرتەنگەترسیّ:** ترسان لە شوێنی تەسک و داخراو، claustrophobia

**بەرجەوەند:** دیمەنی بەرچاو، منظرة

**بەردپیلکانێ:** یارییەکە کە بەردی تەخت بەسەر رِووی ئاودا دەوەشێنرێت و بەردەکە تا مەودایەک بەسەریدا دەرِوات.

**بەرزەفت:** کۆنترِۆڵ، controll

**بەرکەش:** سینی

**بەرِەزم:** رِێتمدار

**بەژا:** هاوتەمەن

**بەیار:** بوورە، زەویی نەکێڵراو

پ

پاشەنیا: خەزنکردن، save

**پێتاوگ:** پێڵاوی چەرمین

ت

**تاتەبەرد:** بەردی تەخت کە بۆ بەردرِێژکردنی رِارِەوی نێو باخچەو حەسار بەکار دێت.

**تاخورک:** ئەو گالیسکەیەی چەرخی نییە و بەسەر بەفردا رِادەکێشرێت.

**تازی:** عەرەب

**تازیاری:** امتیاز

**تاین:** گۆرِین، فڵانی، یارۆ

**ترشەزیّ:** ئۆکسجین

**تیرێژ:** تیشکی خۆر

Scanned by CamScanner

**ج**

**جووقەوار:** هەرچییەک زیندوو بێت، ذي الروح

**چ**

**چەل:** جار

**چەلان:** جاران

**خ**

**خزۆکە:** ئەو کانزایەی خلیسکێنەی سەر بەفری پێ دەکرێت.

**خوورەزم:** لێزمە، لە "خوڕ" جیایە.

خوڕ: تۆزمی خێرای ئاوە

**خوست:** کەمترین بزوتن

**خۆزایی:** نظري، innate

**خێو:** ساخۆ، خودا، خاوەن

**د**

**دوارد:** تەیچی، مقەست

**دووزەنە:** مرزنس، سیستەم، System

**دێرانە:** توانایی جێگەبوونەوە

**ڕ**

**ڕووتەنک:** شفاف، Transparent

**ڕێگای شیری:** کاکێشانیکە، درب التبانة، The Milky Way

**ڕەزم:** ڕیتم

**ڕێوان:** شارەزای ڕێگە

**س**

**ساردین:** سەلاجە، ثلاجة، refrigerator

**سارە:** سۆزی، سبەینێ

**سۆزی:** سارە، سبەینێ

**سەنگیا:** پشتیی گەورە

**سیاهە:** لیست

**ش**

**شۆفاری:** سیخوڕی، جاسوسي

**شەوسان:** قاعە، هۆڵ

**شیرنۆکە:** گیایەکی هەمیشەییە تا مەترێک بەرز دەبێت، گوڵ و سەرلقەکانی بۆ دەرمان دەشێن.

**شینکی:** ڕەساسی

**ف**

**فیزماڵک:** بە خێرایی و بە دزییەوە ڕۆیشتن تا کەس هەستت پێ نەکات

**ق**

**قاقڕ:** زەوییەک کە گیا و ڕووەکی تێدا سەوز نەبێت.

**قۆڕی:** Iguana، حربا (ئەو گیانەوەرە خشۆلەی کە بەسەر هەر شتێکدا بڕوات، ڕەنگی ئەو شتە دەگرێت.)

**قەمارە:** فارگۆنی شەمەندەفەر

**ک**

**کاتکۆ:** ساعة، Hour

**کاکیبەکاکی:** زۆر پان و بەرین

Scanned by CamScanner

**کۆپارە:** دووگەڵەی دەرپەڕیوی پشتی وشتر

**کۆک:** توقیت

**کۆنگرە:** بورج، تاوەر

**کەتوار:** واقع

**کەتوارەکی:** واقعي

## گ

**گاهەس:** ڕەنگە، لەوانەیە

**گزۆر:** تەواو و بێکەموکوڕی، کامل، perfect

**گلێربوونەوە:** گردبوونەوە، خڕبوونەوە، کۆبوونەوە

**گۆڕین:** یارۆ، فلانی، تاین

**گەرمۆکە:** کالۆری، Calory

**گەرەویلک:** وشەگ، گوێڕەش، جۆرێک پشیلە کێوییە کە کەوڵی نەرم و زۆر بەنرخە.

**گەمیە:** کەشتی

**گەوگەو:** ئەڵقەئەڵقە

**گەوەزن:** گاکێوییە، لەشێکی زل و جووتێک شاخی زلی لولقی هەیە. لەو جۆرەیە کە تاخورکەکانی بابا نۆئێل ڕادەکێشن.

**گێج:** دەور

## ل

**لاپرەسەنی:** کونجکۆڵی: فضولي

**لاتاو:** توانج، تەشەر

**لووتوبزووت:** لەپڕ، لەناکاو، لە هیکەوە

**لەگوێن:** مینا، وەکوو، چاوا

**لیپاولیپ:** دارماڵ، پڕ، تەژی

## م

**مرۆڤتەوەری:** باوەڕبوون بەوەی مرۆڤ بەرێزترینی ئافرێنراوانەوە و چەقی قورسایی بوونەوەرانە، Anthropocentric

**مێشە:** بێشە، دەوەن

## ن

**ناخودا:** کاپتنی کەشتی

**ناندین:** موبەق، مطبخ

**ناوکەو:** بەشی زەمینیی ژوور، Floor، الأرضية

**ناهی:** هەسارەی ڤینۆس.

**نش:** مفاجأة، سپرایز، surprise

## و

**وردبینەزیندەوەر:** Microorganism

## ھ

**هاژۆر:** شۆفێر، سایەق

**هاماج:** بەرگەهەوا، Atmosphere

**هۆڤییانە:** وەحشییانە

**هەتەر:** جددی

**هەڵاژیان:** ڕاکشان لەسەر لا

**هەڵای:** هێمان، هێشتا

**هێمان:** هەڵای، هێشتا

## ی

**یانەکڵە:** خانیلە، خانۆچکە، کابینە، cabin

Scanned by CamScanner



# JOSTEIN GAARDER

## The World According to Anna

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان

1 571818 180004

نرخ: 2000 دینار

Scanned by CamScanner